# ئیسلامی سیاسی یان بەندیخانەی ئەقڵ



فوئاد سدیق

یەك لە گرفتە هەرە سەختەکانی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە، هەموو راستییەکان تەنها لای خۆی گرد کردۆتەوەو، ئەوەی لەگەڵیدا نەگونجا ئیتر ئەوە مولحیدە کافرە لەرێی خوا لایداوەو ...هتد .لێرەوەیە ئیسلامی سیاسی هیچ بوارێکیان بۆ خەڵك نەهێشتۆتەوە تا بیری لێبکەنەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. هەر عەقڵیەتێکی لەم جۆرەش یەکسەر قاعیدەو بزووتنەوەی تاڵیبان لەبەرچاومان وێنا دەبێت، کە جگە لە خۆیان لایەنێکی دی، گرووپێکی دی،تەنانەت کەسێکی دی قبوول ناکەن .ئەم گرفتە لە تەواوی ئەو وڵاتانەش سەلمێنراوە کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لێ هەبووە، کوردستانی خۆشمان نموونەیەکی زیندووی ئەو عەنتەریاتەیە کە ئیسلامی سیاسی یەك زەڕە کەمتەرخەمی لێنەکرد. ئەو عەلی باپیرو سەلاحەدین بەهادینەی کە ئێستا هەر یەکەیان نوێنەری لایەنێکی سیاسین و سوودیشیان لەو پاشخانە ئیسلامییەی خەڵکی کوردستان وەرگرتووە بۆیە ناوی ئیسلامیشیان بۆ حزبەکەی خۆیان لکاندووە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان نەك هەر بڕوایان بە سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی چارەنووس و مافی مرۆڤ نەبوو، بگرە هەوڵیاندەدا لە لایەك زۆرترین خوێنەر بۆ ئەو ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانەی وەکوو سەید قوتب و دەیانی دیکە دروست بکەن و لەگەڵ نووسینەکانی خۆیان گرێی بدەن و بە گوێی گەنجی کوردی دابدەن تا گیانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە ناخی تاکی کورد دا بچێنن، لە لایەکی تریشەوە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانیان ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە هەمیشە لە بێ ئیرادەکردنی خەڵك و دوژمنایەتیکردنی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) نەك تەخسیریان نەکردووە، بەڵکو بەرنامەو پلانی جۆراوجۆری بەردەوامیان هەبووە،بە جۆرێك تێکەڵییەکی زۆریان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش دروستکردووە بۆ شکاندنی بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد، تا بەهۆی ئەم شکاندنە بگەنە دەسەڵات و ئەزموونی ئەفغانستان لێرە لە کوردستان دووبارە بکەنەوە، بۆیە دەڵێین ئەفغانستان چونکە بەشێکی بەرچاو لەو حزبە ئیسلامیە سیاسیانە بە نهێنی رۆیشتوونەتە ئەوێ و پڕۆڤەی جۆراوجۆریان بینیوە.بۆیە نیازو مەبەستی ئەوان شاراوە نەبووە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆیان هەبێت، ئەگەر زەمینەیان لەبار بێت ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە کۆمەڵی ئیسلامی یان یەکگرتووی ئیسلامی بڕوایان بە سیستەمی پەرلەمانی نییە، بڕوایان بە حکومەتێك نییە فرەیی بێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان دیموکراسیەتیان گەڕاندۆتەوەو بڕوایان بە دیالۆگ نییە.

ئیسلامی سیاسی، عەقڵ و لۆجیکیان لە ژوورێکی تاریکدا قفڵداوە، چونکە لێکدانەوەیەکی دۆگمای حازربەدەستیان هەیە بە جۆرێك ناتوانن و ناشیانەوێت بچووکترین لێکدانەوە لەگەڵ واقیعی نوێدا بکەن.

ئیسلامی سیاسی یان با بڵێین کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانەوێ چیمان فێر بکەن ؟، ئایا خەڵکی کوردستان لە رێگەی یان بەهۆی ئەوانەوە ئاییندارى دەکەن ؟ ئەمە ئەگەر وابێ کەواتە کورد هەر (٢٠) ساڵێکە خواپەرستی کردووە!!، کە ئەمەیان هەر کوفرێکەو تەواوی کۆمەڵگەی کوردییان لێ هەڵدەگەڕێتەوە، چونکە بە فێرۆبردنی (١٤٠٠)ساڵ خواپەرستییانە، ئەگەر بۆ ئەوەشیانە شوێنی زاناو مەلایانی ئایینی بگرنەوەو پێشنوێژیمان بۆ بکەن، لەمەشدا کورد قەبوولی نییە، چونکە ئەوان سیاسەتێکی دیماگۆجیانە دەکەن و هەر رۆژەی گوتارێکی سیاسی بۆ قازانجی حزبەکەیان دەڵێنەوەو هەمیشەش هەوڵیانداوە یەکگرتوویی کورد پارچە پارچە بکەن و ناکۆکی بنێنەوە، وەك ئەو ناکۆکییەی کە ئەمیری کۆمەڵ لەگەڵ رابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی کردی و هێندە خەستی کردەوە بە شێوەیەك ئێستاش کەلێنێکی گەورە نەك لە نێوان دوو بنەماڵە بەڵکو لە نێوان دوو حزبدا هەیە.لەکاتێکدا بە درێژایی (١٤٠٠) ساڵی رابردوودا یەك مەلا لەو کوردستانە شك نابردرێ گوتارەکانی بۆ لەیەك ترازانی خەڵك بووبێ، یان بۆ مەرامێکی شەخسی گوتاری دابێت، بەڵکو هەمیشە رۆڵی پۆزەتیڤیان لە ناو کۆمەڵگەدا هەبووە، بۆیە بە درێژایی ئەو (١٤٠٠) ساڵەو ئێستاش مەلای کوردستان بە چاوی رێزو میهرەوە سەیر دەکرێن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەیە لە ناو خەڵکدا.بۆیە نەك تەنها لەکاتی نوێژکردن لە ریزی پێشەوەی خەڵکن بەڵکو لە هەموو بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ...هتد هەر لە ریزی پێشەوەی خەڵکن.بە پێچەوانەی کۆمەڵ یا یەکگرتوو کە ئەوان جگە لەوەی نوێنەری سیاسی ئەو ئەندامانەی خۆیانن، نوێنەری خەڵك نین و کەسیش ئامادە نییە بیانکاتە پێشنوێژی خۆیانەوە.

# ئەنفلوەنزای هەڵبژاردن و ئەنفلوەنزای میدیاکان و چەند پەیڤێکی پێویست



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆکی کوردستان وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانی دەستنیشانکرد.

کەس نکوڵی لە بایەخی ئەو هەڵبژاردنە ناکات، بەتایبەتی لە کەشێکی جیاواز و هەستیاردا ئەنجام دەدرێ و هەر لیستێکی بەشداربووی هەڵبژاردنەکەش خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی سەنگی جەماوەری خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی کورد نیشان بدات، کەسیش نییە بڵێ من لەگەڵ ئەوەدا کۆك نیم کەبەر لەدەستنیشانکردنی وادەی هەڵبژاردن، چەند رۆژنامە و گۆڤار و سایتێك دەستیان بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن کرد، دواتریش کێرڤی ئەو پروپاگەندەیە هاتە خوار و سەیرەکەش لەوەدایە! ئەوانەی ئەو پرۆپاگەندەیان دەکرد ئەو رۆژنامە و گۆڤار و سایتانە بوون کە خۆیان بە ئازاد دەزانن، لەمەشدا رووی راستەقینەی خۆیان بەدەرخست و هەر مرۆییەکی ئاسایی ئەگەر موتابەعەی ئەو نووسینانەی کردبێ دەزانێ کە ئەو نووسینانە لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵان و چۆن هەوڵیان دەدا بەو نووسینانەیان خەڵك بە هەڵە ببەن و چەواشەیان بکەن و نائومێدی لەدڵی هاووڵاتیان بچێنن، وەك بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و بێ بنەما و دروستکردنی گومان لەلای خەڵکی، کە گوایە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە هەر وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشوو تەزویر و ساختەیان تیا دەکەوێ، یان ئەمەریکا لەسەرکردایەتی ئێستای کورد نارازییە و گەیشتۆتە رادەی نیگەرانی، بۆیە نیازی وایە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بکات و بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستەش پشتگیری لە فڵانە لیست دەکات و بە هەموو قورساییەکی خۆیەوە هاریکاری دەکات، ئەمە و چەند زانیارییەکی تر کە هەر هەموویان دەچنە خانەی چەواشەکاری، تاکار گەیشتە ئەو رادەیەی خەڵکانێك بەناوی چەند گرووپەوە نامە ئاراستەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بکەن و داوا لە ئۆباما بکەن کە رێ نەدا تەزویر و ساختەکاری لەو پرۆسەیەدا بکرێ، یانیش نوری مالیکی پۆلیس و سەربازی حکومەتی ناوەندی بنێرێ بۆ ئەوەی ئەمنیەتی هەرێم بپارێزن.

من یەك پرسیار لەو میدیایانە دەکەم و دەڵێم: ئایا نوری مالیکی هی ئەوەیە ئێوە پشتی پێ ببەستن تا ئەو داواکارییەی لێ بکەن؟ هەموومان دەزانین هەڵوێستی مالیکی بەرامبەر بە مافە رەواکانی گەلی کوردستان چۆنە و چۆنیش ئێستا هێزێکی وەکو فیرقەی ١٢ی هێناوەتە کەرکووك بۆ ئەوەی ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێك بگۆڕێ کە لەو پارێزگایەدا ئەنجام دەدرێ.

ئایا لە رووی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان پەنا بردنە بەر کەسانێکی وا هەنگاوێکی دروستە؟ ئەگەر دروستە کەواتە بۆ گلەیی لەو خەڵکانە دەکەن کە کاتی خۆی لەگەڵ سەددام کاریان دەکرد؟بۆ هەر لە ئێستاوە ئەو هەڵبژادرنە بە هەڵبژادنێکی ناشەفاف لەقەڵەم دەدەن و بەمەش خزمەتی ئەو رەوتە دەکەن کە دژایەتی گەلی کوردستان دەکات، وەك ئەوەی کە لە پارێزگای نەینەوا روویدا و تائێستا چارەسەر نەکراوە، سەنگی هەر تاکێکی کورد لەناو میللەتەکەی خۆی قورسە، نەك لەلای ئەو کەسانەی کە ئیدیعای عروبایەتی دەکەن، ئەمرۆ بۆکارێکی وا هەندێ لایەن ئیستغلال دەکرێن و سبەش پشتیان لێ دەکرێ، ئایا ئەو کەسانە حیسابی ئەوەیان کردووە کە سبەی رۆژ بەرامبەر ئەو کارەیان بە چ روویەك سەیری میللەتەکەیان دەکەن؟

میدیا هەیە هەواڵی وای بڵاوکردۆتەوە کە گوایە زۆربەی خەڵکی فڵانە شار دەنگ بە فڵانە لیست دەدەن، یان لەو هەڵبژاردنەدا ئەستێرەی بەختی پارتی و یەکێتی دەکوژێتەوە..! یانیش بارودۆخی ناوەکی و ئیقلیمی و جیهانی وا گۆڕاوە لە قازانجی معارەزە هەیە کە ئەوانیش دەنگ بەو دوو حزبە نادەن و گوایە بەپێی راستییە فەرمییەکانیش کە لەلایەن ئەمەریکییەکانیشەوە کراوە دەردەکەوێ هەر دوو حزب دەیدۆڕێنن و تەنیا شتێك هەبێ پشتی خۆیانی پێ ببەستن تەزویرکردن و بەشداری نەکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی بۆشاییەکانیان پڕ بکەنەوە. هەتا یەکێك وای بڵاوکردۆتەوە کە گوایە لە هەموو حزبەکان نیگەرانتر لەو هەڵبژاردنە پارتییە و واش شی دەکاتەوە کە ئێستا پارتی لە کوردستان دەسەڵاتی یەکەمی هەیە و ئەمجارەش دۆڕاوی سەرەکی دەبێت.

من پێم سەیرە کە میدیایەك یان نووسەرێك پێشوەخت بڕیار لەسەر ئەنجامی هەڵبژادرنەکە بدات، ئایا ئەمە ناچێتە خانەی چەواشەکردنی خەڵك، باشە ئەو داتایانە چین کە ئەو میدیایانە یان ئەو نووسەرانە پشتی خۆیانی پێ دەبەستن تا بێن و هەواڵی وا بڵاوبکەنەوە؟ جوامێرێك لە نووسینێکیدا دەڵێ: تائێستا خەڵکی وای زانیوە ئەمەریکا و باری نێودەوڵەتی لە پشت ئەو دوو حزبەیە، بەڵام ئێستا دەرکەوت وا نییە و معارەزەش نەیتوانیوە تەواوی ئەو هەقیقەتە بگەیەنێتە خەڵکی سادە...!

من نازانم ئەو خەڵکە معاریزانە کێن کە نووسەر ناویان بە معارەزە دەبات؟ ئایا هەر ئەو معارەزانە بەشێك نەبوون لە دەسەڵات ؟ بۆ کاتێ لە دەسەڵات بوون نقەیان نەدەکرد و ئێستا دەستیان بەو نقەیە کردووە، بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی لە دەسەڵات دەرچوون؟ بۆ ئاگاداری ئەو نووسەرە و نووسەرانی تر تاکە تێبینیەکی ئەمەریکا یان هەر لایەنێکی دیکەی

**تاکە تێبینیەکی ئەمەریکا یان هەر لایەنێکی دیکەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر سەرکردایەتی کوردی هەبێ پێداگیریەتی لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك و دەڤەرەکانی دیکە و جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی(١٤٠)ە**

نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر سەرکردایەتی کوردی هەبێ پێداگیریەتی لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك و دەڤەرەکانی دیکە و جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی (١٤٠)ە. ئایا هەڵوێستێکی وا دەبێ پشتگیری لێ بکرێ یان دژایەتی بکرێ، ئەگەر تۆ کوردی دەبێ شانازی بەو جۆرە هەڵوێستە بکەیت، نەك بانگەشەی ئەوە بکەیت کە معارەزە نەیتوانیوە ئەوە بۆخۆی ئیستغلال بکات..!

میدیا هەیە کە خۆی بە ئازاد دەزانێ دەڵێ: پێش ئەوەی وادەی هەڵبژاردن دیاری بکرێ پارتی و یەکێتی دەستیان بە شاڵاوی راگەیاندن کردووە.

ئیتر ئەو میدیایە لە خۆی ناپرسێ کەکێ بەفیعلی دەستی بەشاڵاو کردووە؟ ئایا پارتی و یەکێتی یان لایەنێکی دیکە؟ مانشێت و هەواڵەکانی ئەو لایەنە رۆژانە دەخوێندرێن کە هەر هەموویان دەکرێ بیانخەینە چوارچێوەی شکاندنی بەرامبەر و گوایە حکومەت لە ئاست پرسی کەرکوکدا هیچی نەکردووە، مەبەستیشی لە حکومەت پارتی و یەکێتییە، یان گەندەڵی تەشەنەی کردووە بەبێ ئەوەی ئاستی ئەو گەندەڵییە بە دیاری بکرێ، یانیش پارتی و یەکێتی یاری بە موقەدەراتی خەڵکی دەکەن لە دیارکردنی رۆژی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن..! حەیف و مخابن کە ئاستی نووسین و ئاستی ئەو میدیایانە بگاتە ئەو رادەیە، سەرکردایەتی کوردستان قەت رۆژێك لە رۆژان لە هەڵبژاردن نەترساوە و لێشی ناترسێ، ئایا هەر سەرۆك بارزانی نەبوو لە ئاداری ١٩٩١ و رێك لە کۆیە بانگشەی بۆ هەڵبژاردن کرد؟ ئەوەی لە هەڵبژاردن بترسێ بانگەشەی بۆ ناکات وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین.

لە راستیدا من تەنیا گلەیی لەو میدیانە ناکەم، بەڵکو گلەیی لە خاوەن ئەو ئەولایەنانەش دەکەم کە ئێستا سایت و رۆژنامە و تەلەفزیۆنیان هەیە، کە نەدەبوایە بە هیچ شێوەیەك پەنا ببەنە بەر ئەو جۆرە نووسینانە، بۆ ئاگاداری خاوەنی یەکێك لەو لایەنانە دۆستێکی منە و چەند جار بەر لە دامەزراندنی دەزگایەکەی پرسی پێکردووم کە چ باشە بیکات بۆ ئەوەی دەزگایەکەی سەرکەوێ، منیش وەك دۆستێکی هەندێ پێشنیارم خستەبەر دەستی و ئەوکات زۆر بەبایەخەوە وەریگرتن، بەڵام بەداخەوە هەندێ میدیا کە خۆیان بە نزیکی ئەو دەزانن خەریکە زیان بە لایەنەکەی بگەیەنن، کە هەقە ئەو دۆستەی من ئەو بوارەیان پێ نەدا و خۆی بپارێزێ.

**ناکرێ تۆ بێی و هەموو کارە چاکەکانی حکومەت لە پێش چاوی میللەت رەش بکەیتەوە و بڵێی ئەو حکومەتە هیچی نەکردووە**

نەك هەر ئەوە و بەس، بەڵکو من لەگەڵ ئەو نووسینانەشدا نەبووم کە لە دژی نووسرابوون، راستە ئەو نووسینانە وەکو کاردانەوەیەك بوو بۆ ئەو نووسینانەی کە دژ بە پارتی و یەکێتی بڵاو دەکرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبووایە بەو تۆخییە بێ، ناکرێ تۆ بێی و هەموو کارە چاکەکانی حکومەت لە پێش چاوی میللەت رەش بکەیتەوە و بڵێی ئەو حکومەتە هیچی نەکردووە، من ناڵێم کەموکوڕی نییە، بەڵام کە تۆکارە خراپەکانی حکومەت بڵاو دەکەیتەوە، پێویستە کارە چاکەکانیشی بڵاو بکەیتەوە، هەموو کەس دەزانێ

بەر لە راپەڕین دهۆك چۆن بوو، ئێستاش چۆنە، هەموو کەسێکیش دەزانێ هەولێر چۆن بوو، ئێستاش چۆنە، هەر وا سەبارەت بە سلێمانیش کە بەپێی زانیاریم خەریکە حکومەت پلانێکی هەمە لایەنەی بۆ دادەنێ بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی و خزمەت گەیاندن بە هاووڵاتیانی هەروەها گەرمیان کە ئێستا دوو سەد ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە .

من بەرگری لەکەس ناکەم و عادەتیشم نەبووە بەرگری لەکەس بکەم، یان ستایشی بکەم، بەڵام ئەمە هەقیقەتە و پێویستە بگوترێ.

لە کاتی شەڕی ناوخۆدا هەر هاوار هاوار بوو کە پارتی و یەکێتی پێك بێن و بە زووترین کات ئاسەواری ئەو شەڕە بسڕنەوە و رووش لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی بکەن، کەچی ئەمڕۆ پاش ئەو پێکهاتنە ئێستا هاوار هاواریانە کە ئەم بەیەك لیستە دابەزینەی پارتی و یەکێتی تەسکردنەوەی مەوادی دیموکراتییەتە لە کوردستان.

وەرە مرۆ شێت نەبێ، باشە بۆ ئەوکات واتان دەگوت و ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە، ئەگەر مەبەستتان یەکڕیزی میللەتە، دەفەرموون چۆن دەستخۆشیتان لە هاوپەیمانێتی تر کرد، دەستخۆشی لەو هاوپەیمانییەتەش بکەن کە هەموو ئایندەی گەلی کوردستان پێی گرێدراوە، بە حوکمی ئەوەی دوو سەرکردەی ناسراوی گەلەکەمان سەرکردایەتی دەکەن و گشت وڵاتانی جیهانیشی مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو سەرکردیە دەکەن، باشە کە تۆ نیازی گۆڕینی ئەو دوو سەرکردەیەت هەیە، خۆدەبێ حیسابیش بۆ ئەوە بکەیت کە ئەو وڵاتانە پاش ئەو سەرکردەیە مامەڵە لەگەڵ کێدا دەکەن، باوەڕ ناکەم پاش ئەو سەرکردەیە، کەسێك هەبێ لەسەر ئاستی جیهان بە قەت ئەو دووانە ناسراوبێ کە ئەسڵەن ئەگەر دەریشچێ ئەو وڵاتانە ئامادە نەبن مامەڵە لەگەڵیدا بکەن، کەواتە لەو بارەدا تەنیا لایەن کە زەرەرمەند دەبێ میللەتە، من حەز دەکەم هەر هاووڵاتییەکی کوردستان بەر لە نواندنی هەر هەڵوێستێك ئەم هەقیقەتە بخاتە پێش چاوی خۆی.

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێ لەسەری بدوێم ئەو هەواڵەیە کە هەندێ لە میدیاکان بڵاویان کردبۆوە کە گوایە دوو کەس، یەکێکیان لیستێك بەناوی بارزانیان دروستکردووە و ئەویتریان کە ئەندام مەکتەبی سیاسی حزبێکە و ئێستا لێی عاجزە، گوایە ئەویش پاش راگەیاندنی لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکە هەڵوێستی خۆی یەکلا دەکاتەوە.

ئەوەی راستی بێ من بەو دووعایەش ناڵێم ئامین، چونکە هەر کەسێك ئیدیعای ئەوەبکات کە ئەمە لیستی بارزانییەکانە بە هەڵەدا چووە، چونکە بارزانییەکان لەوە زۆر گەورەترن کە ئەو بێ و بەو شێوەیە بیانخاتە بەرباس، ئەرێ ئەو کەسە پێم ناڵێ تا ئێستا لە کوێ بووە؟ کەی ئەو لەگەڵ ئێش و ئازاری بارزانییەکاندا بووە؟ ئەو کە ئامادەنەبێ لە رۆژی تەنگانە لەگەڵیاندا بێ و رووبکاتە هەندەران و لێیان دابڕێ، ئیتر دەبێ بە چ چاوێك سەیری بکەن؟

بەداخەوە ئەو مەسەلەیە لە میدیاکان زۆر گەورەکراوەتەوە و زیاتر لە قەوارەی خۆی (ئەمە ئەگەر ئەو قەوارەیە بوونێکی فیعلی هەبێ) بایەخی پێدراوە، هەتا ئەو لایەنەی کە شتی وای بڵاوکردۆتەوە باش دەزانێ کە ئەو کەسە خاوەنی یەك نەفەریش نییە، بەڵام بۆ شەوشەرە و چەواشەکردنی خەڵك پەنای بۆ دەبات.

سەبارەت بە ئەندام مەکتەبە سیاسییەکەش کە دۆستێکی خۆمەوە پڕ بە دڵ خۆشم دەوێ و هەمیشە رێزێکی تایبەت لە نێوانماندا هەیە و هەردووکیشمان موتابەعەی نووسینی یەکتر دەکەین، ئەوا بەراشکاوییەوە دەڵێم:

من ئەگەر ئەو دۆستەی خۆم ناسیبێ قەت لەو خەتەی خۆی لانادات، چونکە سیاسەتکارە و لەو گەمانە ئاگادارە کە لە پشت پەردەکاندا ئەنجام دەدرێن و زۆر بە وردیش شارەزای واقیعی سیاسی کوردستانە و زۆر باشیش دەزانێ کە چۆن هەڵسوکەوتێکی دروست لەگەڵ ئەو واقیعەیدا بکات.

بوونی راوبۆچوونی جیاواز شتێکی ئاساییە، بەڵام نابێ ئەوە کار بکاتە سەر ئەو پرەنسیپەی کە ساڵانێك خەباتی بۆ کراوە و خەباتی ئەو دۆستەی منیش کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات و ئێستاش لەو باوەڕەدام کە هەڵوێستی هەر لەگەڵ هەڵوێستی حزبەکەی خۆیدا دەبێ.



# ئیسلامی سیاسیی
# و
# بەندیخانەی ئەقڵ

**ئەقڵی بەندکراو بێجگە لە ملکەچبوونی بۆ تیرۆرو توندوتیژی بەرهەمێکی دیکەی نییە**

**هەموو حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش بۆ ئەوەیە دەسەڵات وەربگرن وحکومەتی مەدەنی برووخێنن**

**ئەقڵی ئەو موسڵمانە کوردەی لە ناو ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەند دەکرێت و کۆمەڵی ئیسلامی دەبێتە بەندیخانەی ئەقڵە ئازادەکانی موسڵمانی کورد، دەشبێتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی**

برنارد لویس بیرمەند وتۆژەری ئەمریکی کە بە هاوبەشی لەگەڵ بیرمەندی عەرەبی ئیدوارد سەعید کتێبی (الاسلام الاصولی فی الوسائل الاعلام الغربیه من وجهه النظر الامریکیه) یان نووسیوە و لەبەشی یەکەمدا بەناونیشانی (جذور السخط الاسلامی) واتە رەگی بێئومێدی ئیسلامی ئسولی، بۆ پێناسەکردنی حکومەتی مەدەنی و رێگەنەدان بە تێکەڵنەکردنی ئایین وسیاسەت،وەك پرانسیپێك بۆ دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی، ئاماژە بە قسەیەکی تۆماس جیفرسۆن سەرۆکی سێیەمی ولاتە یەکگرتووەکان دەکات کە گوتویەتی (لە حاڵەتی تێکەڵکردنیان(واتە ئایین وسیاسەت) حکومەتی مەدەنی بوونی نامێنێت،لە حاڵەتی جیاکردنەوەیان، حکومەتی مەدەنی دەژێتەوە) پرسیار ئەوەیە ئایا تەنها جیفرسۆن ئەم قسەیەی کردووە، برنارد لویس دەڵێت نەخێر،ئەم چەمکە پێشینەیەکی دوورتری لە جیفرسۆن هەیە،پێشتر هەریەك لە سپینۆزا، جۆن لۆك و فەیلەسوفەکانی چەرخی رۆشنگەریی ئاماژەیان پێکردووە،بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم دەوڵەت بووە،کە هێزی یاسای بەم چەمکە داوە، واتە چەمکی جیاکردنەوەی سیاسیەت وئایین بۆتە یاسا و لە ماوەی دووسەد ساڵی رابردوودا بۆتە پرانسیپێکی واقیعی و رێگە نادات ئایین تێکەڵی سیاسیەت بکرێت، بە مانایەکی دیکە رێگە نادات ئاستەنگ بۆ حکومەتی مەدەنی دروست بکرێت.

برنارد زیاتر لەسەر ئەم چەمکە گرنگە هەڵوەستە دەکات ودەڵێت،ئەگەر چەمکی جیاکردنەوەی ئایین وسیاسەت لەمێژوودا تارادەیەك نزیك بێت و، بگەرێینەوە بۆ نزیکەی ٣٠٠-٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام ئایین وسیاسەت وەك دوو شتی جیاواز مێژووەکەی بۆ سەردەمی دەستپێکی ئایینی کریستیان دەگەرێتەوە و،کریستیانەکان گەراونەتەوە بۆ کتێبی خۆیان(ئینجیل) کە تیایدا هاتووە (ئەوەی بۆ قەیسەرە بۆ قەیسەر، ئەوەشی بۆ خوایە بۆ خوا) واتە ئەوەی پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە، ئەوە دەسەڵاتی کەنیسەیە و ئەوەشی پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، بێگومان دەسەڵاتی دەوڵەتە.هەر بۆیە ئەم دوانە (سیاسەت وئایین) دەتوانین تێکەڵیان بکەین و لێکیشیان جیابکەینەوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە تێکەڵیاندەکەین، دەبێت یەکێکیان ملکەچی ئەوی دیکەیان بێت، واتە یان دەبێت ئایین ملکەچی سیاسەت بێت، یان سیاسەت ملکەچی ئایین بێت، بۆیە هاودژی و ململانێ وپێکدادان لە نێوانیان روودەدات،بەڵام ئەگەر هەریەکەیان سەربەخۆ بوو، لەیەکتری جیاکرانەوە، ئەوە هەریەکەیان سنوورو دەسەڵاتی خۆی بۆدیاریدەکرێت.. هیچیان تێکەڵی ئەوی دیکە نابێت)

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا برنارد لویس مەبەستی ئەوەیە کە ئیسلام بێ بایەخ بکات؟، یان لە رۆڵی ئیسلام کەمبکاتەوە؟ یان وەك دیدوبۆچوونی رۆژئاوا بۆئیسلام و بەو شێوەیەی لە میدیاکان باسی دەکەن، ئیسلام پێناسە بکەن؟ لە وەڵامدا دەڵێین (٢) هۆکار بەڵێی ئەم دووپرسیارە پێچەوانە دەکاتەوە:

١- برنارد لویس ئەم کتێبەی بە تەنها نە نووسیوە، بەڵکو بە هاوبەشی لەگەڵ ئیدوارد سەعید(ئەو ئیدوارد سەعیدەی نوسەری کتێبی ئیستشراقە) نووسیویانە، ئیسلامی ئوسوڵیش واتە عەرەب، چونکە سەرچاوەی هزری ئیسلامی ئوسوڵی جیهانی عەرەبە، ئەمەش واتە ئەگەر برنارد بەو شێوەیە سەیری ئیسلام بکات، واتە سووکایەتی بە عەرەب دەکات، ئیدوارد سەعیدیش لەم حاڵەتەدا، ئەگەر نەشتوانێت قبوڵی نەکات،ئەوا بە هاوبەشی کتێبێکیان پێکەوە نەدەنووسی، بێگومان بۆ راستی ئەم قسەیەشمان، زۆر کەس رەخنەی نەتەوە پەرستی دەدەنە پاڵ ئیدوارد سەعید لەبەر ئەوەی سەرکۆنەی هۆڵۆکۆستی نەرکردووە، هەروەها دوای رێککەوتنی ئۆسلۆ وەك وتەبێژی فەرمی دەسەڵاتی فەلەستینی دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

٢- ئەو دانپێدانانە بیرنارد لویس بە هەقیقەتی گەورەی ئیسلام وەك ئایین دیسان پشتگیری ئەوە دەکات ئەو مەبەستەی نەبووە،برنارد بەمشێوەیە پێناسەی ئایینی ئیسلام دەکات:(ئیسلام یەکێکە لە گەورەترین ئاینەکانی جیهان،رێگەم بدەن وەك مێژوو نووسێکی غەیرە موسڵمان ئەوە روونبکەمەوە مەبەستم لەم پێناسەیە چی یە؟برنارد بەمجۆرە مەبەستەکەی خۆی روونەکاتەوە:

أ- ئیسلام ئیسراحەت ودڵنیایی بە ملیۆناها ژن وپیاوی ئەم جیهانە بەخشیوە.

ب- مانای بە ژیان بە خشیوە.

ت- گەلانی لە ئەتنی جیاواز فێرکردووە،کە وەك برا پێکەوە بژین.

ث- لێبوردەیی وپێکەوەژیانی لە نێوان نەتەوە وئاینە جیاوازەکان دروستکردووە.

کەواتە برنارد دوای ئەم وەسفەی بۆ ئیسلام وەك یەکێك لە گەورەترین ئایینەکانی جیهان،دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، پێویستە ئیسلام وەك ئایین تێکەڵی سیاسەت نەکرێ، لەبەر ئەوەی کاتێك ئایین تێکەڵی سیاسەت دەکرێت،ئەوا بەها جوانەکانی ئایین کە لە بنەرەتدا دەبنە ئامانج بۆ مرۆڤایەتی، واتە ئامانجی مرۆڤایەتی ئەوەیە، ژیان مانایەکی هەبێت، واتە ئامانجی مرۆڤایەتی ئەوەیە لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و برایەتی هەبێت، ئامانجی مرۆڤیش وەك تاك ئەوەیە کە بە ئیسراحەت ودڵنیایی بژی، ئەمانە کە تێکەڵی سیاسەت کران و بوون بە سیاسەت، ئەوا لە ئامانجەوە دەبنە هۆکار و لەلایەن حزبە ئیسلامیە سیاسیەکانەوە(بە هەردوو رەوتی جیاواز ەوە) بە کار دەهێنرێن بۆ ئامانجێکی دیکە، کە ئەو ئامانجەی دیکە مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدا دەکرێتە هۆکار بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیی، کە ئەویش شەڕی دەسەڵات و رووخاندنی حکومەتی مەدەنیە، بۆ دروستکردنی حکومەتێکی ئایینی، بەمەش پیرۆزی ئاینەکە دەگۆڕن یەکەمجار بۆ پیرۆزی حزبەکانیان و دواتر بۆ پیرۆزی ئەو حکومەتانەی کە حزبە ئیسلامیە سیاسیەکان دەیگرنە دەست، کە حزب و حکومەتیش پیرۆز کران، واتەئەو حزب و حکومەتە ئیرادەی خوا جێبەجێدەکات،دەبێت هەموو تاکەکانیش یەکەمجار ملکەچی ئیرادەی خوا بن وەك بەندەی خوا، دووەمیش ملکەچی ئەو حزب وحکومەتە بن کە ئیرادەی خوا جێبەجێ دەکات، واتە بەندەی ئەو حزب وحکومەتە بن، رێگە نەدەن هیچ شتێکی دەرەوەی ئایدۆلۆژیەتی ئەو حزبە تێکەڵاوی ئەو حزبە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو حزبە بەرنامەکەی بەرنامەی خوایە و لەدەرەوەی ئەم بەرنامەیە کوفر وئیلحادە،

ئەمەش واتە ئەو حزبە سەرچاوەی هەموو هەقیقەتێکە،لەدەرەوە ئەم حزبە هیچ هەقیقەتێك نییە، بۆیە ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیە ئیسلامیەکە یەکەمجار دەبێتە بەندیخانە بۆ بەندکردنی ئەو ئەقڵانەی، کە کردوونی بەبەندەی خۆی، دوای ئەمەش هەوڵدەدات، بیکاتە بەندیخانە بۆ ئەو ئەقلانەی بەرامبەر کە دەیانگرێت، یان دەیکاتە گۆڕستان بۆ ئەو ئەقلانەی کە تەسلیمی ئیرادەی سیاسیی ئایدۆلۆژیەتی ئەو حزبە سیاسیانە نابن، کە ئایینی ئیسلام وەك هۆکار بۆ ئامانجی سیاسیی گرووپێك بەکار دەهێنیت، ئەم حاڵەتە، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئایا هەموو حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان یەك شێوەن؟ ئێمەش دەڵێین نەخێر، بەڵام هەموو حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش بۆ ئەوەیە دەسەڵات وەربگرن وحکومەتی مەدەنی بڕووخێنن. پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا هەموویان بروایان بە توندیژی هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین وەك بڕوا بەڵێ هەموو بزاڤە سیاسیە ئیسلامیەکان بڕوایان بە توندوتیژی هەیە، بەڵام ئەوانەشی کە پەنا بۆ توندوتیژی نابەن، بە ئاشکرا سەرکۆنەی توندوتیژی ناکەن. ئینجا ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا دەکرێت یەك شرۆڤە بۆ هەموویان بکەین؟ دیسان دەڵێین بەڵی، لەبەر ئەوەی یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام ئێمە لەم راپۆرتە بەجیا باسیان دەکەین،هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کوردستان بە ٢ شێوازی جیاواز سەر لە موسڵمانی کورد تێکدەدەن.بۆیە لەم راپۆرتە بە ٢ شێوازی جیاواز باسیان دەکەین، دەمانەوێت خوینەرانی گوڵان لەم راپۆرتەدا لەو راستیە تێبگەن،بۆچی ئەقڵی ئەو موسڵمانە کوردەی لە ناو ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەند دەکرێت و کۆمەڵی ئیسلامی دەبێتە بەندیخانەی ئەقڵە ئازادەکانی موسڵمانی کورد،دەشبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لە راپۆرتی دووەمیشدا دەمانەوێت خوێنەرانی گوڵان لەو راستیە تێبگەن،بۆچی ئەو ئەقڵە ئازادانەی موسڵمانی کورد کە لەنێو ئایدۆلۆژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی بەند دەکرێت، توندوتیژی بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمدەهێنیت، موسڵمانی کورد لە ئینتمای نەتەوەیی ومێژووی نەتەوەکەی دادەماڵێت؟ بەڵام پێش ئەوەی بێنە سەر هیچ کام لەم دوو مەترسیە و هەوڵدان بۆ رزگارکردنی ئەقڵە بەندکراوەکان و تێکشکاندنی بەندیخانەکان، دەبێت، چەند خاڵێك هەیە ئاماژەیان پێبکەین:

١- جیاکردنەوە و بەرزراگرتنی ئایینی ئیسلام وەك ئایینی هەزار ساڵەی زۆربەی گەلی کوردستان بە گشتی وگەلی کورد بەتایبەتی، لەگەڵ ئەو حزبە ئیسلامیانەی وەك کۆمەڵی ئیسلامی ویەکگرتوویی ئیسلامی، کەیەکەمیان درێژکراوەی وەهابیزمن(واتە ئەو مەزهەبەی بن لادن لە ئەفغانستان شەری مرۆڤایەتی پێدەکات) دووەمیشیان درێژکراوەی ئەو ئیخوان موسلمینەی میسرە، کە ئاساییە بە لایانەوە هەموو شتێك بکەن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، هەربۆنموونە تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بەردەوام خەڵك هاندەدات دژی رۆژئاوا وئەمریکا بن، ئەمریکا ورۆژئاوا وەك دوو سیستەمی نا ئەخلاقی پیشانی موسڵمانی کورد دەدەن، هەر خۆشیان بەدزی وبە ئاشکرا مامەحەمەیی بۆ ئەمریکا دەکەن، پارە لەم دەوڵەتی دراوسێ ولەو دەوڵەتی کەنداو(کە ئەو دەوڵەتانە هاوپەیمانی ئەمریکان) وەردەگرن بۆ ئەوەی شەری میللەتی خۆیانی پێبکەین.ئێمە لەم راپۆرتە پێمان وایە ئیسلام بێجگە لە رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی شتێکی دیکە نییە، بۆیە ئەوەی لەم حزبانە دەیبین ئەوەیە هەوڵدەدەن ئیسلام وەك رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی بگۆڕن بە غەزەب بۆ میللەتی خۆیان، ئەمەش نەك هەر لادانە لە ئیسلام بەڵکو گواستنەوەی پیرۆزی ئیسلامە بۆ حزبێکی سیاسیی کە ئەم گواستنەوەیەش چاوەڕێی هەموو کارێکی خراپی لێدەکرێت.بۆیە نابێت پیرۆزی ئیسلام بە فەسادی ئەو حزبانەی بەدەستی دەرەکی لە کوردستان دروست بوون، تێکەڵ بکرێن.

٢- ئەم راپۆرتە هەوڵدەدات،ئەو موسڵمانە کوردانەی لە پێناوی بەرزراگرتنی ئایینی ئیسلام پەیوەندیان بەو پارتە ئیسلامیانەوە کردووە،لە بنەڕەتدا هەڵخەڵەتێنراون کە دواتر ئەمە بە وردی روونەکەینەوە،بەرنامەو رێبازی ئەو حزبە بەناو ئیسلامی سیاسییانە ئەوەیە راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت خەڵکی خۆیان رادەسپێرن دژی نەتەوەکەی خۆیان سیاسەت بکەن لە ژێر ناوی پیرۆزی ئیسلامدا، بۆ ئامانجێکی دەرەکی هەڵیان بخەڵەتێنن، ئەم راپۆرتە بەو جۆرە سەیری ئەو موسڵمانە دەکات، وەك چۆن ئۆدێب بە کوشتنی باوکی تاوانبار ناکرێت، ئەوانیش بەو شێوەیە تۆمەتبار ناکرێن کە نازانن ئەم رێگەیە بەرەو کوشتنی نەتەوەی خۆیان دەبات، واتە راستە ئۆدێب لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا باوکی خۆی کوشت، بەڵام ئۆدێب بێ ئاگا بووە، ئەوەی کوشتوویەتی باوکی بووە، بۆیە ئەگەر بیزانیبایە باوکیەتی و باوکیشی بیزانیایە ئۆدێب کوڕی خۆیەتی، ئەسڵەن کێشەکە روویندەدا، ئێمە لەم راپۆرتە پێمان وایە ئەگەر شوێنکەوتوویەکی عەلی باپیر یان سەلاحەددین بە هادین بزانن، موسڵمانیەتی کورد کراوە بە هۆکارێك، بۆ ئەوەی ئەو دوانە،دەست ودیاری خۆیانی بۆ بێگانە پێ قورس بکەن، هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەن، بۆیە راستە ئێستا هەوادارانیان وەك ئۆدێب لە کوشتنەکە بەشدارن،بەڵام بەرپرسیاریەتی کوشتنەکە ناکەوێتە سەرشانیان،دەبێت پێش تۆمەتبارکردنیان راستیەکانیان بۆ ئاشکرا بکرێت.

٣- ئەم راپۆرتە بڕوای بەوەیە هەتا ئایدۆلۆژیەتێك.گەلێك، یان مێژوویەك،یان بیروباوەڕێکی ئایینی نەناسین،ناتوانین باسی بکەین، بۆیە هەوڵمانداوە حزبە ئیسلامیە سیاسیەکان بناسین وهەروەها مێژووی موسڵمانیەتی گەلی کوردستان و گەلی کوردیش بزانین، بۆ ئەوەی بتوانین،بەراوردکاری لە نێوانیان بکەین،بەڵام حزبە ئیسلامیەکان هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەو ئەقڵانەی لە بەندیخانەکانی خۆیان بەندی دەکەن، پێش هەموو شت ئایدۆلۆژیەتی حزبەکەی خۆیانی لێ بشارنەوە، دووەمیش مێژوو و ئینتمای نەتەوەیی لەبیری بەندکراوەکانیان ببەنەوە، بۆ ئەوەی وەك کەرەستەی خاو بۆ ئەو مەبەستەی دەیەوێت بەکاری بهێنێت.

٤- ئەم راپۆرتە دەیەوێت بە راشکاوی ئەو پرسیارە لە خۆی و لە خوێنەران و تەواوی موسڵمانانی کورد وکوردستان بکات، ئایا لە کوردستان مەترسیەکان لەسەر ئیسلامن وەك ئایین یان لەسەر کوردن وەك نەتەوە؟ راستگۆیی بەرامبەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر کاری گەورەمان بۆ ئاسان

**ئەو ئەقڵە ئازادانەی موسڵمانی کورد کە لەنێو ئایدۆلۆژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی بەند دەکرێت، توندوتیژی بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمدەهێنیت، موسڵمانی کورد لە ئینتمای نەتەوەیی ومێژووی نەتەوەکەی دادەماڵێت**

**یەکگرتووی ئیسلامی بەردەوام خەڵک هاندەدات دژی رۆژئاوا و ئەمریکا بن، ئەمریکا و رۆژئاوا وەک دوو سیستەمی نا ئەخلاقی پیشانی موسڵمانی کورد دەدەن، هەر خۆشیان بەدزی وبە ئاشکرا مامەحەمەیی بۆ ئەمریکا دەکەن، پارە لەم دەوڵەتی دراوسێ ولەو دەوڵەتی کەنداو (کە ئەو دەوڵەتانە هاوپەیمانی ئەمریکان) وەردەگرن**



دەکات.بابڕیار بدەین راستگۆیانە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: ئایا هەرەشە لە سەر ئایینی ئیسلامە لە کوردستان؟، یان هەرەشە لەسەر ئەو قەوارە سیاسیە کە لە چوارچێوەی پەرلەمان وحکومەت لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە؟، بەراستی ئەگەر بەرامبەر بە دەسنیشانکردنی مەترسیەکان راستگۆ نەبین کارەسات بۆ ئایینەدی خۆمان دروستدەکەین،پرسیاری دیکەی نزیکتر ئەوەیە: ئایا کەرکوك ناوچە دابڕاوەکان بۆیە ناگێڕنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەیە کوردن یان لەبەر ئەوەیە موسڵمانن؟ ئایا دەبێت ئایینی ئیسلام فێری راستگۆیمان بکات یان چەواشەکاری؟ بێگومان ئایینی ئیسلام پلەی راستگۆیی لە دوای پێغەمبەران(د.خ) و شەهیدان دیاری دەکات،هەمووشمان دەزانین چەواشەکاران شوێنی شیاویان لەلای پەروەردگار کوێیە، هەڵبەت دۆزەخە... ئەم راپۆرتە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت هەرەشەکان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیمانە وەك کورد نەك ئایین وەك ئیسلام،ئەوانەشی ئەم راستیە پێچەوانەوە دەکەنەوە، با بفەرموون، ئەوە هەردوولامان و میللەتی خۆمان با دادەوەر بێت لەم کێشەیەدا، بۆیە حزبێکی سیاسیی ئەگەر لەگەڵ میللەتەکەی خۆی راستگۆ نەبێت، ئەوا تەنها میللەت ریسوای دەکات، بەڵام حزبێکی ئیسلامی راستگۆ نەبێت، لەبەردەمی خواو میللەتی خۆیشی ریسوا دەبێت.

### خوێندنەوەیەکی ئەقڵانی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی و مەترسیەکانی لەسەر کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی وپرۆسە دیموکراتیەکەمان

عەلی باپیر کە ئێستا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامە، یان دەبێت ئەوکاتەی کە شەڕی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی دەکرد دژی ئیسلام بوویێت، یان ئێستا دژی ئیسلامە کە بەشداری پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەکات

هەتا ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لە ئایدۆلۆژیەتی حزبە ئیسلامیەکان جیانەکەینەوە،(کە هەر لە بنەڕەتیشدا زۆر زۆر جیاوازن لە یەکدی)نازانین ئایدۆلۆژیەتی ئەم پارتە ئیسلامیانە چ کاریگەریەکی خراپیان بەسەر ئیسلامدا هێناوە، لەناو ئیسلامیشدا نازانین چ سووکایەتیەك بە موسڵمانیەتی گەلێکی وەك گەلی موسڵمانی کورد دەکەن. هۆکاری ئەم زیان گەیاندنەشیان لە پێچەوانەکردنەوە و هەڵسووڕاندنی ئەو بنەماو چەمکانەیە کە بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیان چەواشەی دەکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەفسیری بۆدەکەن، لێرەدا ئەو هۆکارانە بەچەند خاڵێك دیاریدەکەین:

١- عەلی باپیر کە ئێستا دیموکراسی بە حەلاڵ و شەرعی دەزانێت، هەر ئەو عەلی باپیرە بوو، دیموکراتی بە کوفرو ناشەرعی لە قەڵەم دەدا، لەو ماوەیەی کە عەلی باپیر هەڵگەڕاوەتەوە و بە دووشێوە تەفسیر بۆ یەك مەسەلە دەکات، هەموو موسڵمانانی کوردستان وجیهان ئاگادارن، قورئانی پیرۆز هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەر نەهاتووە و هەر ئەو قورئانەیە کە ١٤٠٠ ساڵە پەروەردگار وەك رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، هەروەها لەماوەی گۆڕینی هەڵوێستی عەلی باپیر لە کوفرەوە بۆ حەلال بەرامبەر بە یەك مەسەلە،هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە و هەر پارتی ویەکێتی پێکەوە حوکمڕان بوون،هیچ فەتوایەکی تازە لە جیهانی ئیسلامیش دەرنەچووە، کە بڵێین عەلی باپیر لەبەر ئەو هۆکارە هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە، ئەوەی هەڵوێستی پێ گۆڕیوە، بەرژەوەندی حزبایەتیە و بەکارهێنانی قورئانە بۆ خزمەتی ئەو بەرژەوەندیە، کە ئەمەش کوفرێکی ترە قورئانی پیرۆز بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکان بەکار بهێنرێت.

٢- عەلی باپیر لە هەشتاکان بە (السلام علی من اتبع الهدی) نامەی بۆ مام جەلال نووسیوە، واتە وەك چۆن کاتی خۆی پێغەمبەر(د.خ) نامەی بۆ کافرەکان نووسیوە، هەموو دەزانین، مام جەلال لە هەشتاکان چۆن بیری کردۆتەوە و چ بیروباوەڕێکی هەبووە، لە ٢٠٠٥ یش هەمان بیروباوەر وهەمان مام جەلالی هەشتاکان بووە، بەڵام دوای ئەوەی هەردوو بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق وسەرۆکی هەرێمی کوردستان عەلی باپیریان لە بەندیخانەی ئەمریکیەکان دەرهێنا، عەلی باپیر زۆر سوپاسی جەنابی مام جەلالی کرد و دوعای خێری بۆکرد، واتە لە ٢٠٠٥ مام جەلال موسڵمان بوو لەبەر ئەوەی عەلی باپیری لە دەستی ئەمریکییەکان رزگار کرد، بەڵام لە هەشتاکان مام جەلال سەرکردەیەکی کافر بووە و عەلی باپیر جێنشینی پێغەمبەر(د.خ) بووە، بێگومان مام جەلالی ئێستا و٢٠٠٥ وهەشتاکانیش هەر ئەو مام جەلالەیە کە ئێستا هەیە، بەڵام عەلی باپیرەکە (٢) عەلی باپیرە، ئەگەر مام جەلال لە هەشتاکان موسڵمان بووە،ئەوە واتە عەلی باپیر بوختانی کردووە

**عەلی باپیر کە ئێستا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامە، یان دەبێت ئەوکاتەی کە شەڕی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی دەکرد دژی ئیسلام بوویێت، یان ئێستا دژی ئیسلامە کە بەشداری پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەکات**

**عەلی باپیر کاتێک گوتار دەدات دەیەوێت بە موسڵمانی کورد بڵێت هەموو هەقیقەت لای منە**



و لە ئایینی ئیسلام لایداوە، ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٥ یش هەر مام جەلالەکەی هەشتاکان بوویێت، ئەوا دیسان بوختانی کردووە و لەئایین لایداوە.

## شیکاری ئەقڵانی بۆ مانای هەقیقەت لە ئەقڵی عەلی باپیردا

کاتێک باسی هەقیقەت دەکەین، مەبەست لە ئیدعای تاکە بۆ هەقیقەت، بۆیە کاتێک موناقەشە لەگەڵ عەلی باپیر دەکەین، مەبەستمان ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز نییە کەلە گوتارەکانی بە کاریاندەهێنێت،بەڵکو مەبەستمان ئەو تەفسیر و تەئویلەیە کە عەلی باپیر بۆ ئایەتەکانی قورئانی دەکات و، وەك هۆکارێك بۆ خزمەتی گوتارەکانی خۆی بەکاریدەهێنیت، نەك تەفسیر وتەئویلەکانی بۆ خزمەتی ناساندنی هەقیقەتی ئایەتە پیرۆزەکان بێت، هەربۆیە کاتێك گوتار دەدات دەیەوێت بە موسڵمانی کورد بڵێت هەموو هەقیقەت لای منە، ئەوە هەقیقەتەکانی منە لە قورئاندا رەنگیداوەتەوە، نەك قسەکانی ئەو بەرهەمی قورئانەکە بێت، ئەم جیاکردنەوەیە زۆر خزمەتی ئەم شیکارە ئەقلانییە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر گوتارەکانی عەلی باپیر بۆ سەلماندنی ئەو هەقیقاتانە بێت کە لە قورئاندا هاتوون. دەبینین ئەو هەقیقەتانەی ئەو ئاماژەیان پێدەکات، دەبێت لێبوردەی و راستگۆیی و پێکەوە ژیان وخۆشەویستی بەرهەمبهێنێت،بەڵام هاودژی گوتارەکانی عەلی باپیر وئایەتەکانی قورئان ئەوەیە گوتارەکانی عەلی باپیر توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت، پرسیار ئەوەیە ئایا کەسی ئاقل بروا بەوە دەکات ئایەتەکانی قورئان لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و لە دەوڵەتێکدا ئایینەکەی هیچ مەترسیەکی لەسەر نەبێت توندوتیژی بەرهەم بهێنێت؟،بێگومان مێژووی ١٤٠٠ ساڵ ئیسلام پێمان دەڵێت، ئەو کاتانە تەفسیری قورئان توندوتیژی بەبەرهەم هێناوە، کە هیچ لەو هەلومەرجانەی لە ئەمرۆی هەرێمی کوردستاندا هەن بوونیان نەبووە، واتە نە گەلێکی موسڵمان هەبووە، نە دەسەڵاتێك هەبووە رێز لە ئایینی ئیسلام بگرێت،بۆیە زۆر گرنگە، لەسەر ئەو خاڵە زۆر بەجدی رابوەستین، کاتێك لەو هەلومەرجەی ئێستا کوردستاندا پێیدا تێدەپەرێت، بە شاهیدی شێخی ئەزهەر وەك گەورەترین مەرجەعی ئایینی ئیسلام لە جیهاندا، کە بەرێزی چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە و زیارەتی گڵکۆی بارزانی نەمری کردووە، لە کوردستان نەك هەرەشە لەسەر ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو سەرکردە رۆحیەکەی کە ئیلهامبەری هەموو شۆرش و پارت و بزووتنەوە سەرتاسەریەکانی کوردستانە، شایستەی ئەوەیە شێخی ئەزهەر فاتیحە لەسەر گیانی پاکی بخوێنێ،ئەوەی سەرە واوێك لە قورئان بزانێت تێدەگات ئەمە مانای چییە و ئەوەی جاهیلیش بێت کەیفی خۆیەتی چۆن تێدەگات، هەر بۆیە، هەر موسڵمانێك لە باردۆخێکی بەو جۆرەی ئێستا لە کوردستان هەیە،تەفسیری بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەو ئاراستەیە بێت، توندوتیژی بەرهەمبهێنێت، ئەوە هەر ناوێك لە خۆی بنێت، مونافیقە و ئیسلام نییە، لەم راستیەدا گرنگە موسڵمانانی کورد مونافیق لە موئمین جیابکەنەوە، کە بەشیکاری ئەقلانی ئەم مونافیق و موئمینە واتە، بەرهەمهێنانی ئیرادەیەکی سیاسی دەرەکی کە لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی موسڵمانی کورد بەرهەمهاتووە، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، ئەو مونافیقانەی وەك عەلی باپیر هەقیقەتی قورئان دەکەنە هۆکار بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، هەقیقەت لای ئەوانە، واتە دژی هەموو مێژووی موسڵمانیەتی کورد راوەستاوە و دەیەوێت نەتەوەی موسڵمانی کورد خاوەنی مێژوو نەبێت، لەم حاڵەتەدا بۆ کەسێکی وەك عەلی باپیر زۆر ئاسان وسادەیی دەبێت پەنا بۆ هەموو شتێك بەرێت، بۆچی؟ لەبەر شکاندنی پیرۆزیەکانی لە پیرۆزترین پیرۆزیەوە دەستپێکردووە، کە ئەویش شکاندنی پیرۆزی قورئانی پیرۆزە.

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم بەدوادا چوونە، با خۆمان پێکەوە موناقەشەی ئەقلانی بکەین و بگەرێینەوە بۆ مێژووی باب وباپیرانمان، مێژووی زاناکانمان و پیاوانی ئاینی ئیسلام ومەلا مێزەر سپیەکانی کوردستان و، لە خۆمان بپرسین ئایا مێژووی ئێمە تەنها یەك تەفسیری تێدایە، خیتابی قورئانی بەو جۆرە تەفسیر کردبێت توندوتیژی بەرهەمهێنابێت؟ ئەگەر هەیە با عەلی باپیر ئاقلانە لەسەر ئەو تەلەفزیۆنەی دەوڵەتی دراوسێ بودجەکەی بۆ دابین دەکات بە گەلی موسڵمانی کوردستانی رابگەیەنێت، ئەو تەفسیرەی مونافیقەکان بۆ قورئانی دەکەن و توندوتیژی دەکەنە بەرهەمی قورئان ئەوە بەرهەمی بیرکردنەوەی مونافیقەکانە، سەیرکەن تەفسیری مونافیقەکان میللەت دەخەنە چ دووریانێکەوە:

١- ئەگەر عەلی باپیر مونافیق نەبێت، واتە قورئان توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت

**ئایا کەسی ئاقل بروا بەوە دەکات ئایەتەکانی قورئان لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و لە دەوڵەتێکدا ئایینەکەی هیچ مەترسیەکی لەسەر نەبێت توندوتیژی بەرهەم بهێنێت؟**

**ئەگەر عەلی باپیر مونافیق نەبێت، واتە قورئان توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت و بە ئایەتەکانی قورئان شەریعەت بە توندوتیژی دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا بە شاهیدی گەورەترین مەرجەعی ئیسلامی کە ئەزهەری شەریفە هیچ هۆکارێک نییە لە کوردستاندا پاکانە بۆ توندوتیژی بکات**

و بە ئایەتەکانی قورئان شەرعیەت بە توندوتیژی دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا بە شاهیدی گەورەترین مەرجەعی ئیسلامی کە ئەزهەری شەریفە هیچ هۆکارێك نییە لە کوردستاندا پاکانە بۆ توندوتیژی بکات، کە ئەم هۆکارە نەبوو،ئەو ئایەتە دێتە ئاراوە هەر کەسێك کەسێکی دیکە بەبێ حساب بکوژێت وەك ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێت، کەسێك بەپێی قورئان بە کوشتنی هەموو کەسەکان تاوانبار بێت، سوبحانەڵلا دەبێت لە مونافیق زیاتر چی پێبگوترێت.

٢- ئەگەر عەلی باپیر مونافیق نەبێت، واتە هەموو گەلی موسڵمانی کورد و زانا ئاینیەکانمان بە درێژای ١٤٠٠ ساڵ لە قورئان تێنەگەیشتوون وجاهیلن..لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ئەم مێژووە قورئانیان بەو جۆرە بۆ تەفسیر کردووین، ئەگەر توندوتیژیش هەبێت، قورئان ئەو توندوتیژیە دەکاتە ئاشتی وپێکەوە ژیان، کە قورئان براوە بەرەو پیری دوولایەنی بەشەر هاتوو، لەبەر خاتری قورئانەکە شەرەکە راگیراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە یان بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵ ئێمە وەك گەلی کوردی موسڵمان بەو قورئانە جاهیل بووین و تێنەگەیشتووین، یان عەلی باپیر جاهیلە وتێنەگەیشتووە.

بۆیە پرسیاری ئێمە لە خۆمان وخوێنەرانمان وسەرجەم موسڵمانانی کوردستان ئەوەیە:

أ- ئایا لەبەر خاتری کەسێکی تا سەر ئێسقان دژ بە ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیانی وەك عەلی باپیر بریار بدەین قورئان توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت، یان دەبێتئەو مونافیقە ریسوا بکەین و قورئانی پیرۆزیش بەو بەرزییە بهێڵینەوە کە ١٤٠٠ ساڵە بەرزو پیرۆز بووە؟

ب- ئایا لەبەر خاتری ئەوەی عەلی باپیر بیسەلمێنێت، هەقیقەتی قورئان لە گوتارەکانی ئەودا رەنگدەداتەوە، واز لە مێژووی هەموو زانایانی ئیسلامی کوردستان و تێگەیشتنی ١٤٠٠ ساڵی کورد بۆ قورئان بهێنین؟

**هەر مرۆڤێک بڕوای وابێت خاوەنی هەقیقەتە ئەوا دەبێتە سەرچاوەی هەموو توندوتیژیەک**

**بکەن هەموو حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان بێ جیاوازی ئامانجی سەرەتا وکۆتاییان بێ ئیرادەکردنی هاوڵاتیانی کوردستانە**



## ئەگەر رەخنە لە بەندیخانەی عەقڵ نەگرین شوێنی خۆمان وەك رۆشنبیر بزر دەکەین

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەوەی چۆن رەخنە لە ئەقڵە چەقبەستووەکان بگرین،دەبێت باسی ئەوە بکەین مانای دیلکردنی ئەقڵ وبەندیخانەی ئەقڵ چییە؟

ئەدۆنیس گەورە بیرمەندی عەرەب لە وتارێکیدا کە لە ژمارەی ٤٤ شوباتی ١٩٨٢(مجلە دراسات عربیە) لەبەیروت بەناونیشانی (العقل المعتقل –ئەقڵی دیلکراو)بڵاویکردۆتەوە بەمجۆرە باس لە ئەقڵی دیلکراو وبەندیخانەی ئەقڵ ورۆڵی رۆشنبیر لەو کۆمەڵگایانە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات : (هەر مرۆڤێك برواى وابێت خاوەنی هەقیقەتە ئەوا دەبێتە سەرچاوەی هەمەوو توندوتیژیەك، ئەم بروا بوونەش ئەقڵ دیل دەکات، ئەقڵی خودی مرۆڤەکە و ئەقڵی بەرامبەریش، هەربۆیە هەر مەزندەیەکی لەمجۆرە، وەك پێویستیەك دەبێتە ئەو ئیرادە سیاسیەی پەیوەست دەبێت بە بەکارهێنانی هێزەوە، ئەویش تیرۆر وسەرکوتکاریە).

پرسیاری گرنگ لەسەر ئەم پرسە چۆنیەتی شەرعیەتدانە بەو کارە تیرۆریستیە یان بە بەرهەمهێنانی ئەو توندوتیژیە؟ بێگومان لەبەر ئەوەی کوشتن یان تیرۆرکردنی بەرامبەر لای ئەو کەسەی ئیدعای ئەوە دەکات خاوەنی هەقیقەتە،دەگاتە ئەو ئاستەی ئەم کوشتنە یان بریاری ئەم کارە تیرۆریستیە پێداویستیەکە بۆ پارستنی ئەو هەقیقەتەی لایەتی و لەگەڵیدا دەگونجێت وئەمەش بەشێکە لە ئاشتی و دڵسۆزی بۆ پاراستنی ئەو هەقیقەتە.

لەم باردۆخەدا کە چەمکی سوڵتانی زاڵ دەبێت بەسەر سوڵتانی فکردا، پرسیار ئەوەیە رۆڵی کەسێکی رۆشنبیر یان رۆژنامەنوسان چۆن دیاریبکەین؟،بێگومان بەرەخنەگرتن و ئەنجامدانی تۆژینەوەی رەخنەی بۆ دەستنیشانکردن هەڵەکانی ئەو ئەقڵە دیلکراوە و گەران بەدوای چارەسەر کە ئەویش ئازاد کردنی دیلەکانە. پرسیار ئەوەیە دیلەکان چۆن ئازاد دەکرێن،دەڵێن بەو یاسایەی ئەو ئەقڵانەی پێ دیلکراوە، کەواتە ئەقڵەکان بەیاسایی بەکارهێنانی توندوتیژی دیلکراون یان ئەوانەی تەسلیمی ئەو ئایدۆلۆژیەتە نەبوون، کاری تیرۆریستیان لەدژی ئەنجامدراوە،کەواتە بە یاسایەی ئایدۆلۆژیەتی ئەو حزبانەی یاسای توندوتیژیان پەسەندکردووە، دەبێت هەمان یاسا بەکاربهێنرێت، بۆ شکاندنی بەندیخانەکان بۆ ئەوەی ئاقڵە دیلەکان ئازاد بکرێن،ئەمەش گەوهەری دادپەروەریە، بۆیە هەموو دەوڵەتانی جیهان کاتێك دەیەوێت،ببێتە بەشێك لە شەری دژە تیرۆر، واتە مەبەستێتی بەشدار بێت لە بەکارهێنانی هەمان ئەو یاسایەی تیرۆریستان بەئیرادەی خۆیان پەسەندیان کردووە بۆ ئەوەی بەسەر خۆشیاندا جێبەجێ بکرێت، بەمەش ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێت بەشداریان لە بونیادی دادپەروەری لەجیهاندا هەبێت، هیچ زوڵمێکیش لەو کەسانە نەکراوە کە بەو ئایدۆلۆژیەتەی حزبە ئیسلامیەکانی پێ هەڵدەسوورێنن، شەرعیەتیان داوە بەیاسای بەکارهێنانی توندوتیژی و تیرۆر، بۆیە تیرۆریستانیش بێجگە لە ملکەچبوون بۆ ئیرادەی خۆیان کە بریاری توندوتیژی داوە و بە هەمان یاسا لێیان دەدرێتەوە، واتە تەنها ملکەچی ئیرادەی خۆیان دەکرێنەوە، ئەمەش بەرزترین ئاستی دادپەروەری مرۆڤایەتیە.

بەڵام ئێمە لەم راپۆرتە ئامانج وبەرپرسیاریەتیمان لێکجیاکردەوە،واتە بەپێی ئامانجەکە بەرپرسیاریەتی دیاری دەکەین، واتە بەرپرسیاریەتی ئەو بەرهەمەش کە توندوتیژیە، بەهەمان شێواز ناکەوێتە سەرشانی ئەوانەی کە ئامانجیان لە شوێنکەوتنی کەسێکی وەك عەلی باپیر بەشداربوون نییە لەبەرهەمهێنانی ئەو توندوتیژیە،بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەرکی رۆشنبیر دەبێتە ئەوەی بە وردی بەدوای شوێنی دروستکردنی ئەو ئایدۆلۆژیەتە بکەوێت کە پاشان دەبێتە بەندیخانە بۆ ئەقڵەکان، رێگە لە بەردەوامبوونی ئەو ئایدۆلۆژیەتە بگرێت، کە نەتوانێت ئەقڵی دیکە لە بەندیخانەکەدا بەند بکات. زیاد لەمەش دیسان ئەرکی رۆشنبیرە، ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات کە بوونە فاکتەری نائومێدی ئەو تاکانەی کە بەئاسانی دەکەونە تەڵەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و پاشان ئەقڵەکانیان لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیایە بەند بکرێت، ئەم هۆکارانەش وەك بیرمەندی عەرەبی تونس عەفیف ئەخزەر دەستنیشانیکردوون بریتین لە (گۆرانکاری لە خوێندنی ئایینی، قەڵاچۆکردنی هەژاری، گەشەپێدانی بەردەوام) یەکەمیان واتە تێگەیشتن لە بەرزی ئایینی ئیسلام وەك

ئايين وجياكردنەوەی لە حزبە ئيسلاميیە سياسيیەكان، واتە نابێت خوێندنی ئايينی وەكرێك بێت بۆ پەروەردەكردنی تيرۆريستان، نابێت رێگە بدرێت ئەو كەسانەی لە دەرەوە راسپێراون گەرای فەسادی سياسيی لە ناو بيرباوەڕی پاكوبێگەردی موسڵمانيەتی كوردا دابنێن، هەژاريش هۆكارێكی ديكەيە، لەبەر ئەوەی ئايدۆلۆژيەتی حزبە ئيسلاميەكان وەك فايرۆس وايە لە شوێنی خراپدا گەشە دەكات، هەژاريش خراپترين حاڵەتە كەتێدا مرۆڤ تەسليمی نائوميدی دەبێت، واتە وەك فايرۆس پەلاماری ئەو كەسە دەدەن، كە جيهازی بەرگريی لاواز بێت و خرۆكە سپيیەكانی لەشی ئيرادەيان نەمابێت،بۆيە حزبە ئيسلاميەكانيش وەك ئەو ڤايرۆسە پەلاماری ئەو كەسانە دەدەن، كە نائوميدی ئيرادەی نەهێشتوون، كە مرۆڤيش ئيرادەی نەما تەسليمی زۆر شت دەبێت، بۆ ئەوەی رێگەش نەدەين مەترسی لەسەر ئيرادە تاكەكان بەردەوامبێت ئەوا دەبێت،گەشەپێدان بەردەوامبێت، كە گەشەپێدانيش بەردەوام بوو كەواتە هاندەرەكان(حافزەكان) بۆ زيندوو كردنەوەی ئوميدەكان بەردەوام دەبن، كەواتە ئەم راپۆرتە ئەركی سەرەكی تێكدانی بەنديخانەكان دەخاتە ئەركی سەرشانی حكومەت، بەلام رێگە نيشاندەر بۆ جێبەجێكردنی ئەم ئە ر كە دەكاتە رۆڵی رۆشنبيران و رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بەدوای ئەو ئەو شوێنانە بگەڕێن كە ئەو ئەقڵانەی تيا بەند دەكرێن، كەواتە دۆزينەوەی رێگەچارەی ناتوندوتيژيش بۆ تێكشكانی بەنديخانەی ئايدۆلۆژيەتی حزبە ئيسلاميەكان، ديسان بەديدی حيزبە ئيسلاميەكان هاوتای ئەو توندوتيژيەيە كە ئەوان بۆ ديلكردنی ئەقڵەكان بە كاری دەهێنن. بۆ زياتر روونكردنەوە ئاماژە بەو خاڵانە دەكەين:

١- كە سيستەمی خوێندنی ئيسلاميمان چاككرد،واتە خەڵكی ئێمە لە بەرزی ئايينی ئيسلام تێدەگات و رێگە نادات جاهيلێك وەعز بدات.

٢- رێگە نادات بێجگە لە مەلای مێزەر سپی نيشتمانپەروەری كوردستان، كادرە جاهيلەكانی حزبە ئيسلاميەكان لە مينبەرەكانەوە وەعز بۆ خەڵك بدەن، رێگە نادەن مەلای ئاخر زەمان بدعە دروست بكات و هۆڵی پرسەی مزگەوتەكان بگۆڕێت بۆ هۆڵی زەماوند وهەڵهەلەی تيا لێبدرێت،ئەم حاڵەتە ئەگەر بە ريوايەتێكيش شەرعيەتی پێبدرێت، دژی دابونەريتی ميللەتی ئێمەيە و لەگەڵ تێگەيشتنی كورد بۆ ئايينی ئيسلام جێگەی نابێتەوە.

٣- ئەگەر هەوڵەكانمان وەك ئێستا بە ئاراستەی قەلاچۆكردنی هەژاری بوو،ئەوا واتە قەلاچۆی بێ ئيرادەييمان كردن، سەير بكەن هەموو حزبە سياسيیە ئيسلاميەكان بێ جياوازی ئا ما نجی سەرەتا وكۆتاييان بێ ئيرادەكردنی هاوڵاتيانی كوردستانە، كە ئيرادەمان ژياندەوە، واتە لە شكاندنی بەنديخانەكان نزيكبووينەوە.

٤- كە گەشەپێدان بەردەوام بوو. واتە ئوميد بەردەوام دەبێت، بۆيە ئێستا حزبە ئيسلاميەكان هەموو هەوڵيان بۆئەوەيە پەرەپێدان و گەشەپێدان بێ نرخ بكەن، بۆ ئەوەی ئوميد بێ نرخ بكەن،نائوميدی پيرۆز بكەن.

رۆشنبيران و رۆژنامەنووسان دەبێت بەردەوام گوشار لەسەر حكومەتی خۆيان بكەن بۆئەوەی لەسەر ئەم هەوڵانە بەردەوام بێت وهاوڵاتيانيش لەم هەوڵانە هاوكاری حكومەتی خۆی بێت، بۆئەوەی سەرچاوەی ئەو داهاتە دەرەكيە وشكبكەينەوە كە ئەم حزبە ئيسلاميانە بەمەبەستی بێ ئوميد كردنی هاوڵاتيانی كوردستان لە دەوڵەتانی دەرەوە وەريدەگرين، كە ئەوان نەيانتوانی خەڵك بێ ئوميد بكەن واتە ناتوانن چيديكە ئەقڵی تاكی كوردستان ديل بكەن،كە نەشيان توانی ئەم كارە بكەن، واتە ئەو ئەركەی پێيان راسپێراوە،پێيان جێبەجێ ناكرێت، كە پێشيان جێبەجێ نەكرا ئيدی پارەيان نادەنێ، كە سەرچاوەی پارەی دەرەكيشيان نەما،ئيدی بە يارمەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆيان دەرناهێنێت، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەناوی مەولودی پيغەمبەرەوە(د.خ) هەزران كەس كۆبكەنەوە سەدان ئاژەڵ سەربڕن، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی حزبەكانيان بچووكبكەنەوە وبەنديخانەكانيش بشكێنرێن.

**ئێستا حزبە ئيسلاميەكان هەموو هەوڵيان بۆئەوەيە پەرەپێدان و گەشەپێدان بێ نرخ بكەن، بۆ ئەوەی ئوميد بێ نرخ بكەن، نائوميدی پيرۆز بكەن**



فوئاد مەجید میسری روناکبیر وتوژەری ئیسلامی سیاسیی بۆ گوڵان:

# دابەشکردنی ئیسلامی سیاسی بەسەر توندڕەو و میانڕەودا، چەمکێکە ئیسلامی سیاسی بۆخۆی دایهێناوە تا بەهۆیەوە خۆی لەو تەنگژەیە قوتاربکات کە لەسەرتاسەری دنیادا تووشیهاتووە

**فوئاد مەجید میسری یەکێکە لە روناکبیرە دیارەکانی کوردستان و تۆژەرە لە بواری ئیسلامی سیاسیی. ناوبراو چەند کتێبکی لەسەر ئیسلامی سیاسی نووسیووە، شارەزایەکی تەواوی لەو بوارە هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی ئیسلامی سیاسیی و دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر کۆمەڵگا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەرێز فوئاد مەجید میسری ئەنجامدا، ئەمەش دەقەکەیەتی.**

*** دیاردەی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی بە هەردوو باڵی میانڕۆ و توندڕۆ ئەمرۆ لەکوردستاندا بۆتە دیاردەیەك دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا پاشخانی دروستبوونی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی لەکوردستان چۆن سەریهەڵدا؟ ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە بوونەتە هۆکاری هەڵکشانی رەوتی ئیسلامی سیاسیی لەکوردستان؟**

- بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکە، حەقیقەتێك هەیە دەبێ لەیادی نەکەین. دابەشکردنی ئیسلامی سیاسی بەسەر توندڕەو و میانڕەودا، چەمکێکە ئیسلامی سیاسی بۆخۆی دایهێناوە تا بەهۆیەوە خۆی لەو تەنگژەیە قوتار بکات کە لەسەرتاسەری دنیادا تووشی هاتووە، ئێمە ئەگەر ئیسلامی سیاسی دابەش بکەین بەسەر دوو گوتاری سیاسیدا، دەبێ بڵێین ئەوانە لەسەردوو میتۆدی سیاسی جیاواز کاردەکەن کە لەحەقیقەتدا وا نییە، ئایا ئیسلام یەك میتۆدە یان دوو میتۆدە؟ ئەو لایەنەی خۆی بە میارەو تاریف دەکا هەر ئەوەندە میانڕەوە تا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، ئەوکات دەردەکەوێ لە بەرامبەر نەیاری سیاسیدا چەند توندووتیژە، حزبی ئیسلامی وەك هەر حزبێکی دیکەی سیاسی، ئامانجی وەرگرتنی دەسەڵاتە، ئەوکاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەسەر ئەو میتۆدە کاردەکا کە هیچ لایەن و دەستەوتاقمێکی تری سیاسی قەبووڵ نییە، لەدیدی ئیسلامی سیاسیدا ناشێ و نابێ پەیڕەوی یاساو رێسایەك بکرێ کە مرۆڤ دایهێنابێ. ئیسلامی سیاسی هەر ناوێك لە خۆی بنێ کە گەیشتە دەسەڵات، بێجگە لە دەقی شەریعەت کار بە هیچ



یاسایەکی دنیایی ناکا، هەر کەسێکیش دژ بەم چەمکە بووەستێ تۆمەتی کافر و لە ئایین دەرچووی شوێن دەخرێ کە سزاکەی کوشتنە، رەنگە باشترین بەڵگەی ئەم راستییەش دەوڵەتی عەرەبستانی سعوودی بێ.

*** کورد وەك موسڵمانی کورد، بەدرێژایی مێژووی خۆی، ئیسلامەتی وەك عیبادەت و خواپەرستی وەرگرتووە نەك سیاسەت. بە واتایەکی دیکە، ئیسلامەتی لای کورد رێکخستنی پەیوەندی نێوان تاك و خوا بووە، تەنانەت ئەو مەلا و پیاوە ئایینیانەشی لە مزگەت و خانەقاکانەوە دەرکەوتوون، مەسەلەی نەتەوایەتیان بەدیدێکی ئایینی سەیر نەکردووە، هەر لەسەردەمی شێخ عوبیدوڵلای نەهریەوە تا دەگاتە مەلا مستەفاش هەر بەوجۆرە بووە، هەندێك ئەمە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئیسلام لە کوردستان مەترسی لەسەر نەبووە، ئەوەی مەترسی لەسەر بووە، مەسەلە نەتەوەییەکە بووە، پرسیار ئەوەیە ئایا کە ئێستا ئیسلامەتیەتی کورد تێکەڵاوی سیاسەت دەکرێت، لەبەرئەوەیە ئیسلامەتی کورد مەترسی کەوتۆتە سەر و کاتی ئەوە هاتووە، لەسەر فەرمایشتی ئیخوانیەکانی میسر و وەهابیەکانی ئەفغانستان، ئیسلامەتی کورد راستبکرێتەوە؟**

- ئاوڕدانەوەیەك لە هەلومەرجی سیاسی کوردستانی سەرەتای سەدەی بیستەم و هەتا ناوەڕاستی هەشتاکانیش، ئەو راستییە دەردەخا کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا پێگەیەکی وای نەبووە شایانی باس و لێکۆڵینەوە بێ، ئیخوان کە لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابووردووەوە هاتۆتە عێراقەوە، لە چەند مەلایەکی کورد بەوەلاوە پێوەی پەیوەست بوون، نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی پێگەیەك شیاوی لێکۆڵینەوە و قسە لەسەرکردن بێ، غیابی ئیسلامی سیاسی وەك هێزێکی جەماوەری لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە کوردستان زەمینەیەکی گونجاو نەبووە بۆ گەشەکردنی وەها بزووتنەوەیەك، هەموو دەزانین کە هەرەسهێنانی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ناوچەکە هەبوو، دەوڵەتی شۆرەوی بۆ راگرتنی پارسەنگی ستراتیژی دەخالەتی لە ئەفغانستاندا کرد، دامەزراندنی سیستمێکی نوێی سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات، لە ناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵانسی هێزی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای لاسەنگ کرد، ئەمەریکا ترسی ئەوەی لێ نیشت

بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، مەترسییەک لەسەر ئایینی ئیسلام نەبووە

شورەوی دەخالەتی زیاتر لە ناوچەکەدا بکا بەتایبەت لە ناوچەی کەنداودا کە سەرەنجام دەبێتە دروستبوونی بۆشاییەکی ستراتیژی و پێویستە بە زوویی پڕ بکرێتەوە.لە دیدی ئەمەریکاوە ژیاندنەوەی فیکری ئاینی چەکێکی کاریگەربوو دەکرێ بە هۆیەوە بەربلاوبوونەوەی نفوزی شورەوی بگیرێ، مێژوو شاهیدە کە چۆن چۆنی دەوڵەتانی کەنداو بەپیر ئەم پرۆژە ئەمەریکاییەوە چوون، عەرەبستانی سعوودی لە ریزی پێشەوەی ئەم پرۆژەیەدابوو، بە هەموو تواناییشییەوە پشتگیری لێکرد و لەسەر زەمینەی واقیعش کەوتە پیادەکردنی، بێگومان بەگژاچوونەوەی شورەوی بە چەکی ئاینی، پێویستی بەهێزی ماددی و مەعنەوی هەبوو، ژیاندنەوەیە فیکری ئوسوولی ئیسلامیی بەپشت بەستن بە فەتوا و تیزە ئاینییەکانی چەند رەمزێکی هەڵاتووی ئیخوان کە عەرەبستانی سعوودی و دەوڵەتانی کەنداو دالدەیان دابوون، بووە سەرەتای جێبەجێکردنی پرۆژەکەی ئەمەریکا، بەو دۆرە دامودەزگا سیخورییەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی کەنداو بەکەڵك وەرگرتن لە رۆڵی پەترۆ دۆلار چەند دەستەوتاقم و گروپی چەکدارین پێکهێنا و لەژێر دروشمی جیهاد و شەڕی کافراندا، رەوانەی ئەفغانستان کران، ئەمە جگە لە دامەزاندنی دامودەزگای ئاینی و خوێندگەی جۆربەجۆر بە مەبەستی بلاوکردنەوەی بنەماکانی ئوسوولییەتی ئیسلام و ژیاندنەوەی تیزی جیهاد و پیادەکردنی فیکری بە ئیسلامکردنی جیهان بە زەبری هێز.

دامەزراندنی سیستمی (ویلایەتی فەقیە) لە ئێراندا و بانگەشەی جەمهوری ئیسلامی ئێران بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش، ترسێکی گەورەی لە هەناوی دەوڵەتانی کەنداودا چاند، عەرەبستانی سعوودی کە تێیدا وەهابییەتمەزهەبی رەسمی دەوڵەتە نەك هەر دژ بە سیستمی ویلایەتی فەقیە بوو، بەڵکو لە بنەڕەتدا (شیعە بە (رافضی) دەزانێ و پێیوایە فری بەسەر ئیسلامەوە نییە، ئەم ئاڵوگۆڕە هەلێکی زێرین بوو بۆ سعوودیە تا لە رێگای ژیاندنەوەی بیر ئوسوولییەوە هەم وەها بییت لە نوچەکەدا برەو پێی بدا، هەم رووبەڕووی دەوڵەتی تازە دامەزراوی شیعە ببێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ئەم رەوتە ئوسوولییە(بە هەموو رەهەندەکانییەوە) نەیتوانی لە کوردستاندا جێ پێیەکی دیار بۆخۆی داگیر بکا، ئەوەی کە دەبینرا و لەسەر زەمینەی واقیع هەستی پێ دەکرا تەنیا هەوڵ و تەقەلای چەند کەسێك بوو لە پەنجاکانی سەدەی رابوردووە بەم یان بەو شێوە بە ئیخوانەوە پەیوەست بووبوون، بێ ئەوە ببنە خاوەنی سەنگی سیاسی و حسابیان بۆ بکرێ، شەڕی دووەمی کەنداو و راپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەدوای خۆیاندا هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری وەهایان هێنایە گۆڕێ، دەرفەتێکی باشی بۆ ئیسلامی سیاسی رەخساند وەك هێزێکی سیاسی لە کوردستاندا سەرهەڵبدا و نەش ونحابکا، لەو هەلومەرجەدا کوردستان نیمچە سەربەخۆییەکی بۆخۆی فەراهەم کرد و ئیسلامی سیاسیش وەك هەر رەوتێکی تری سیاسی بە ئاشکرا دەستی بە چالاکیی کرد، دەوڵەتانی دەوروبەر هەم بە مەبەستی لاوازکردنی هێزە کوردستانییەکان و هەم بە مەبەستی سەرخستنی پرۆژەی سیاسی خۆیان کۆمەك و یارمەتییەکی لە ژماردن نەهاتوویان بۆ رەوتە ئیسلامییەکان دابین کرد، کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی نالەباری ئابووری کوردستان کە کەوتبووە بەر زەبری دوو ئابلۆقەی ئابووری (نێودەوڵەتی و رژێمی سەدام) هەلێکی باشی بۆ ئەم رەوتانە رەخساند بە ناوی کۆمەکی ئیسلامی (الاغاثە الاسلامیە)وە سەدان و بگرە هەزاران ملیۆن دۆلار لە شێوەی نەختی و کەلوپەل و خۆراکدا رەوانەی کوردستان بکەن و لە ئۆردوگاکانی کوردستاندا دابەشی بکەن، شەڕی ناڕەواو نەگریسی ناوخۆییش لەولاوە بووەستێ، ئەمیش بۆ خۆی فاکتەرێکی دیکەی پەرەسەندنی ئەم رەوتانەیە، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، هەلێکی تری زێرین بوو ئیسلامی سیاسی بۆ قازانجی خۆی قۆستییەوە و بە ئاشکرا کەوتە (ابتزاز)کردنی هەردوو لایەنی بەشەرهاتوو، درێژەکێشانی شەڕ و لەگەڵیدا سەرهەڵدانی ئەو هەموو کاروکردەوە ناڕەوایانەی کۆمەلانی خەڵك دەیانبینی و بەدەستیانەوە دەیان نالاند، مرۆڤی کوردی دووچاری جۆرێك نائومێدی کرد، بە تایبەت لەو شوێنانەدا کە ئاستی هوشیاری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری بەرز نییە و گوزەرانی خەڵك لە پلەیەکی زۆر نزمدایە.. لەو جۆرەکەش و هەوایەدا، ئاساییە مرۆڤی نائومێد بەدوای فریاد رەسێکی تردا بگەرێ، رەوتە ئیسلامییەکان بەکەڵك وەرگرتن لەو هەلومەرجە خۆیان کردە ئەو فریاد رەسەی مرۆڤی بێ دەرەتانی کورد خەونی پێوە دەبینی، لێرەدا نابێ ئەو حەقیقەتەش لە یاد بکەین کە ئەم تاکتیکە شتێکی نوێ و تایبەت بە کوردستان نییە، لەو رۆژەوەی کە ئوسوولییەتی ئیسلامی لە فۆرمی ئیخواندا هاتە دونیاوە، لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان گۆڕەپانی چالاکیی سیاسیان بووە.

دەسەلاتی کوردیش بۆخۆی یەکێکە لە فاکتەرەکانی هەڵکشانی ئەم رەوتانە، هەردوو حزبی دەسەلاتدار کە رەوتە ئیسلامییەکان بە ناحەق و بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان ناوی (عەلمانی) یان لێناون، بەکردەوە ئەوەندەی ئیسلامگەراکان ئیسلامین، لە ماوەی هەژدە ساڵ دەسەلاتدا، نەیانویستووە بەرنامەیەکی پەروەردە و خوێندنی مۆدێرن پیادە بکەن، خۆیان تەکیەوخانەقا دروست دەکەن و برەو بەدیاردەی دەرویشی دەدەن، ئەنجوومەنی (افتا) دادەمەزرێنن و فەتوای ئاینی جێگای یاسای مەدەنی دەگرێتەوە، ئامادە نین ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر یاسای بار یکەسێتیدا بهێنن، شەریعەت دەکەنە بنەمای سەرەکی یاسا، دامودەزگا و وەزارەتی کاروباری ئاینی دادەمەزرێنن، هیچ کام لەم حزبانە بەراشکاوی باس لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت ناکەن.. هەموو ئەم هەڵوێست و رەفتارانە ئاوبەئاشی ئیسلامی سیاسیدا دەکەن و سەرەنجام بە قازانجی ئەوانە و بیانەوێ و نەیانەوێ گەورەترین خزمەتیان بە ئایدۆلۆژیای ئاینی کردووە.!

*** واتە مەترسی لەسەر ئایینی ئیسلام قەت بوونی نەبووە لە کوردستان؟**

- ئەوەی شارەزایی لە مێژووی کورددا هەبێ، ئەو حەقیقەتە دەزانێ بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، مەترسییەك لەسەر ئاینی ئیسلام نەبووە، هەلومەرجی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیش وایان کردووە چەند پیاوێکی ئاینی رێبەرایەتی بزووتنەوەکەی بکەن، نەك لەبەر ئەوەی مەترسییەك لەسەر ئاینەکەی هەبووبێ، ئەگەر بابەتیانە مێژوو بخوێنینەوە دەبێ راستییەك لەبەرچاو بگرین کە ئەم دیاردەیە لە هەندێ جوگمەی مێژووەکەیدا بووەتە خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەکە و

> **تیرۆر لە فۆرمی ئاینیدا لە جۆرەکانی دیکەی تیرۆر خەتەرناکترە، تیرۆری ئاینی دونیا دەخاتە بەردەم دوو ریانێك و جیهان بەگشتی دەکاتە دووبەرەی دژ بەیەکتر**

**میتۆدی ئایینی لەهەر فۆرمێکدا خۆی بنوێنێ، دژ بە میتۆدی سکۆلاریزمە**



شکستی پێ هێناوە، بۆنموونە: لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان کە حوکمڕانییەك بۆ شێخ مەحموودی حەفید فەراهەم کرا، هەر پیاوانی ئایینی بوون هانە هانەی شێخیان داوە دەستبەرداری تورکیان نەبێ، چونکە ئەوەی پشتگیریی بەریتانیا بکا و لە تورك هەڵگەڕێتەوە کافرە، سەیر ئەوەیە هەر لەوکاتەدا شەریفی مەککە کە کلیلی کەعبەی مسوڵمانانی بەدەستەوە بوو، لە پێناو بەجێهێنانی ئامانجی نەتەوەیی عەرەبدا، بەکاڵە و پێتاوەوە چووە ناو پرۆژەکەی هاوپەیمانانەوە.!

نموونەیەکی تر: یەکێك لە ئامانجەکانی بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران گەڕانەوەی خەلافەت بووە!! ئەمە لەکاتێکدا کە سەرتاسەری دونیا پشتگیریی لە دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی تورکیا دەکرد!! دەوڵەتێك بە درێژایی تەمەنی باوەڕی بە ئاسایترین مافی ڕەوای کورد نەبووە، ئێمە داوای سەر لەنوێ بنیاتنانەوەیمان کردووە.! دیارە لە دیدی کەسێکی یان ئیسلامیتەوە کە خەو بە دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییەوە دەبینێ، داواکەی شێخ سەعید، داوایەکی ڕەوایە، چونکە ئەم مافی نەتەوەیی و چارەنووسی گەلانی بەلاوە مەبەست نییە، گرنگ ئەوەی دەوڵەتێکی سەرتاسەری ئیسلامی هەبێ حوکمڕانی دونیای ئیسلام بکا، ئەوەی کە ئەمڕۆش لە کوردستاندا دەگوزەری هەمان هەڵوێستە بەڵام لە فۆرمێکی تردا، چۆن؟!

حزب، هەر حزبێك ئۆرگانێکی سیاسییە و ئامانجی سەرەکیی وەرگرتنی دەسەڵاتە، لە دیدی ئیسلامی سیاسییەوە تاکە دەوڵەتێك شەرعییەتی هەبێ دەوڵەتی ئیسلامییە و دەوڵەتانە دەبێتە ئەرکی ئاینی، ئێستا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ، ئاخۆ کوردستان پێویستی بە حزبی ئیسلامی هەیە؟! مرۆڤی کورد کە بە میرات ئاینی ئیسلامی وەك هەر نەتەوەیەکی تری موسڵمان بۆ ماوەتەوە، پێویستی بەوە نییە لە ڕێگای حزبەوە، نەریتە ئایینەکانی جێبەجێ بکا، مرۆڤی خاوەن باوەڕ بە قەناعەتی خۆیەوە خواپەرستی دەکا، هیچ حزبێکی سیاسی بۆ ئەوە دروست نابێ پێش نوێژیی خەڵکی موسڵمان بکا یان فێری ئەرکە ئاینییەکانی بکا، حزبی ئسلامی خاوەنی پرۆژەی زیندووکردنەوەی دەوڵەتی خەلافەتە و بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشێ، تێکەڵکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد بە مەسەلەی ئاینەوە، هەوڵێکی دیماگۆگیانەیە و جۆرێکە لە عەوام فریوی بۆخزمەتی ئایدولۆژیای پان ئیسلامیزم.

*** ئیسلامی سیاسیی بە تایبەتی ئەو لایەنانەی بڕوایان بە جیهاد و توندوتیژی هەیە، ئامانجی خۆیان بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە، ئامادەنیین وتووێژ بکەن وەك ئەوانەی ئێستا لە ئەفغانستان هەن، ئایا ئەم ڕەوتە چۆن پێناسە دەکرێن وچ مەترسیەکیان لەسەر مرۆڤایەتی دروستکردووە؟**

- وەك لەبەرییدا ئاماژەم پێدا، هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا ئایدۆلۆژیای ئاینی لەسەر میتۆدێك کار دەکا، دیماگۆگییەت بڕبڕە پشتیە، ئەوەی کە لە حاڵی حازرا باس لە توندووتیژیی (جیهاد) ناکا، لەبەر ئەوە نییە باوەڕی بە چەمکی جیهاد نییە.

نەخێر! ئەوانە ئەم قۆناخە بەسەرەتاکانی دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام دەشوبهێنن و ناوی (الفترە المیە)ی لێدەنین، بەم تێزە هەم ئامانجی سەرەکی دەشارنەوە و هەم کەڵك لە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت وەردەگرن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. هەرچی ئەو ڕەوتانەیشە کە لە چەند شوێنی وەك ئەفغانستان هەن، ئەوانەن کە خۆیان ناوناوە جیهادی و لە ڕێگای ترس و تۆقاندن و کوشتنەوە بە ئاشکرا سیاسەتەکانی خۆیان پیادە دەکەن، بنەمای فیکری ئەم ڕەوتانە لەو جییەوە سەرچاوە دەگرێ گوایە یاسای خاوەن جێبەجێ دەکا و هیچ یاسایەکیش لە یاسای خاوەند پیرۆزتر نییە، ئەو مرۆڤەی کار بەم میتۆدە دەکا، بیەوێ و نەیەوێ، پێ بزانێ یان نەزانێ، خۆی دەکاتە نوێنەر و نومایندەی خاوەند، کەسێکیش نوێنەری خاوەند بێ لەسەر زەوی بۆی هەیە سزای سەرپێچیکەربدا، تا ئەو ڕادەیەی ئیلغایش بکا، جا ئیتر ئەو ئیلغاکردنە فیزیکی (جەستەیی) بێ یان فیکریی، گرنگ ئەوەیە ئەو خۆی بە خاوەن حەق دەزانێ و بەرامبەرەکەی بە ناحەق، بەکورتی ئەو میتۆدەی لەسەر ئیلغای بەرامبەر دابمەزرێ، لەسەرەتاوە بە تیرۆری فیکریی دەست پێدەکا و تا سەرەنجام دەگاتە تیرۆری جەستەیی، سروشتی ئەم ڕەوتە بە جۆرێکە باوەڕی بە ململانەی سیاسی و دیالۆگ و ئازادی بیروپێشکوتنی کۆمەڵایەتی نییە، هاوکات سروشتێکی گۆشەگیرو دابڕاو لە کۆمەڵگای هەیە، ئەو کاتەی کە ڕەوتێکی سیاسی لەوە بێ تواناتر دەبێ بە شێوازێی ئاسایی پرۆژە سیاسییەکەی پیادە بکا و دەبینێ لە بازنەیەکی داخراودا گیری خواردووە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێشکەوتنی ژیانی نییە، هەوڵ دەدا بەهەر شێوەیەك بێ بوونی خۆی بسەلمێنێ تا ئەو ئاستەی پەنا بۆ ترس و تۆقاندن و کوشتن دەبا.!

مەسەلەیەکی تریش کە لێرەدا نابێ فەرامۆشی بکەین ئەوەیە کە تیرۆر لە فۆرمی ئایندا لە جۆرەکانی دیکەی تیرۆر خەتەرناکترە، تیرۆری ئاینی دونیا دەخاتە بەردەم دوو ڕیانێك و جیهان بەگشتی دەکاتە دووبەرەی دژ بەیەکتر.

بەرەیەك خۆیان گوایە موسڵمانانی حەقیقین، بەرەکەی تر کافرن و دەبێ جیهاد لە دژیان ڕابگەیەنرێ تا ئەو جێیەی پرۆژەی سەرلەنوێ بە ئیسلامکردنەوەی جیهان بە ئەنجام دەگا.!!

ئەو دەسەڵاتەی ئەم ڕەوتانە بە نیازن بنیاتی بنێن، لەوە بەولاوە ئامانجی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی داخراوە، شتێکی تری مەبەست نییە.! دیارە لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەیشدا مرۆڤ لەسەر ڕیتمێك ڕادەهێنرێ کە بێجگە لە میتۆدە فیکرییەکەی خۆی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی تر حەرام دەکا و ڕایدەگەیەنێ کە کەس بۆی نییە سنووری دەقی ئاینی ببەزێنێ، هەر یاسایەك دەق شەرعییەتی پێ نەدا، یاسای بتپەرستانە و نابێ پەیڕەو بکرێ.! مرۆڤی ناو کۆمەڵگای ئاینی نابێ گوێ بە دیاردەی نوێی کۆمەڵایەتی بدا، ناشێ دەستکەوتە زانستییەکان بسەلمێنێ، چونکە ئەوانە مرۆڤی خاوەن باوەڕ تووشی گومڕایی دەکەن، گومان لەوەدانییە کە مرۆڤ لە سایەی ئاوها سیستمێکی فیکریی و کۆمەڵایەتیدا، تووشی نامۆیی دەبێ، هەست دەکا ناتوانێ خۆی لەگەڵ واقیعدا بگونجێنێ، ناچار خەو بە واقیعێکی بەسەرچووەوە دەبینێ، لێرەوە پەیوەندی لەگەڵ واقیع دەپچڕێ و دەگاتە قەناعەتێك گوایە دەتوانێ واقیعە کۆنەکە زیندوو بکاتەوە، بەڵام هەر زوو بە بنبەست دەگا چونکە دەبینێ ئەو ژیانەی ئەو خەوی پێوە دەبینێ مەحاڵە لەسەر زەمینەی واقیع جارێکی تر دروست ببێتەوە، ئەم دەرەنجامە کە بە نائومێدی کۆتایی دێ، مرۆڤی ناو ئەو کۆمەڵگایە والێدەکا بۆ سەلماندنی بیروڕای خۆی ڕێگای

توندوتیژیی بگرێ و لەو پێناوەدا خۆی بە کوشت بدا، نابێ ئەوەشمان لە یادبچێ کە ئەوە مرۆڤێکە وا ڕاهێنراوە و ئامادە کراوە گوایە بە مەرگی خۆی تاهەتایە ئاسوودە دەبێ و ئەرکێکیشی جێبەجێ دەکا خواوەند لەسەری واجب کردووە.!

*** هەندێك لەم ڕەوتە ئیسلامیانەی کە سەرکردەکانیان لە ئەفغانستان مەشقیان پێکراوە، ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئامادەن بێنە ناو پرۆسەی سیاسیی و لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، بانگەشەی ئەوە دەکەن، دیموکراتیەت حەرامە، سیستەمی علمانیەت کوفرە، ئایا بەشداری بەمجۆرە چ مانایەك بۆ دیموکراتی دەهێڵێتەوە؟**

- مەسەلەکە لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ کە میتۆدی ئایینی لەهەر فۆرمێکدا خۆی بنوێنێ، دژ بە میتۆدی سکۆلاریزمە، میتۆدی ئایینی کە یاسای دانراو(وضعي) چ دەکا و قەبوڵی نییە، دیەوێ عەقلانییەت کە جەوهەری سکۆلاریزمە ڕەت بکاتەوە، بۆیە دەبینین هەر لەسەرەتاوە کار لە سەر ئاراستەی فیکریی دەکا و مومارەسەی تیرۆری فیکریی دەکا، چونکە دژایەتیکردنی عەلمانییەت یانی چزکردنی ئازادی چ لەسەر ئاستی فیکریی دەکا، چونکە دژایەتیکردنی عەلمانییەت یانی چزکردنی ئازادی چ لەسەر ئاستی فیکر وچ لەسەر ئاستی پراکتیك، یانی هەوڵدان و دروستکردنی فەزایەکی سیاسی مرۆڤ نەتوانی لە سایەیدا بە ئازادی تەعبیر لە بیروڕاوبۆچوونەکانی بکا، یانی ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر گوێڕایەڵی و ئیتاعەتی کوێرانە، بۆیە دەبینن پایەی سەرەکی ئەم میتۆدە لەسەر ئەخلاق بنیات نراوە و دەیەوێ بە گوتارێکی ئەخلاقییەوە بەگژ سکۆلاریزمدا بچێتەوە، بۆ نموونە: چەمکی ئازادیی دەکاتە هاوتای بەدڕەوشتی، ئینجا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت کە بڕبڕە پشتی سیستمی سکۆلارە، ناوی کوفرو ئیلحادی لێ دەنێ، لە کاتێکدا عەلمانییەت هیچ پەیوەندییەکی بەخواپەرستییەوە نییە!! حەرامکردنی سیستمی دیموکراسی خۆی لەخۆیدا چەکێکی فیکرییە و ئیسلامی سیاسی تیرۆری فیکریی پێ ئەنجام دەدا، هەرچی بەشداریکردنی ئەو ڕەوتانەیشە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەوڵێکی دیاگۆگیانەیە بۆ فریودانی خەڵك، هاوکات دیکەنە ئامرازێك بۆ(ابتزاز)ی سیاسی لە بەرامبەر دووهێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستاندا.

*** ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە بە هەموو شێوەیەك دژی مافی ئافرەتن، دەیانەوێت وەك ئافرەتەکانی ئەفغانستان لەسەردەمی تاڵیبان مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکەن، ئایا بوونی ئەم ڕەوتانە تاچەند زیانی بۆ سەر ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵگە هەیە؟**

- ئەگەر کەمێك وردتربینەوە، دەبینین دژایەتیکردنی مافی ژن، یانی دەخالەتکردن لەژیانی تایبەتی تاکەکەسدا، بەپێی تێگەیشتنی ئەم ڕەوتانە خواوەند ئەرك و مافەکانی ئادەمیزادی دیاریکردووە، لەبەر ئەوە هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتێك بۆی نییە دەستکاری یاسای خودایی بکا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەچاوی خۆیان بینیان چۆن چۆنی ئەم ڕەوتانە لە دژی هەموارکردنی یاسای کەسیەتی وەستان لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو هەڵوێستە نموونەیەکی زیندوو، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە حەقیقەتەی ئەوانە ئاشکراتر دەکا کە خۆیان بە میانڕە و ناوزەد دەکەن تا چەند لەگەڵ بەناو توندڕەوەکاندا یەك دەگرنەوە و تەواوکەری یەکترن، مافی ژن، مافی مرۆڤ، یەکسانی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی تاکەکەس، ئەو دەستەواژانەن لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا جێگایان نابێتەوە، لەدیدی کەسێکی ئیسلامگەراوە هیچ شتێك نەماوە خواوەند لە ڕێگای دەقەوە بۆ مرۆڤی دەستنیشان نەکردبێ بە ئەرك و مافەکانیشییەوە.. هەر ئەو شتانەیش بۆ مرۆڤ پێویستن کە دەق دیاریکردوون، بۆ نموونە: لەباری سەرنجی ئاینەوە، ژن لە پەراسوویەکی خوا دروست بووە، ناشێ لەگەڵ پیاو یەکسانی بێ.! دوو ژنی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای نێودەڵەتیدا ئینجا یەکسانە بە پیاوێك ڕەش لە سپی جیانەکاتەوە! پیاو بۆی هەیە چوار ژن بهێنێ.!! بە شەمیراتی پیاو دوو ئەوەندەی بەشی ژنە.. ئەمانە و زۆری تریش کە لێرەدا جێگایان نابێتەوە هەندێك لەو مافانەن کە دەقی ئاینی بۆ ژنی فەراهەمکردوون و نابێ لە دوای چواردە سەدە هەموار بکرێن!!

دیاردەی تیرۆرکردنی ژن لە کوردستاندا و پەرەسەندنی بەو ئەندازەیەی میدیاکان بە بەڵگەوە بڵاوی دەکەنەوە هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتە ئیسلامییەکان، میتۆدێك ڕەوایی بداتە سەنگارکردنی مرۆڤ، دەتوانێ چ نرخ و بەهایەك بۆ مافی تاکەکەس دابنێ.؟!

*** ئایا ڕێۆشوێنی پێویست چییە، بۆ ئەوەی لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی ڕێگە نەدەین ئەم ڕەوتە گەشە بکات؟**

- ئاشکرایە بەشێکی گرنگ لە گوتاری ئیسلامی سیاسی تەرخانە بۆ بەرگریکردن لە خسووسییەت و ناسنامەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئیسلام، ئەم گوتارە لە ژێر ناوی بەرگریکردن لە خسووسییەتی کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا، هەوڵی دەدا، ڕووی ڕاستەقینەی پێشکەوتنی زانست و بەرهەمی تەکنۆلۆژیای نوێ بەدزێوی نیشان بدا، ئەم ڕەوتانە بۆیە دژ بە دەستکەوتی زانستی و شۆڕشی تەکنۆلۆژیان چونکە بوونەتە سەرچاوەیەك بیروهۆشی مرۆڤی هاوچەرخیان بە بارێکی تردا گۆڕیوە بە جۆرێك مەفهوومی بوون و نەبوون لای مرۆڤی ئەم سەردەمە گەلێك نیشانەی پرسیاری دەکەوێتە سەر، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا مەفهوومی حیکمەت لە دروستبوونی دونیا بە بارێکدا گۆڕیوە لێکدانەوەی وا هەڵدەگرێ پێچەوانەی بیری ئاینییە و باوەڕی ئاینی لە مێشك و دەروونی ئادەمیزادی ئەم سەردەمەدا لەق دەکا، پێشکەوتنی زانست کە پشت بە نیسبییەتی زانیارییەکانی مرۆڤ دەبەستێ، جەمسەرێکی ناکۆکە و لەگەڵ بیری ڕەهای ئایندا نایەتەوە و دژ بە یەکترن.

دژایەتیکردنی بەرهەمی زانستی لەلایەن ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە لەبەر ئەوە نییە بەرهەمی ڕۆژئاوای کافرە، لەبەر ئەوەیە کە ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر وزەی عەقڵیی مرۆڤدا هێناوە، ترس و بمی ئەوانە، ترس و بیمە لە دەستکەوتی زانستی و بەرهەمی تەکنۆلۆژیا کە بە پێش چاوی مرۆڤەوە ئاسمان تەی دەکا و نهێنییەکانی گەردوون یەکلا دەکاتەوە، هەڵوێستی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە دژی زانست، کاردانەوەیەکی سەلبییە لەبەرامبەر وزەی داهێنەرانەی ئادەمیزاددا و هەوڵێکە بۆ بەرگرتن لە پێشکەوتنی مرۆڤ دەرەنجامەکانی.

**دژایەتیکردنی بەرهەمی زانستی لەلایەن ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە لەبەر ئەوە نییە بەرهەمی ڕۆژئاوای کافرە، لەبەر ئەوەیە کە ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر وزەی عەقڵیی مرۆڤدا هێناوە**

مامۆستا موحەمەد شەڵماشی بۆ گوڵان:

# وەڵڵاهی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان هەڕەشەترن لەسەر ئیسلام، ئەوەی ئەوان دەیکەن نە ئایین قەبوولیەتی، نە ئەقڵ قەبوولیەتی و نە ئیسلامییش

**مامۆستا مەلا موحەمەد شەلماشی یەکێکە لەو زانایانەی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کەوەك کورد سەیری ئایین دەکات،هەربۆیە بیرکردنوەکانی و تیروانیەکانی بۆ خۆشگوزەرانی وئایندەی گەلەکەی خۆیەتی، مامۆستا شەڵماشی لەبورای ئەدەبی و وەرگێراندا،رۆڵیکی دیاری هەیە و یەکێك لەو شاکارانەی وەرگێراوەتەوە سەر زمانی کوردی رۆمانی (بێ سەرپەرشتانە)، مامۆستا شەلماشی ئێستا لە وڵاتی فنلەندا دەژی و وێڕای ئەوەی ئەم هەفتەیە نەشتەرگەری گورچیلەی بۆکراوە (ئێمە هیوای شیفای بۆ دەخوازین) بەڵام بە سوپاسەوە وێڕای ئەوەی کە باری تەندروستی ئاسایش نەبوو، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی مامۆستا شەلماشیە لەگەڵ گوڵاندا.**



*** ئایا ئیسلام وەك ئایین لای کورد چی دەگەیەنێت و ئیسلام وەك سیاسەت چۆن سەیری دەکرێت؟**

- لەڕاستیدا ئەسڵی ئیسلام، یاخود لە ئەسڵدا ئیسلام لە سیاسەت جیانابێتەوە، بەڵام ئەو سیاسەتەی ئێستا نا، ئەو سیاسەتەی ئێستا لە ئارادایە دوورە لە ئیسلامەوە، ئەگەرنا پێغەمبەر «درودی خوای لەسەربێت»، حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان هەم موسڵمان بوونە و هەم سیاسی، هەم ئایینیان بەڕێوەبردووە و هەم سیاسەتیان کردووە.

*** ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کورد ١٤٠٠ ساڵی ڕێزی لە ئیسلام گرتووە، ئەم ئایینە ئایینێکی بەرز و پیرۆز بووە لەناو کوردەکاندا، بەڵام ئێستا کەسانێك لەدەرەوە دێن و ئایین تێکەڵ بەسیاسەت دەکەن، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان موسڵمان و ئایینی ئیسلامدا، ئایینی ئیسلام ڕاست و دروستە و یاسایەك خوا ناردبێتی هەر بۆ ئایین نییە بۆ دنیاشە، بەڵام ئەوەی حزبە ئیسلامیە سیاسیەکان دەیکەن ئایین ئەمری پێنەکردووە، ئەوەی ئێستا دەیکەن، مەبەستم لەسیاسەتەکەیانە ئەوە ناشرینکردنی ئیسلامە بەناوی خودی ئیسلام خۆیەوە.

*** ئایا مەترسیەکانی سیاسەتکردن بە ناوی ئیسلامەوە چین؟**

- بە داخەوە دەیڵێم کە لەسەرەتای ئیسلامدا نا، بەڵام دواتر ئەوەی موسڵمان بوو هەر کورد بوو، بەڵام ئەوەی زیانی پێکەوت هەر کورد بوو، چونکە عەرەب و تورك و فارسەکان سوودیان لە ئاین وەرگرت و ئێمەیان پێ چەوساندەوە، تەنانەت ئێمە ئەوەندە مەزڵوم بووین کاتێك شەڕی فەرەنسا و جەزائیر ڕوویدا، ئێمە لە مزگەوتەکانمانەوە دوعامان بۆ سەرکەوتنی جەزائیریان دەکرد، بەڵام دوای شەڕەکە جەزائیر خیانەتی لە کورد کردوو و سەددام و شای یەکخستەوە. من پێم وایە سیاسەتی باش و واقیعیانە لەگەڵ ئایندا دەگونجێت و ئەوەی پێشێلکاری دەکات موسڵمانەکانن، بە ڕاستی ئەوەی زەرەی لێکەوتبێت میللەتی کوردە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی خۆمان ئەوا زۆربەی سەرکردەکانی ئێمە لە خانەقا و مزگەوتەکانەوە دەستیان دایە شۆڕش، تەنانەت هەندێ جار دژی خیلافەتی عوسمانی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم سەرکردانە دروستکردنی حزبی ئیسلامیان بە پێویست نەزانی، لە بری ئەوە حزبی نەتەوەییان دروستکرد؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەی نەتەوەی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و ئێمە پێش ئەوەی موسڵمان بین کورد بووین، واتە نەتەوەکەمان لەپێش ئاینەکەمانەوە بووە، هەروەها تورك و فارس و عەرەب هەمویان نەتەوەکەیان پێش ئاینەکە خستووە، بەڵام بە داخەوە یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوەی کورد نەبووە بە هیچ، خودی میللەتی کورد خۆی بووە. کورد یەکتریان قبوڵ نەکردووە و سەرکردەکانی خۆیان بە کەم گرتووە و شوێنیان نەکەوتون، بە چەشنی ئێستا، کە باشترین هەلمان بۆ هەڵکەوتووە، پرۆفیسۆرێکی ئینگلیز دەڵێت، شانس و بەخت یەکجار وەك ئەسپێك دێتەبەردەگات، ئەگەر جلەوت کرد ئەوا سەردەکەویت و ئەگەر نەتکرد ئەوا جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە، ئێستا ئێمە شانس و بەخت ڕوی تێکردووین و هەندێکمان جڵەوەکەیمان گرتووە، بەڵان هەندێکی دیکە خەریکن تێکی دەدەن بە جیاوازی و ناکۆکی، بۆ نموونە ٤٠ حزب لە کوردستانی ٢ ملیۆنیدا داوای هەڵبژاردن دەکەن، ئەوانە زەرە لە کورد دەدەن، یەکەم حزبە ئیسلامیەکان بە ناوی ئاینەوە زەرەر لە کورد دەدەن، بۆ نموونە لە ئوردن مەلیك حوسێن دەمرێ کوڕەکەی دێتەجێی، لە سوریا بەشار ئەسەد دەمرێت کوڕی دەسەڵات دەگرێتەدەست، هەروەها لە مەغریب، بەڵام لە کوردستاندا بە داخەوە یەکێکیان بە دڵ نیە، هەروەها بە ناوی ئاین

و حزبی ئیسلامیەوە کورد دەچەوسێننەوە. میللەتی کورد لە هەموو کەسێکی لە ئاییندا ڕاستتربوو، بەڵام هەموو میللەتان بە ناوی ئاینەوە سوودیان وەرگرتوە، بەڵام بە داخەوە تەنها کورد بە ناوی ئاینەوە زیانی لێکەوتوە.

*** پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان، بۆ نموونە یەکگرتو پێیانوایە لە کوردستاندا هەرچشە لەسەر ئیسلامە نەک لە سەر نەتەوە، ئێوە لەم ڕووەوە چی دەڵێن؟**

- وەڵلا من پێم وایە ئەوان هەرچشەترن لەسەر ئیسلام، چونکە ئەوەی ئەوان دەیکەن نە ئاین قبوڵیەتی، نە عەقڵ قبوڵیەتی و نە ئیسلامیش، قورئان دەفەرموێت « من قتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم» واتە ئەگەر کەسێك بە ئەنقەست بکوژێت سزاکەت دۆزەخە، ئەوان لە ناو ژن و منال و پیر وپەککەوتەدا خۆیان دەتەقێننەوە، پێغەمبەر کاتێك سەحابەکانی نارد بۆ غەزا پێی وتن، جوتیارەکان مەکوژن، خەڵکە سادەکە مەکوژن و ژن و منال مەکوژن، بەڵام ئەوان لە ناو خەڵکدا و لە وڵاتی ئیسلامدا خۆیان دەتەقێننەوە، خۆ کوردستان وڵاتی شەڕ و کافران نیە، هەموی موسڵمانە، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامیانە تەنانەت یەکتریشیان قبوڵ نیە نەك میللەتی کورد.

*** لەناو حزبە ئیسلامیەکاندا هەندێك بەخۆیان دەڵێن میانڕەو و هەندێك توندڕەو، ئایا لەناو ئەم پارتانەدا توندڕەو و میانڕەو هەیە؟**

- ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وا دەڵێن ئەگەرنا ئەوانەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیدان هەمویان یەکن.

*** واتە ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن میانڕەو باوڕیان بە توندڕەوی هەیە؟**

- بەڵێ.

*** ئەم حزبانە ئیسلامیانە مەرجەعیان لەدەرەوەیە، بۆ نموونە مەرجەعی یەکگرتوو ئیخوانە، مەرجەعی کۆمەڵ وەهابیزمە، ئایا نەیاندەتوانی مێژووی خۆمان بکەنە مەرجەع؟**

- مەرجەعی ئێمە زانا و پیاوچاك و شێخە گەورەکان بووە، بەڵام ئەوان چوون جەنازەی شێخەکانی ئێمەیان لە گۆڕەکانیاندا دەرهێنا، ١٤٠٠ ساڵە زانای گەورە هەبووە و چوار مەزهەب هەبووە کە یەکتریان قبوڵ کردووە، بەڵام ئەوان میللەتی کورد قبوڵ ناکەن و تەنانەت سیاسەتی یەکتریش قبوڵ نەکەن، بۆیە بە داخەوە بە ناوی ئاینەوە زەرەری گەورەیان لە کورد داوە.

*** ئایا بەشداری کردنیان لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردندا چ مەرامێکی لە پشتە؟**

- مەرامی ئەوان تەنها زیادکردنی دەسەڵات و کورسی خۆیانە.

*** ئەگەر ئاینی ئیسلام ئاینی خۆشەویستی و ئاشتی بێت، ئایا ئەوان تا چ ڕادەیەك ڕووی ئیسلامیان ناشرین کردووە؟**

- من لەساڵی ١٩٩٣دا هاتمە ئەوروپا، ئەوکاتە موسڵمانەکان ڕێز و حورمەتیان زۆربوو، بەڵام ئێستا ئیسلام لاواز بووە لە ئەوروپا بەهۆی ئەو خۆتەقاندنەوە و کوشتن و برینەی کردویانە. ئەو کاتە کەسێکی ریشدار هەبوایە خەڵك حەزی دەکرد بچێتەلای و زیارەتی بکات، بەڵام ئێستا هەر کاتێك لە تەلەفزیۆن پیشان دەدرێت خەڵك لێیان دەسڵەمێتەوە، لەبەر ئەوە ئاینیان زۆرناشرینکردووە و کاریگەری زۆر خراپیان کردووە. لە ڕوانگەی منەوە ئەوان زیاتر لە شیوعی زەرەریان لە ئیسلام داوە.

*** پێمان خۆشە پەیامی خۆتان بۆ موسڵمانەکانی کورد لە ڕێی گۆڤارەکەمانەوە بنێرێت، ئایا دەبێت زاناکانی ئیسلام نەك حزبە ئیسلامیەکان، چی بەکەن لەم قۆناغەدا؟**

- ڕۆڵی مەلای ڕاستەقینە لە کوردستاندا ئەوەیە نەهێڵن ئەو دەستکەوتانەی کوردستان لەدەست بچێت، ئایین دەفەرموێت هەر میللەتێك بەدوای سەرکردەکانی خۆی نەکەوێت «مات میتە جاهلیە»، واتە وەك ئەوە وایە لە زەمانی جاهیلی بمرێت، من پێموایە ئەرکی مەلاکان ئەوەیە تەبلیغ بکەن، لە خوتبەکان و مزگەوتەکاندا ئەو دەستکەوتانە لە دەست نەدەن کە بە دەستهاتوون، ئەو دو حزبەی لە کوردستاندا حوکم دەکەن کاری زۆرباشیان کردووە، من ٢٥ ساڵ لە سلێمانی بووم و کاتی گەڕامەوە بینیم کە ئاسایش هەیە و خەڵك لە برسیەتی ڕزگاری بووە لە سایەی ئەو حکومەتەوە، هەرچۆنێك بێت پشتی یەك بگرن و ئەو دەستکەوتانە لە دەست مەدەن بەهۆی جیاوازی بە ناوی ئاینەوە، تەنانەت ئەوانەی بە ناوی ئاینەوە سیاسەت دەکەن تکایان لێدەکەم پشتی ئەو حکومەت بگرن، چونکە ئێستاش عەرەبەکان لە مەلاسدان و لە سەددام باشترنابن. هەروەها من تکام لە کوردەکانی ئێران و سوریا و تورکیاش دەکەم پشتی ئەم حکومەتەکە بگرن.





ڕۆڵی مەلای ڕاستەقینە لە کوردستاندا ئەوەیە نەهێڵن ئەو دەستکەوتانەی کوردستان لەدەست بچێت، ئایین دەفەرموێت هەر میللەتێک بەدوای سەرکردەکانی خۆی نەکەوێت «مات میتە جاهلیە»، واتە وەک ئەوە وایە لە زەمانی جاهیلی بمرێت

# ئیخوان موسلمین و گۆڕینی ماناو دەلالەتی برایەتی

## تەفسیرکردنی (تەعاروف) بە ملکەچی و دەستبەردار بوون لە ئینتمای نەتەوەیی



شێواندنی مانا و بەکارهێنانی وشەی ناو ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان، پێش ئەوەی داگیرکەران دژی گەلی موسڵمانی کورد بە کاریهێنابێت، دژی گەلی عەرەب بەکارهێنراوە،ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی نەتەوەی عەرەبدا زۆر جار دووبارە بۆتەوە، بەڵام کەس وەك عەباس مەحمود عەقاد لە فیلمی عومەر موختار بە جوانی تەوزیفی نەکردووە،کە تیایدا ئەفسەرێکی ئیتاڵی دەیەوێت لە رێگەی ئایەتێکی قورئانەوە بە عومەر موختار بڵێت،ئەو شۆڕش وبەرخوردانەی تۆ دژی ئیتالیەکان دەیکەیت،قورئان رێگەت پێ نادات،عومەر موختار (ئەنتۆنی کوین رۆڵەکەی نمایش دەکات) بە پێکەنینەوە دەڵێت: ئێوە قورئانەکەی خۆمانمان بۆ تەفسیر مەکەن، خۆمان لێی تێدەگەین ودەزانین چۆن کاری پێدەکەین) بێگومان ئەمەش دیوە ترسناکەکەی داگیرکەرانە،لەبەر ئەوەی ئەگەر عومەر موختار(سەرکردەی شۆرشی لیبیا) بە گەوهەری ناوەوەی قورئانەکە ئاشنا نەبوایە ئەوە دەکەوتە حاڵەتێکی بێ ئومێدییەوە،یان دەبوایە دەست لە شۆڕشەکە هەڵبگرێت و تەسلیمی دوژمن بێت، یان دەبوایە واز لە قورئانەکەی بێنێت و تەسلیمی شەیتان بێت، پرسیار ئەوەیە ئایا شەیتان لەم باسەدا ئەفسەرە ئیتالیەکان بوو؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر، ئیتالیەکان هاتبوون، تەنها لیبیا وەك وڵات، وەك شارەکانی لیبیا، سامان وداهاتی ماددی ئەو وڵاتە داگیر بکەن، بۆیە شەیتان ئەو دسداشە لەبەرانە بوو، کە هاورێی منداڵی عومەر موختاربوون، وەك عومەر موختار شارەزای قورئان بوون.، ئەوان بوون ئایەتەکانی قورئانیان دژی میللەتی خۆیان بۆ ئیتالیەك هەڵدەبژارد وبە چەند لیرەیەکی ئیتاڵی هەرزان فرۆشیان دەکر، شەیتان ئەو



دسداشـــە لەبەر و عەرەبـــی زمانەنانە بـــوو قورئانەکەیان خســـتبووە خزمەتی داگیرکەران و دەبوونە شاندی داگیرکەران و بە عومەر موختاریان دەگوت : (ئەوە هەمووی خەتای تۆیە کە ئێستا گەلی لیبیا لە ئـــۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بەند کراون،پێیـــان دەوت ئـــەوە خەتای تۆیە ئیتاڵیـــەکان بە کۆمەڵ هاووڵاتیانی بێ تاوانی لیبیا دەکوژن...هتد)، پرســـیار ئەوەیە ئایا عومـــەر موختار خوازیاری شـــەڕ بوو یان شـــەڕخوازان و دسداشە لەبەرە عـــەرەب زمانە خۆ فرۆشـــەکان بوون ئەم تەفســـیرەیان بۆ دەکرد، مێژوو پێمان دەڵێت، موختار دەســـتی ئاشـــتی رەتنەکردۆتەوە، هـــەر کاتێك ئیتالیەکان ئامادەباشـــیان تێدا بووبێت بۆ دیالۆگ و چارەســـەری ئاشتیانە، ئەو ئامادەبووە لە گەڵ ئیتالیەکان دابنیشـــێت و بەپێی لۆژیکـــی قورئان باس لە چارەســـەری راســـتەقینەی کێشـــەی لیبیا بکات و داگیرکاریەکەیان ریسوا بکات، موختار حیکمەتی قورئانی لەو ئایەتە پیرۆزەوە سەیر دەکرد کە پەروەردگار دەفەرموێت: **(الرَّحْمَنُ , عَلَّمَ الْقُرْآنَ ,خَلَقَ الْإِنْسَانَ , عَلَّمَهُ الْبَيَانَ , الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ , أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ , وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ).**

ئەم چەند چەند ئایەتە بەردەوام موختار لـــە فیلمەکەدا دەیلێتـــەوە و هەوڵدەدات منداڵانـــی لیبیاش بەم چەنـــد ئایەتە فێری خوێندەواری بکات و لە گەوهەری قورئان تێیـــان بگەیەنێت، بـــۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە بتوانن لەسەر ناسنامەو ئینتمایان بۆ نیشـــتمانەکەیان (لیبیا ) لە دژی داگیرکەران رابوەســـتن، بە قسەی ئەو شەیتانانەش هەڵنەخەڵەتێن، کە پەنا بۆ ئایەتەکانی قورئان دەبەن بۆ لە خشتە بردنیان.

ئێمـــەش وەك نەتەوەیەکی موســـڵمان، کاتێك لەگـــەڵ داگیرکـــەران بەچەك رووبـــەوو دەبینەوە، دەبێت ئاگاداری ئەو تـــەرازوە بیـــن کە خوا فێرمـــان دەکات خێر وشـــەڕی پێ دیاری بکەین، واتە راســـتە داگیرکـــەرە موســـڵمانەکەی بەرامبەرمان بە ناوی قورئانەوە هاتۆتە ســـەرمان ئایەتی قورئـــان دەکاتە ناوی ئەو هەڵمەتـــەی کۆمەڵکوژی کوردی پێ جێبەجێ دەکات، وەك هەڵمەتەکانی ئەنفـــال (کە ناوی ســـورەتی الانفال)ە، دەبێت تەرازووی هەڵســـەنگاندنمان لێ نەگۆڕێـــت، نابێت ئەوانـــە بە نوێنەری ئیسلام بزانین، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەر لە عێراقدا خەڵکانێکی دیکەش هەن وەك سەماحەتی (حەکیم) ئەو تەرازوەی لەبیر نەکردووە، کاتێـــك رژێمی عێراق داوای لێکرد فەتوا بدات بەوەی شـــەڕی کورد کوشـــتن جیهادە، ئەو رەتیکردوە، لە ناو کوردیشدا خەڵك هەبوون وەك پێشمەرگە بەرگی خاکیان پۆشـــیوە، بەڵام لەبری ئەوەی بەرەنگاری ئـــەو رژێمانە ببنەوە کە کوردیان کۆمەڵکوژ دەکرد، هاوشانی داگیرکـــەران بەشـــداری لە پرۆســـەی سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەکەی خۆی دەکرد.

کەواتە تەرازوی قورئان فێرمان دەکات، نابێت هەر کەســـێك بە کوردی قســـەی کـــرد و بەرگـــی کوردی پۆشـــی، بە تەرازووی رەگەز پەرســـتی بە دڵســـۆز ونیشتمانپەروەری بناسین، هەرکەسێکیش بە زمانی عەرەبی یان تورکی یان فارسی

قسەی کرد، بە دوژمنی بزانین، ئەمەش وەك دووبــارە پیشــاندانەوەی عومەری موختارە لە فیلمەکەی عەقادا.

### داگیرکەران بەچەک،گوند و شارەکانمان دەڕووخێنن شوێنکەوتوانی داگیرکەران فیکرمان دەسووتێنن

وشەی (البعث) کە ناوی حزبی بەعس ناشیرینی کردووە و ئێستا وەك مورادیف بۆ هەموو کردەوەیەکی ناشــیرین ودزی مرۆڤایەتــی بەکاردەهێنرێــت وهەر کە دەوترێ(بەعس) لە هزری هەر تاکێکی کورددا یەکسەر سووتماك لە هزری هەر تاکێکی نیشــتماپەروەری کــورد وێنا دەکرێت، هەوڵ بۆ پێشێلکردنی کەرامەتی نەتەوەیەك دەدرێت. لەبنەرەتیشدا،وشەی (بەعـــس)وەك مانای وشــە لە زمانی عەرەبی بە مانای زیندووبوونەوە،ژیانەوە، هەستانەوە، بەکارهاتووە،پەروەردگار لەم ئایەتەدا بەمجــۆرە بەکاری هێناوە **(ثم بَعَثْناکم من بَعْدِ موتِکم)**، پرســیار لێــرەدا ئەوەیــە ئایا کورد لەم وشــەیە تێنەگەیشتووە وحەزی لە ژیانەوە وئومێد نییە وا تەفســیرێکی دیکەی بۆ دەکات کە تەواو پێچەوانەی مانای وشەکەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەوە کورد نییە مانای ئەو وشــەیەی تێکــداوە، بەڵکــو ئەوە حزبی بەعســە وشەی ژیانەوەی کردووە بە کۆمەڵکــوژی و ئومێــدی کردووە بە نائومێــدی، عەرەبی لــە گەلێکی موسڵمانەوە بۆ داگیرکار بۆسەر گەلێکی موســڵمانی دیکە پەلکێش کردووە، ئەم شــێوازەی بەعس هێنــدەی کاریگەری خــراپ و نائومێدی لە ناو ناخی تاکی عەرەب و دروستکردنی هاودژی لە ناو کۆمەڵگەی عەرەب بۆ تێروانیان بەرامبەر کورد وکێشــەکەی بە جێدەهێڵێت، هێندە کاریگــەری خراپ لــە ناخی کورد بە جــێ ناهێڵێت،بەپێچەوانەوە، لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی بەعس ڕقی پەنگخواردووی کوردی گەیانــدە ئــەو ئیرادەیەی کە هەموومــان لەراپەریــن و پێش هاتنی وشەی (ئیخوان) بۆ کوردستان بینیمان، هەربۆیە،ڕەفتارە دڕندەکانی بەعس، دوای ڕووخانی بەعس، بووە ئــەو ئیرادەیەی کــورد داوای زەمــان وگەرەنتی بکات بۆئەوەی جارێکی دیکە بەعسێکی دیکە ئەنفالێکی دیکە دروست نەکات، بەڵام بۆ گەلی عەرەبی عێراق،کاریگەرگەریەکی ســلبی گەورەتری بەجێهێشتووە، ئێستا فکری بەعس بۆتە بەشــێك لە فیکری ڕەگــەز پەرستی عەرەبــی عێــراق، کەبەراســتی عەرەبی عێراق شایستەی ئەوە نین، ڕەگەزپەرســتانە بیر بکەنەوە، ئەگــەر فیکــری بەعس ئــەو ڕەگەز پەرستییەی لە ناو عەرەبــی عێراقدا دروســتنەکردایە،بۆچی دوای ڕووخانی ڕژێمــی بەعــس، بیریان لــە ڕابردوو دەکــردەوە نەك ئایندە؟ ئێســتا عەرەبی عێراق بە تایبەتی عەرەبی سونە (بەشی هەرە زۆری بەعســی وغەیرە بەعسی ) لــە خەونی ڕابــردوو خەبەریان نەبۆتەوە و ناشــیانەوێت خەبەریان ببێتەوە وبیر لە ئایندەی خۆیــان بکەنەوە، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شــکۆی عەرەبی سونەی عێراق دێتە خوارەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووبەڕووی خۆکوژی زیاتریان دەکاتەوە، ئێستا نوێنەرانی عەرەبی سونەی عێراق کە لە ســەر مێزی وتوێــژ ودیالۆگ لەگەڵیان دادەنیشین، دان بەوەدا دەنێن،کە ڕابردوو تــەواو بوو دەبێــت هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگیرێت، بەڵام کە تێکەڵاوی ئەو فیکــرە شــۆڤێنیە دەبنەوە،دەبینین جارێکی دیکە بەو ئاســتە ســەرخۆش دەبنــەوە، کە لەگەڵ حاڵەتی ئاســایی و هۆشــیاریدا جیاوازیەکــی گەورەی هەیــە، ئــەم تێکدانــی فیکرە،ئەوجا فیکری قەومــی بێت یان ئاینی،هەمان کاریگەری ســلبی بە جێدەهێڵێت، وەك لە حاڵەتی شــەڕی ناوخــۆی ئیرلەندا لە نێوان ئۆرنج وپرۆســتانەکان، کە ئەم دیاردەیە بە ئاراســتەیەك بیل کلینتۆنی ســەرۆکی ئەمریــکای بێزارکــرد کە سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی ئیرلەندای باکوور بڵێت: (ئیرلەندیەکان بەرۆژ هیچ عەیبیان نییە،هیچ کێشــەیەکیان نییە، دەتوانن کێشەکانیان بە ئاشتیانە چارەسەر بکەن، بەڵام کە لە کۆبوونەوەکان چوونە دەرەوەو شــەو داهات وەك سەرخۆشــیان لێدێ و پێچەوانەی ڕۆژ ڕەفتار دەکەن) بێگومان هەموو کێشــەی ئیرلەندامان بینی چەند زەحمــەت وناڕەحەت بوو،لە بنەرەتیشــدا تەنها تێکدانی چەمکەکان بوو.ئەگەرنــا چ پرۆســتنتانت وچ ئۆرنجــەکان، هەردوولایــان وەك نەتەوە ئینگلیز و وەك ئایین کریستیان بوون.

ئەگەر لێرەدا و لەم ئاراســتەیە سەیری کێشــەی خۆمان وەك کورد و تێروانینی کورد بۆ ئیســلام وموسڵمانیەت بکەین، دەبینیــن، کارێکــی ئاســاییە دوژمن بــە چــەك ڕووبــەڕووت بێتــەوە و بە ئاشــکرا هەوڵبدات ناسنامە وئینتمایی نەتەوەییــت زەوت بکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی مێژوو دەڵێــت، هیچ گەلێك بە توندوتیژی ناتوێتەوە، بەڵام مەترسیەکە لەوەدایــە، وشــە جوانــەکان ژەهراوی بکرێــن ولەناو پیرۆزیەکی گەورەی وەك پیرۆزی قورئاندا دەرخواردی میللەتێك بدرێن،ڕووبەڕووبونەوەی ئەم شــێوازە،وەك



**تیرۆرکردن وتۆقاندنی فیکر زۆر لە تیرۆر وتۆقاندنی جەستەیی ترسناکترە**



ئـەوە وایە بەمیوانـداری بچێتە ماڵێك و خـاوەن ماڵەكە ژەهرت بە هەنگوینەوە دەرخوارد بدات، بۆیە كاتێك تۆ ژەهرەكەت دەرخـوارد دەدرێت،تـۆ ژەهر ناخۆیت و هەنگوینت خواردووە، بۆیە لەبری ئەوەی وەك قورئان دەفەرموویت(هەنگوین شیفایە بۆ مرۆڤ) ئەو هەنگوینە دەبێتەئیزرائیل بۆ مرۆڤەكە، كەواتە ئەوەی بە هەنگوین ژەهر خواردوو دەكرێـت، لەو هەنگوینە دەكەوێتە گومانەوە كـە لە قورئاندا بە شیفا باسـكراوە، نەك (قابض الارواح)، بۆیە كاتێـك ناپاكێك ئـەم هەنگوینە پاكە دەكاتە پەردەیەك بۆ شـاردنەوەی ژەهرێك،بۆ گەیشـتن بـە ئامانجێكی خۆی،تەنهـا كەسـێك ناكوژێت، بەڵكو گومان لەسەر پیرۆزی قورئان لە دیدی كەسـوكاری كوژراوەكە دروست دەكات، بۆیان بكرێت هەتا مابن دەم بۆ هەنگوین نابەن و هەموو قورئانیش لەبەر بكەن ئەو ئایەتە لەبەر ناكەن،ئەمە كە دەبێتە تیرۆر و تیرۆركردن وتۆقاندنی فیكر زۆر لە تیرۆر وتۆقاندنی جەستەیی ترسناكترە.بۆئەوەی ڕێگـەش نەدەیـن كوژارەكەش(كەلـەم ڕاپۆرتە ناسـنامەی كـورد وئینتمای نیشتمانیە) وكەسـوكاری قوربانیەكەش (هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی وژیاندنەوەی ئینتمایە) بەگومانەوە سەیری هەنگوینی قورئانەكە نەكەن، لەبەر چەند كەسێكی ڕاسـپێردراوی دەرەكی واز لە خواردنی هەنگوینەكە نەهێنن، ئەوا ئەركی ئێمەیە كە ناسنامەی ئەو كەسانە ئاشكرا بكەین، كە هەنگوینی قورئـان لە هۆكارەوە بۆ شـیفا وتەندروسـتی كۆمەڵ،دەگۆڕن بۆ ژەهری كوشـتنی بەكۆمـەڵ، ئایا ئەمەمان پێدەكرێـت؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵـێ، بە گێڕانـەوەی چەمكەكان بۆ ناو ئەو تەرازووەی كـە موختار هەوڵیدا نەوەكانی ئایندەی پـێ پەروەردە بكات و، ئیرهابـی دامـەزراوەی دەوڵەتـی ئیتالیا دژی گەلـی لیبیا و ئیرهابی فیكری عەرەبزمانەكانی پێ بناسـێت ولەیەكتریشـیان جیابكاتـەوە، كەواتە ئێمەش بە دانانی هەردوو وشەی ئیخوان وتەعاروف لە ناو تەرازووی ژیری خۆمان وگـەڕان بەدوای مانـاو دەلالەتی ئەو وشانە وچۆنیەتی بەكارهێنانی واقیعەكە ڕاست دەكەینەوە، واتە بەكارهێنانی ئەو دوو وشەیە لە قورئان و جیاكردنەوەی لەو بەكارهێنانەی ئیخوان موسلینە كوردەكان بۆ بەرژەوەندی سەرچاوە یان مەرجەعی سەرەكی ئیخوان موسـلمین(كە مانای ئومەی عەرەبیە)بەكاری دەهێنن، ئەمەش واتە دۆزینەوەی هەنگوینە ڕەسـەنەكەیە پێش ئەوەی ژەهری پێـوە كرابێت.پێش ئەوەی ئیخوان بـۆ ئیرهابی فیكری و شێواندنی ناسنامە و داماڵینی ئینتمای تاكەكانی نەتەوەیەك بـە كار بهێنرێت، ئەمە ئەو شـێكارەیە كە پـەروەردگار دواهـان لێـدەكات بە ئەقڵـی خۆمان بیخەینە نـاو تەرازووەكە،بەڵام لە كاتی هەڵسەنگاندن یان كێشانەكەدا،تەرازووەكە لەبیر نەكەین،واتە هاوسەنگی تەرازووەكە



**(وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ)**، كەواتە ڕاگرتنی هاوسـەنگی تەرازووەكە و گەیشتن بەگەوهەری مانای وشەكان،ئەركی ئەقڵی تاكەكانە بەدوایدا بگەڕێت،ئەم ئەركە كە دەبێتە شـەڕی تیرۆری فیكری زۆر لەشەڕی تیرۆری ئاسـایی ترسـانكترە، بۆیە دەبێت،زۆر هۆشـیارانەتر ئـەم شـەرە بكرێت، لە تیرۆر وتوندوتیژی ئاسایدا بكەری كارە تیرۆیستیەكە خۆكوژە،بەڵام بكەری كارە تیرۆستیە فیكریەكە بەرامبەر كوژە، واتە مرۆڤەكە وەك جەسـتە ماوە، بەڵام وەك فیكر وئینتما، نە بەكوردی بیر دەكاتەوە و نە ئینتماشـی بۆ خاكەكەی دەمێنیت كوردسـتاندا، كەواتە قوربانیەكانیشمان جیاواز دەبن، قوربانیەكان لە حاڵەتی تیرو توندوتیژی ئاسـایدا دەبنە هۆكارێك بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆمان زیاتر یەكگرتوو و بكەین بۆ ئەوەی دژی ئەو مەترسـیە ڕابوەستین،بەڵام قوربانیەكان لە حاڵەتی تیرۆری فیكریدا، خۆیان دەبنە هۆكاری بێ ئیرادەیی ونائومێدبوونمان،قوربانیەكان لـە حاڵەتی یەكەمـدا، واتـە تیرۆرو توندوتیـژی خەڵك فێر دەكەن ئاشـتی وپێكەوەژیـان وئومێدیـان زیاتر خۆش بوێت، لە حاڵەتی دووەمدا كە ئیرهابی فیكریە، فێرمـان دەكەن قێز لە برایەتی و پێكەوە ژیـان بكەینـەوە، ئەمە ئەو حاڵەتەیـە، تەرازووی هەڵسـەنگاندنی ئەقڵمـان دەشـێوێنێت، ئەمەیە دەیكاتە ئەركـی سەرشـانمان بـەدوای مانا ودەلالەتی ڕاسـتی ئەو وشانە بكەوین، كـە وەك ژەهر دەیكەن بـە هەنگویناو دەرخواردی نەتەوەكەمانی دەدەن.

### ئیخوان،مانای ئەو برایەتی ویەكترناسینە نییە كە یەكگرتوو بۆ موسڵمانانی كوردی تەفسیری دەكات

یەكێك لەو سیمایانەی كادرو هەوادارانی یەكگرتووی ئیسـلامی پێدەناسرێتەوە، ئیدعـای خیتابی جاهیلیەتـە لە ژێر پـەردەی خیتابی مەدەنیدا، بێگومان بە كارهێنانی وشەی جەهل یان جاهیلیەت، وەك وشـەیەك لـە موناقەشـەیەكی فیكری بـە كاردەهێنین، نەك شـەرە جنێو،بۆیـە ئـەم ڕاپۆرتە بـۆ دەرگا داخسـتنی وتوێژ ولێكتێگەیشتن نییە،



**چۆن دەبێت لە وڵاتی ئێمە كە ئافرەتی لەشفرۆش وسەماكەر نییە، تۆ لەمەترسی لەشفرۆشی وسەماكردن ئاگاداری بكەیتەوە**

چۆن دەبێت، کەرامەتی ئافرەتی کوردستان بە سەنگی کەرامەتی حاجی شەهیرە وخەلیفە حەنان پێوانە بکرێت



بەڵکو، بۆ زیاتر ڕۆچوونە لەسەر بەکارهێنانی جەهل وجاهلیەت، لەگەڵ مەدەنی ومەدەنیەت،دەبێت میللەتی ئێمە بەشدار بێت وفێرببێت چۆن ئەم وشانە لە موناقشە و وتوێژە فیکری وسیاسیەکاندا بەکار دەهێنرێت، دەبێت بە تەرازوی ئەقڵ و لە چوارچێوەی هۆشیاری نەتەوەیی و ئینتمامان بۆ خاکەمان بە کاریان بهێنین، دەبێت ئەو زەمەنە بەسەر بچێت جاهیلێك نەزانێت مانای جەهل چییە،بەرامبەرەکەی بە جاهیل و جاهیلیەت ناو دەبات، هەربۆیە ئێمە ناتوانین باسی جەهل وجاهلیەت ومەدەنی ومەدەنیەت بکەین، ئەگەر وشەی جاهیلیەت وجەهل و مەدەنی و مەدەنیەت تێنەگەین ومانا رووکار و ناوەکیەکەی پێکەوە گرێنەدەینەوە، ئەم چەند دێرەمان بۆیە بە زیادەوە نووسی بۆئەوەی نەیکەینە بیانوو،ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، جەهل بە مانای شوێنکەوتوانی قورئان،یان بە مانای موسڵمانان بەکار دەهێنین، نەخێر جەهل بەو مانایە بەکار دەهێنین، واتە نەزان بە مێژووی خۆی، نەزان بە چۆنیەتی دروستکردنی برایەتی، نەزان بۆ مەرجەکانی یەکتر ناسین و برایەتی نێوان گەلان، بۆیە کە دەڵێین خیتابەکەتان خیتابی جاهیلیە، واتە ئەو خیتابە کە بە زمانی کوردی بە موسڵمانانی کوردی دەڵێن، جەهلە بە مێژووی کورد وەك نەتەوە، جەهلە بە ئینتمای تاك وەك تاکی کورد و پێوەندی روحی تاکی کورد وخاکەکەی،بۆئەوەی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە رابوەستین وشەفافانە هەردوولا راستیەکان ببینین و رێگە نەدەین جەهلی خۆتان بە قورئان بشارنەوە، داوا دەکەین تەرازوو بێتە پێش و هیچمان فێڵ لە تەرازووەکە نەکەین، ئێمە دەمانەوێت، هاوکێشەکە راستبکەینەوە وکەرامەت بۆ ناسنامە و ئینمای تاکی کورد بگەرێتەوە، ئەوە ئێوەن لە میسر ودەوڵەتانی کەنداو نێردراون بۆ وڵاتی ئێمە و دەتانەوێت لە نیشتمانەکەمان چەمکەکان بخەنە تەرازووەوە، ئەوە ئێوەن پارەی دەوڵەتانی دراوسێ وەردەگرن و لە کوردستان وردی دەکەنەوە، بەڵام چۆن دوکاندارێکی هەولێر دینارێکی ئیماراتی،یان درهەمێکی قەتەری،یان ریاڵێکی سعودی،یان لیرەیەکی تورکیتان لێوەرناگرێت، ئەگەر بتانەوێت تەنها یەك کیلۆ پیاز لە سەوزە فرۆشێك بکرن،دەبێت ناچار بن دراوەکانی بێگانە بگۆڕنەوە بەو دراوەی لەم وڵاتە کاڵای پێ بەراورد وهاوسەنگ دەکرێت،هەربۆیە دەبێت ئەو چەمکانەش کە لە میسر ودەوڵەتانی کەنداو (مەبەست قورئان نییە، نابێت قبوڵ بکرێت ئەو چەمکانە بە قورئان پەردەپۆش بکرێن) هێناوتانەتە کوردستان، دەبێت مانای ئەو چەمکانەش بە تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام بەراوردو پێوانە بکرێت، ئاخر چۆن دەبێت لە وڵاتی ئێمە کە ئافرەتی لەشفرۆش وسەماکەر نییە، تۆ لەمەترسی لەشفرۆشی وسەماکردن ئاگاداری بکەیتەوە، چۆن دەبێت، کەرامەتی ئافرەتی کوردستان بە سەنگی کەرامەتی حاجی شەهیرە وخەلیفە حەنان پێوانە بکرێت، چۆن دەبێت لێبوردەیی و برایەتی ناو قورئان بەوجۆرەی موسڵمانی کورد لێی تێگەیشتووە، تۆ بە ملکەچی و زەلیلی لە دیدی عەرەبێکی شۆڤێنی میسر ودەوڵەتانی کەنداو تەفسیری بکەین، چۆن دەبێت (جعلناکم شعوبا وقبائل) بە ناوی ئومەی ئیسلامی بە ئومەی عەرەبی تەرجەمە بکرێت،دەبێت شعوب وقەبائیلەکەی ناو قورئان بە نەتەوە وگەلە جیاوازەکان هەڵبسەنگێنرێت و بە تەقواو خوا پەرستی بڕیاری لەسەر بدرێت، نەك بەرازیکردنی ئەم وئەو، دروست وەك مامۆستا عەلی قەرەداغی لە قەتەر بە دسداشەو عەگەلاوە لەگەڵ قەتەریەك جیاوازی نەهێشتووەو و لە کوردستانیش بە جەمانەو شاڵی کوردیەوە لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتێکی کورد جیاوازی نەهێشتۆتەوە، ئینجا چۆن بەرێز مامۆستا عەلی قەرەداغی لەو راستیە تێدەگات، ناشێت ونابێت بە دسداشەو عەگالەکەی

قەتەرەوە لە کوردستان پیاسە بکات، دەبێت هەر خـۆی ڕێگە نەدات چەمکەکانیش بە دسداشـە وعەگالەوە بێنە کوردستان، بـەڵام گۆڕینـی ڕووکاری دسداشـە وعەگال بـۆ ڕانکوچۆغە وجامانە زۆر قورس نییە، بەڵکو داکەناندنی دسداشە وعەگال لەبـەری چەمکەکان و دروینی ڕانکوچۆغە بۆ چەمکەکان و بەسـتنی جامانـە بۆیان بـە جاهیلانـە ناکرێت و دەبێـت وریا بیـن مەدەنیەتمان لەبیر نەچێتەوە. تەنها لەبەرکردنی ڕانکوچۆغە وبەسـتنی جامانەش بەس نین، بەڵکو دەبێت، تێگەیشتنێکی فتریش هەبێت بۆ لەبەرکردن وبەسـتنی جامانەکە، ئەگەر ئەم تێگەیشتنە فەتریە نەبوو، ئەوا ڕاستە بەزۆر ڕانکوچۆغەمـان لەبەر کردووە، گەلی کوردهۆشیاریش ئەوکات دەزانێت ئـەو ڕانکوچۆغە لەبەرە کورد نییە، ئەو چەمکە کوردی نییـە و نامۆ یە، ئەم تێگەیشـتنە لە جەهالـەت ڕزگارمان دەکات، بـەرەو خیتابـی مەدەنیەتمان دەبات.لێـرەوە بـە کورتی دێینە سـەر تەفسیری ئیخوان.

## ئیخوان

کە وشـەی ئیخوان بەکار دەهێن یان بە کوردی (برا) بـەکار دەهێنن،دەیانەوێت پێمان بڵێـن کێ دەتوانێت دژی برایەتی نێـوان تاکەکانی کوردسـتان بێت،ئەوە ئێمەیـن هەوڵەکانمان بۆ برایەتیە، لێمان دەپرسـن ئایا لەبرایەتی پیرۆز تر هەیە؟ بێگومان نەخێر، چونکـە برایەتی واتە ئیعتراف بەیەکتری کردن، واتە ڕێزگرتن لە ئـازادی، واتە بونیادی سـەروەری یاسـا، واتـە دەوڵەت واتە ئـەو کیانە سیاسیەی ئێستای هەرێمی کوردستان، واتە پەرلەمـان وحکومەت، بەڵام ببورن برایەتی مانای ئیخوانەکەی ئێوە نییە، لێـرەوە جەهالـەت ومەدەنیەت لەسـەر تەفسیری وشەی برایەتی لەنێوان ئێمەی ئەقلانی وئەوانی جاهیلدا،سەر هەڵدەدات، لەبەر ئەوەی ئەو برایەتیەی ئێمە باسی دەکەین، جیاوازە لـەو ئیخوانەی ئەوان بـە زۆر دەیکەنـە برایەتـی کوردی و بـەزۆر لە کوردی دەشـێوێنن، جەهلی بەرامبـەر لەوەدایە، بۆ موناقەشـەی ئێمە دەچن المنجد والصحاح دەگەڕێن،




ناچن فەرهەنگی مرۆڤایەتی بگەڕێن، ئـەوان بەوجۆرە لە ئێمـە تێدەگەن، کە دەڵێیـن برایەتی مانـای ئیخوانەکەی ئێوەنیە وقبوڵناکەین،ئیخوانیش تەرجەمە بکرێـت بۆکـوردی، لەوانەیـە دەڵێن، تەنها وشـەی ئیخوان نییە لە مێژووی جیهانی مرۆڤایەتیدا ڕێگەی پێنادرێت، تەرجەمـە بکرێت،ڕاسـتە لـە زمانی ئینگلیزیدا،هەندێك لە کەس لەبری ئیخوان (Brotherhood) بەکاردێنن، بەڵام ئەو پسـپۆڕانەی کە تێدەگـەن ئیخوان پێچەوانـەی (Brotherhood) ڕێگـە بە خۆیان نادەن تەرجەمەی بکەن بە ئینگلیزی دەنووسن (Ikhwan)، هەروەها زۆر شـتی دیکەش بۆ نموونە جیهـاد تەرجەمـە ناکرێـت و هـەر بەئینگلیزیـش دەنووسـن(Jihad) ئـەم تەرجەمەکردنانە مانای وشـەکان تێکدەدات، هـەر بۆنموونە، ئیخوانەکان هەموو ئامانجێکیـان هەبێت،ئامانجیان برایەتـی نییـە، لەبـەر ئـەوەی یەك بانگێشـەیان نییە، بانگێشە بۆ برایەتی نێوان مرۆڤـەکان بکات، بانگێشـەی ئەوان بۆ ئیخـوان، واتە ببە بە کۆیلەی من،بەئەقڵی من بیربکەوە، بە ئەقڵی من لە قورئان تەفسـیر بکە، بە چاوی من سەیری پێغەمبەر(د.خ) بکە، بە شێوەی من نوێـژ بکە، بەقسـەی من لەگەڵ دراوسـێکەت مامەڵە بکە، بە پێوانەی من تەفسـیر مافی هاونیشتمانیبوون و هاوڵاتیبوونـی، پێکهاتـە جیاوازەکانی وڵاتەکـەت بکـە، ئایا ئەمـە لە دوور لە نزیك پێوەندی بـە برایەتیەوە هەیەو لایەنێکی دیکە ئیخوان پێناسەی هەموو مافەکان دەداتە پیاوەکان وئافرەت بێ بەش دەکات، ئایا برایەتی سیفەیەکی گشتیە بۆ ئافرەت وپیاو، یان تەنها سـیفەتێکی تایبەتیە بۆ پیاوان،ئەمەش واتە بێ نرخ کردنی ئافرەتان،بۆیە کە ئیخوان دەکەین بە برایەتی، دەبینین یـان دەبێت هەموو

ماناو دەلالەتەکانی پیرۆزی برایەتی لە ناو فەرهەنگی کـــوردی بگۆڕین، کە ئەمەیان مەحاڵە، یان دەبێت،ڕێگە نەدەین تەرجەمە بکرێـــت، گۆڕینی ئیخوان بۆ برایەتی، واتە گۆڕینی لێبوردەیی کورد بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، واتە بڕوابوون بە نایەکسانی ئافرەت وپیاو، واتەتێکدانی مانای هاونیشـــتمانیبوون وهاوڵاتیبـــوون، ..هتد، بۆیـــە ناکرێت وشـــەیەك لە میسر بەکار هاتبێت بەمانا ودەلالەتێکی تایبەتـــی، ئەمڕۆ هەموو بنەماکانـــی کۆمەڵگەی کوردســـتانی پێبڕووخێنن، ئایائەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان بڕوای بەوە هەیە ئێزدییەك برای بێت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی بێت؟، ئایا ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی باوەڕی بەوەهەیە کریســـتیانێکی کوردســـتانی برای بێت وئەندامـــی ســـەرکردایەتی حزبەکەی بێت؟، ئایایەکگرتووی ئیسلامی بڕوای بە برایەتی نێـــوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان هەیە وڕێگە دەدات، پیرێکی ئێزدی یـــان قەشـــەیەکی کریســـتیان لـــە تەلەفزیۆنەکەیـــەوە باســـی ئایین وتایبەتمەنـــدی خۆی بـــکات، کەواتە ئیخوان نابێتە برایەتـــی، لەبەر برایەتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردســـتان ناهێڵێت،جیاوازیە جوانەکانی کوردستان ناهێڵێـــت، مانـــای وشـــە جوانەکانی فەرهەنـــگ وکولتـــووری کوردســـتان ناهێڵێت، هەر بۆ نموونە کاتێك برایەکی کریستیان لە ناو ســـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی دەبینێتەوە، هەست ناکات کەرامەتی نەتەوە وئایینەکە پێشـــێلکراوە، بەڵام لەنـــاو یەکگرتووی ئیسلامی خۆی ببینێتەوە، هەست دەکات کەرامەتـــی ئایین ونەتەوەکەی پێشـــێل دەکرێـــت، کاتێك کریســـتیانێك دەبووبە پێشمەرگەی شۆڕشـــەکانی کوردستان پێمان نەدەوت تۆ لە جەهالەت هەنگاوت هەڵگـــرت و ئەقلانیەتت دۆزییەوە،پێمان دەوت بـــەم هەنـــگاوە ئەقلانیەت ئیدی ناتوانین بڵێین کوردســـتان تەنها موڵکی کوردە، بەڵکو کوردســـتان موڵکی هەر تاکێکی کوردســـتانە بە تەواوی ئایین ونەتـــەوە جیاوازەکانەوە،ئایـــا کاتێـــك ئەمینـــداری یەکگرتوو،زاتی ئەوەدەکات وئیخـــوان بکات،بە برایەتـــی، دەتوانێت زاتی ئەوەش بکات بڵێت، ئیسلامەکەی من لە میســـر وکەنداو هێناومە، بەشی کریستیان و ئێزدیشی تێدایە، ئایا زاتی ئەوە دەکات بڵێت، هێندە ڕێزی هەســـتی ئێزدییەك بگرێـــت و نەڵێت(.....)، ئایا دەتوانێت ڕێزی هەســـتی کریســـتیانێك بگرێت، کریستیان و شەڕی خاچ پەرستی لێکجیابکاتـــەوە، ئایـــا بـــۆ ڕێزگرتنی هەستی کریســـتیانەکان، دەتوانێت زاتی ئەوە بکات وبەدەمیدا بێت بەشەڕی خاچ پەرســـتی بڵێت، شەڕی پیرۆز (Holy war)، لەگەڵ ئەوەی کریســـتیانەکان شەڕی خاچ پەرســـتی ئێستا بەشەڕی پیرۆز نازانن، بەڵام هەیە وەك جورج بوش ئێستاش بەشەڕی پیرۆزی دەزانێت،کەواتە فێلکردن، چەواشـــەکاری، ئەمانە هیچ کاتێـــك ناتوانن تاســـەر بۆیـــان بچێتە سەر،بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم پێناسەیە بۆ برایەتی، دەرهاویشتەی ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو دەرهاویشـــتەی ئەو فیکرە شـــۆڤێنیە عەرەبییەیە،کە ئیسلام بەدیدی قەومیەت ســـەیر دەکات، تەنها ڕێگەش بۆخۆ ڕزگار کردن لەو جەهالەتە،هەنگاو هەڵگرتنـــە بەرەو مەدەنیـــەت، لێرەوە بە هاوڵاتیانی خۆمان دەڵێین برایەتی لای ئێمە چ مانایەکی هەیە:

١- مێژووی فەلســـەفەی سیاســـی لەو کاتـــەوەی بە ئەقلانیەت ســـەیری مرۆڤایەتی کراوە،برایەتـــی بەو مانایە پێناسە کراوە، کە مرۆڤ دەستبەرداری کۆمەڵگەی سروشـــتی دەبێت و هەنگاو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنـــی هەڵدەگرێت، ئـــەو کۆمەڵگەیـــەی تاکەکان لەســـەر نەناسینی مافی بەرامبەر نابنە گورگ بۆ یەکتری، بەڵکو بە ناســـینی مافی بەرامبەر دەبنە بـــرای یەکتری،هەروەك چـــۆن ئێســـتا لـــەو ڕۆژئاوایـــەی کە یەکگرتووی ئیسلامی بە کوفر و بەرەڵڵا بۆ موســـڵمانی کوردی تەفسیر دەکات، دەبینین،لەوێ ماناکانی برایەتی ئاسانن و پێکەوەژیان ئاســـاییە، لەوێ ئاساییە خانمێکی کریستیان شـــوو بە پیاوێکی موســـڵمان بکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لەو وڵاتە یاســـا بۆ مرۆڤ دانراوە نەك



بۆ کریســـتیانەکان، لەوێ مرۆڤ هەیە کریســـتیان وئیســـلام وبوزی وهیندۆس و جولەکـــە نییە، هەر بۆیـــە مرۆڤەکان دەتوانن بـــرا بن، دەتوانـــن پێکەوە ژیان دروست بکەن، دەشێت کۆرپەیەك دایکی یان باوکی کریســـتیان بێت یان ئیسلام، دەکرێت ئازادیش بێـــت، ئایینی باوکی یـــان دایکی کامیـــان هەڵدەبژێرێت،ئایا ئیخوانەکان ئەمە قبـــوڵ دەکەن، نەخێر لەبـــەر ئەوەی ناتوانـــن وەك مرۆڤ بیر بکەنەوە، ناتوانن ئازاد بن، چۆن دەتوانن باسی ئازادی بکەن.

٢- کە لە کۆمەڵگەدا بێجگە لە مرۆڤ شـــتێکی دیکە هەبوو، واتـــە تەنها ئەو پێناسەیەی کە مرۆڤەکان دەگرێتەوە، دوا ئامانجن، ئەوانی دیکە ڕاســـتە گیانیان لەبـــەرە و بەڵام ســـیفەتی مرۆڤیان لێ داماڵراوە، دروســـت وەك ئەو مرۆڤانەی لە یاســـای ڕۆمانیدا بە کۆیلە پێناســـە کـــراون.. دەبینین مرۆڤن، بەڵام هۆکارن بۆ ئامانجـــی مرۆڤێکـــی دیکە، ئێمە



که هەموومان بەندەی خـوا بین،دەبێت بێجگە لە خوا کەسـی دیکە مافی ئەو پۆلێنکردنەی نەبێت،دەبێت بێجگە لە خوا، کەس مافـی دانانی مافی هاولاتیانی پلە یەکـدووی نییە،کەس مافی ئەوەی نییە لـە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەو فرە ئایینیدا، فەزلی موسڵمانێک بدات بەسەر کریستیانێک وبانگێشەی ئەوە بکات تەنها بـاوەڕداران بران،واتە ئەوەی باوەڕی وەك ئەوان نەبێت مرۆڤ نییە،وەك کۆیلەیەك هۆکارە بۆ ئامانجـی باوەڕداران،کەواتە شـێواندنی مانای برایەتـی، واتە بێ بایـەخ کردنـی یەکسـانی مرۆڤەکان لەبەردەمی یاسـا، واتە سەپاندنی یاسا بەسـەر ئیرادەی تاکە ئـازادەکان، واتە ملکەچکردنی تاکەکان بـۆ ئیرادەیەك لە دەرەوەی ئیـرادەی خۆیان، واتە ئێمە هەتا دنیـا کۆتایی دێت بە جەهالەت و دوور لە ئەخلاقی ئیسلامی ومرۆڤایەتی بانگێشـەی برایەتی بکەین، بێجگە لە داگیرکە ر شتێکی دیکە نیین.

**تەعاروف**

تەعاروف یان یەکتر ناسین لە فەرهەنگی ئیخوانـدا، هەم دژی وشـەی تەعاروفە (لتعارفـوا)ی قورئانە، هـەم دژی ئەو تەفسیرەیە کە لە مێژووی کورد و کوردستان بۆ تەعاروف و پێکەوە ژیان هاتووە، بۆیە کاتێك لە قورئان باسی تەعاروف دەکات، واتە پێش هەموو شـت قورئان ئیعترافی خوامان بە جیاوازی نەتـەوە جیاوازەکان پـێ رادەگەیەنێت، هەروەهـا فەرمانی خواشـمان پێڕادەگەیەنێت، مانەوەی ئەم جیاوازیـەش پیشـاندانی حیکمەتێکی دیکـەی پـەروەردگارە، لەبـەر ئەوەی بـەدەق لە قورئاندا هاتـووە (ئەگەر خوا حەزی بکردایە ئـەم جیاوازیە نەبێت ئەوا هەمووماني بەیەك نەتەوە دروسـتدەکرد) کەواتـە قورئان پێش تەعـاروف، دوای ئیعترافکردنمان لێـدەکات، ئەمەش واتە دەبێت کـورد پێـش ئـەوەی تەعاروف لەگەڵ فارس بـکات ئیعتراف بکات کە نەتەوەیەك هەیە ناوی فارسە نەك نەتەوەی ئیسـلام، تورك وعەرەبیش بەهەمان شێوە، لەبەرامبەردا دەبێت موسڵمانانی عەرەب و تورك وفارس، ئیعتراف بە نەتەوەیەك بکەن وەك کورد. واتە ئەم نەتەوەیە پێش ئەوەی موسڵمان بێت کوردە وهیچی لە نەتەوەی تورك و فارس و عەرەب کەمتر نییە، چۆن نەتەوەی فارس وتـورك وعەرەب مافی خۆیانە دەوڵەتیان هەبێت، کوردیش مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت، پاشـان ئومەی ئیسـلام حسـابە یان نە، ئەوە نەئیشـی حەسەن بەنا و نەئشی سەید قوتبە، ئەوەی ئیشـی ئەوە ئیعتراف کردنە بە کورد وەك نەتەوە، بەڵام بڕیاردان لەسـەر ئەوەی کە کورد ئومەی ئیسـلامیە یـان نا، ئەوا بێجگە لە خوا کەسێکی دیکە ئەو مافەی نییە، کەواتە کـە کادرەکانی یەکگرتوو، دێن بە موسڵمانی کورد دەڵێن، جیاوازی تۆ لەگەڵ موسـڵمانێکی تورك،عەرەب، ئەفریقی، یـان مالیزی نییە، ئەوە گاڵتە بەنەتەوەکەی خۆی دەکات، لەبەر ئەوەی کـە ئیعتـراف نەبوو،تەعاروفیش نابێت، کـەوات بانگێشـە بۆ تەعـاروف پێش ئیعتراف، واتە سوکایەتیکردن بە نەتەوە بە ئینتما، سوکایەتی کردن بە خاك.لەوانەیە یەکێك لە جاهیلانەی خیتابە جاهیلیەکەی بە مەدەنیـەت بە بە موسـڵمانی کورد دەفرۆشـێتەوە، بڵێت، تەعـاروف مانای یەکتـری ناسـینە چ پەیوەندیەکی بە ئیعتراف و دانپێدانانـە هەیە، ئایا تۆ کە تەعاروف دەکەیت لەگەڵ کەسـێك پێشتر هاتوون ئیعتـراف بەیەکتری بکەن،کەواتە پێویستە تەعاروف بکەن بۆ ئەوەی ئیعتراف بەیەکتری بکـەن، لەوەڵامی ئەم جاهیلە دەڵێین، ئایا ئەگەر یاسـای نەهێشـتی ڕەگەزپەرسـتی پیادە نەکرێت، ئایا سپی پێسـتێك چـۆن لەگەڵ ڕەش پێسـتێك تەعـاروف دەکات، ئـەو ئیخوانیە بەڕێزە دەبێت فیلمی نیلسۆن ماندیلای نەبینێبێت، کە ماندیلا بەزاری خۆی دەڵێت، من ناوم ماندیـلا نییە، ناوێکـی ئەفریقیم هەیە، لەبەر ئەوەی سیسـتەمی ڕەگەزپەرستی باشـوری ئەفریقیا ئامادەنەبوو، ئیعتراف بە ڕەشپێستەکانی باشوری ئەفریقیا، بۆیە ئامادەنەبوو، ناوە نەتەوەیەکانی ئەفریقاش بناسـێت،لایەنێکی دیکە، ئەو شوێنانەی تەعاروفی تیا دەکرێت، ئەو شوێنانەن کە مرۆڤەکان بەیەکسـانی تیایدا کۆدەبنەوە، باشـە ئەگەر یاسـایەك هەبێـت، وەك لەسەردەمی نازیدا لەهەندێك چێشتخانەی ئەڵمانیا پیادەکرا و لەسـەری نوسـرابوو (سەگ و چەند جۆرە مرۆڤێك نابێت بێنە ئەم چێشتخانەیە) ئایا تەعاروف لە نێوان گەلی ئەڵمانیای نـازی ئەو مرۆڤانەی پێشـوەختە ئیعتراف کردنیان ڕەتدەکرێتەوە ڕوودەدات، ئایا ئیخوان موسلمین تا ئێستا بەیانێکی بـڵاو کردۆتەوە دەبێت نوێنەری کورد،نالێین وەك ئەندام، بەڵکو وەك چاودێر لە کۆبونەوەکانـی کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی بەشـدار بین، بۆیە کاتێك ئەوان ئیعتراف بە ئێمە نەکەن، پێش ئـەوەی دژی قورئانەکەی پەروەردگارن، دژی ئەوەشـن، ئێمـە وەك عـەرەب، فارس،تورك..هتـد، ئـەو مافانەمان بۆ بسەلمێنن کە خوا پێی بە خشیووین، کەواتە ئەوەی بانگێشـە بۆ ئەو جۆرە تەعاروفە دەکات، بێجگـە لەوی ڕێـزی قورئانی پەروەردگار دەشـکێنیت، لە هەمانکاتدا، ناسـنامەی میللەتەکە و ئینتمای خۆی وەك تاك بۆ خاکەکەی دەدۆڕێنیت، ئەمە بەتەواوی هاوشـێوەی ئەو سەردەمەیە کە ئیسـلام بە جاهیلیەت ناوی دەبات، پشت دەکەنە قورئان و هەقیقەتەکانی پەروەردگار و بتە ئیخوانەکانی میسر دەپەرستن.



پرۆفیسۆرعەبدولعەزیز ساچەدین بیرمەندی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئیسلامی سیاسیی دەیکات ناشرینکردنی رووە جوانەکانی ئیسلامە

**پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز ساچەدین ئوستادی زانستی سیاسەت ودیراساتی ئایینیە لە زانکۆی ڤێرجینیا و تایبەتمەندە لەسەر بزاڤ وپارتە سیاسیە ئیسلامیە رادیکاڵەکان و یەکێکە لە و بیرمەندانەی کە بایەخیکی گرنگ بە ئیسلامی سیاسیی دەدات بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلامی سیاسیی ودەرهاویشتە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر لانچی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بزووتنەوە ئیسلامیە رادیکاڵەکان بە ئاشکرا ئامانجەکانی خۆیان راگەیاندووە و ئامادەش نین گفتوگۆیان لەبارەوە بکەن، بە چەشنی ئەو بزووتنەوەیەی لە ئەفغانستاندا بوونی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پێناسەی ئەم بزووتنەوانە دەکەیت و ئایا چ مەترسیەکیان هەڵگرتووە بۆ سەر مرۆڤایەتی؟**

- کێشەی ئەم بزوتنەوانە ئەوەیە بە هەڵە توراسی ئیسلامی دەخوێننەوە، چونکە گرنگترین خاڵ لە چالاکی سیاسیدا بە پێی توراسی ئیسلامی ئەوەیە چۆن لە کاتی هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکاندا ئەخلاقیات دەپارێزیت و بە رێگایەکی راست و دروست بەدەستی دەهێنیت، بۆ نموونە ئەگەر ئامانجت بەدەستهێنانی عەدالەت بێت لە جیهاندا، ئەگەر ئامانجت بەدی هێنانی ئاشتی بێت لە بواری سیاسیدا، ئەگەر ئامانجت پەرەپێدانی بەرژەوەندیە گشتیەکان بێت، ئەوا ئیسلام و قورئان بە هیچ شێوەیەك رێگانادەن رێگای وێرانکردن و ناشەرعی بگریتەبەر، بۆ نموونە لە هیچ هەل و مەرجێکدا نابێت هێرشی کوێرانە بۆ سەر خەڵك و بۆ ماڵ و موڵکی خەڵك بکرێت.

*** ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە ئەم گروپانە شەڕی دەسەڵات دەکەن و هەر کاتێك ئەم ئامانجەیان بەدەستهێنا ئەوا دەگۆڕێن بۆ رژێمێکی چەشنی ئەمارەتی تاڵیبان و هەموشمان دەزانین تاڵیبان بە چ شێوەیەك رووبەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگەکە بووەوە، ئایا ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیانە چی دەبێت ئەگەر گروپێکی وەك تاڵیبان دەسەڵاتی گرتەدەست؟**

- گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ئەم گروپانە کارێکی پڕ لە مەترسیە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش بە چەشنی ئەو دەسەڵاتانەی بە نیازن جێیان بگرنەوە سەرکوتکار و توندڕەون، ئەوان ئەوە قبوڵ ناکەن سنوورێك بۆ هێز و دەسەڵاتیان دابنرێت بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکانیان، لە توراسی ئیسلامیدا هاتووە کە « الملك یبقی مع الكفر و لا یبقی مع الظلم» کەواتە ئەگەر دەسەڵاتەکە بێ باوەڕیش بوو، بەڵام رەچاوی دادپەروەری کرد ئەوا درێژە دەکێشێت. من پێم وایە لەم رووەوە ئومەتی ئیسلام بە گشتی رووبەڕوی ئەم کێشەیە بۆتەوە، چونکە ئەوەی ئەم رەوت و بزوتنەوانە دەیکەن زیانگەیاندنە بە کۆمەڵگە و بە وڵات و تەنانەت بە ئیسلامیش، لەبەر ئەوەی هەر کارێك ئەوان بیکەین لە جیهاندا ئۆباڵەکەی دەخرێتەئەستۆی یاساکانی شەریعەت و کەلتوری و ئیسلامی و ئاینی ئیسلام، واتە ئەوەی ئەوان دەیکەن ناشرینکردنی وێنەی ئیسلامە.

*** یەکێك لە مەسەلە گەرمەکان لە ناوچەکەی ئێمەدا چۆنیەتی رەفتارکردنی رەوتە توندڕەوەکانە لەگەڵ ئافرەتاندا، چونکە لە حاڵەتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا بە هەمان شێوەی تاڵیبان لەگەڵ ئافرەتاندا هەڵس و کەوت دەکەن، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێ لەسەر مافەکانی ئافرەتان؟**

- ئەم رەوتە ئیسلامیانە زیان بە ئافرەتان دەگەیەنن، ئەوان زیان بە منداڵان دەگەیەنن، لە قورئاندا باسە لەوە کراوە مرۆڤەکان بە گشتی خاوەنی کەرامەتن، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا بکات «ولقد كرمنا بنی آدم»، کەواتە هەم پیاوان و هەم ئافرەتان خاوەنی رێز و کەرامەت، ئەگەر هاتوو ئەم رەوتانە دەسەڵاتیان گرتەدەست و رێز و کەرامەتیان بۆ ئافرەت دانەنا، ئەوا ئەوان دژی ئاینی ئیسلام رەفتاردەکەن، هەر کۆمەڵگەیەك رێزی لە ئافرەت نەگرت ئەوا دووچاری کێشە و نەهامەتی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی

لەو حاڵەتەدا دایكی باش و خێزانی باش و خوشكی باش لەو كۆمەڵگەیەدا بوونی نامێنێت. كەواتە گەیشتن بە دەسەڵات كارێكی مەترسیدارە، چونكە دەبێت پیاوان و ئافرەتان خاوەنی پەروەردەیەكی باشبن بۆ ئەوەی بتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و بە شێوەیەكی باش منداڵەكانیان پەروەردە بكەن، بەڵام ئەوان بە پێشێلكردنی مافەكانی ئافرەتان زیان لە كۆمەڵگە و لە ئومەتی ئیسلامیش دەدەن، هەروەها مەترسیان هەیە بۆ سەر مافی ئەو كەمینانەی لە كۆمەڵگە ئیسلامیەكاندا دەژین.

*** ئەم ڕەوتانە خاوەنی دەزگاكانی ڕاگەیاندنن و ئێمەش لە سەرەتای قۆناغی بەدیموكراتیكردنداین، هەروەها ئەوان هەوڵی دروستكردنی گرژی و ئاڵۆزی دەدەن لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بانگەشەی ئەوە دەكەن كە زانست و تەكنەلۆجیا بەرهەمی ڕۆژئاوان، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەمانە بەرهەمی مرۆڤایەتی نین؟ هەروەها بۆچی هەڵدەستن بە هاندانی خەڵك بۆ شەڕكردن لەگەڵ ڕۆژئاوادا؟**

- لە ڕاستیدا هەموو بەرهەمێكی زانستی بەرهەمی مرۆڤایەتیە، ئێمەش لە ڕابردودا زانستی كیمیا و فیزیای خۆمان هەبوو، زانامان هەبوو لەم بوارانەدا، ئێمە نابێت بەرهەڵستی تێكڕای بەرهەمەكانی ڕۆژئاوابكەین، ئەوەی دەتوانین دژی بین داگیركاری و ئیمپریالیزمە، ئێمە دەبێت ئەوەش بڵێین تەنانەت لە شارستانیەتی ئیسلامیشدا شتی خراپ هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین خۆمان دابڕێن و بەرهەڵستی هەموو شتێك بكەین، ئێمە بوینەتە بەشێك لە كۆمەڵگەی جیهانی، لە ڕووی بەرەوپێشچوونی پزیشكی و ئەندازیاری و تەكنەلۆجیەوە پێكەوە گرێدراوین. لەبەر ئەوە دەبێت دژی ناڕەوای و ناعەدالەتی بین، نەك دژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە جیهانی ئیسلامیدا ڕۆژگارێكی دوورودرێژی حكومی تاكڕەوی هەیە، ئەم خەڵكە خراپانە جیاوازیان نیە لەگەڵ خەڵكە سەركوتكارانەی دیكەی جیهاندا، بەڵام دەبێت لەگەڵ بەرەوپێشچونی زانست و تەكنەلۆجیا و زانكۆكانماندا بین لە وڵاتەكانماندا.

*** ڕەوتە ئیسلامیەكان بە گشتی بانگەشەی ئەوەدەكەن كە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ بەرهەمێكی ڕۆژئاوایە و دەبێت خەڵكی نكۆڵیان لێبكات، ئایا ئایندەی كۆمەڵگەیەك چی دەبێت ئەگەر ڕێز لە مافەكانی مرۆڤ نەگیرێت؟**

- ئەمە كێشەیەكی گەورەیە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەكاندا، مەبەستم پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤە، ئێمە ڕۆژگارێك شارستانیەتێكمان هەبوو كە تێكڕای ئاینەكان پێكەوە بە ئاشتی تێیدا دەژیان، لە بەغدا تەنها موسڵمانی تێدا نەبوو، بەڵكو مەسیحی و جولەكەی تێدابو، بە هەمان شێوە دیمەشق و قاهیرە. ئیسلام جیاوازی ناكات، ئیمامی عەلی باس لەوە دەكات ئینسانەكان دو جۆرن «اما اخ لك فی الدین او نظیر لك فی الخلق» یان ئەوتا لە ڕووی ئاینیەوە براتن، یاخود لە ڕووی ئینسانیەوە هاوشانتن، ئیمام عەلی ئەم قسەیەی بەو كەسە ووت كە دەبوو بە حاكمی میسر، ئەو دەیزانی لە میسردا جگە لە موسڵمان كەمینەی مەسیحیش هەیە، بۆ پێی ڕاگەیاند موسڵمانەكان لە ڕووی ئاینیەوە برای یەكن و لەگەڵ ئەوانی دیكەدا لە ڕووی ئینسانیەوە یەكسانن، لەبەر ئەوە ئەوانەی جیاكاری دەكەن ئەم بناغەیەی ئیسلام تێكدەدەن كە پێغەمبەر _دروودی خوای لەسەر بێت_و یاوەركانی دایاننا.

*** دوا وتەت چیە؟**

دەبێت جەخت لەسەر مافەكانی مرۆڤ و كەرامەتی ئینسانی بكەینەوە، پێویستمان بەوە هەیە باوەڕ بەوە بكەین مرۆڤ فەردێكی ئازادە، واتە گریمانەی ئەوە دەكرێت مرۆڤ خۆی چاكە بكات و خۆی لە خراپی لابدات، هەروەها پێویستمان بەوە هەیە بە چاوی ڕێز و یەكسانیەوە لە تێكڕای مرۆڤایەتی بڕوانین و جیاوازی لەو نێوان پیاو و ئافرەتاندا نەكەین.



*** چۆن پێناسەی ئیسلامی سیاسیی دەکەیت و ئایا چ مەترسیەکیان هەڵگرتووە بۆ سەر مرۆڤایەتی؟**

- ئەم رەوتە توندڕەوانە هێزگەلێکی تێکدەر و وێرانکارن، هەم بۆ موسڵمانەکان و هەم بۆ ناموسڵمانەکانیش، ئەمانە بزوتنەوەگەلێکی سەرکوتکار و شمولی و تاکرەون، لە راستیدا هێزە ئایدۆلۆجیەکان ئاینی بن یان عەلمانی هێزێکی تێکدەر و سلبیین.

*** ئایا ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیانە چی دەبێت ئەگەر گروپێکی وەك تاڵیبان دەسەڵاتی گرتەدەست؟**

- ئەمە دەرئەنجامێکی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگەکە دەبێت و دەبێتەهۆی دروستکردنی گیروگرفتێکی زۆر، بۆ نموونە رژێمێکی وەك تاڵیبان هەرگیز ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر بهێنێتەدی و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە خەڵك باجێکی قورس دەدەن کاتێك ئەم بزووتنەوانە دەسەڵات دەگرنەدەست. کێشەی ئەم بزووتنەوانە ئەوەیە ئەوەندە دەمارگیرن ناکرێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت، بەڵام ئێمە دەبێت بیر لە گرتنەبەری ئەو رێ و شوێنانە بکەینەوە کە رێگەنادەن ئەم بزووتنەوانە پشتگیری خەڵکی بەدەست بهێنن.

*** هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوە ئیسلامیە رادیکاڵەکان کە لە ئەفغانستاندا مەشقیان پێکراوە، رادەگەیەنن کە ئامادەی بەشداری کردن لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردندان، بەڵام ئەوان دیموکراسی بە تابوو دەزانن و عەلمانیەت بە بێ باوەڕی دادەنێن، ئایا لەم سیاقەدا دیموکراسی چ مانایەکی دەبێت؟ ئایا رەوایە بەم شێوەیە بەشداری بکەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت بیر لەوە بکەینەوە چۆن رێگەبگرین لەوەی پشتگیری خەڵك بەدەست بهێنن، من پێم وایە ئەگەر سەرکوتیان بکەین، ئەوا وەك قوربانی دەردەکەون و رەنگە هاسۆزی خەڵك بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر دەرفەتیان پێبدەین، بەشداری ململانێ و رکابەریەکە بکەن ئەو کاتە رووبەڕووی رەخنەدەبنەوە، ئەو کاتە سروشتی راستەقینەیان دەردەکەوێت کە خاوەنی شتێك نین تا بیبەخشن، کە خاوەنی بەرنامە و سیاسەتێکی دیاری کراو نین.



پرۆفیسۆر عەبدوڵاهی ئەحمەد
تۆژەری ئیسلامی بۆگوڵان:

# کێشەی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیە سیاسیانە ئەوەیە ئەوەندە دەمارگیرن ناکرێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت

**پرۆفیسۆر عەبدوڵلاهی ئەحمەد ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ئیمرۆ و پسپۆر تایبەتمەند لە دیراسانی ئیسلامی و شەرعیەتی ئیسلامی بۆ قسەکردن سەبارە بە مەنهەجی پارتە ئیسلامیە سیاسیەکان پرۆفیسۆر ئەحمەد بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دیموکراسی پرۆسەی فێربونە و پێویستە لەسەرخۆ هەنگاو بنێین، دیموکراسی بێ کەم و کورتی نییە، هەڵە رووددات رەنگە خەڵك ئیختیارێکی هەڵە بکەن، راستە بەشداری کردنی ئەم بزووتنەوانە ئەو مەترسیەی هەڵگرتووە کە ئەوان هەست و سۆزی ئاینی خەڵك ئیستیغلال دەکەن، بەڵام سەرکوتکردنیشیان دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە، بۆ نموونە دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ی جەزائیر کاتێك سوپا پەنای برد بۆ سەرکوتکردنیان شەڕی ناوخۆی لەو وڵاتەدا دروست بوو کە بە سەدان هەزار خەڵك بوونە قوربانی، بە کورتی من ئەوە دڵنیم بەشداری پێکردنیان مەترسیدارە بەڵام لە مەودای دووردا باشترە لەوەی سەرکوت بکرێن.

*** ئایا ئیسلامی سیاسیی تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێ لەسەر مافەکانی ئافرەتان؟**

- کاریگەریەکی زۆر تێکدەرانەی دەبێت، ئەمە مەسەلەیەکە نابێت هیچ سازشێکی لەسەر بکەین لەگەڵ ئەم رەوتانەدا، دەبێت دەستبەجێ پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان و مافەکانی مرۆڤ بوەستێنرێن، کاتێك من دەڵێم دەبێت بەشداری بکەن، ئەوا دەبێت پابەندبن بە رێساکانی گەمەوە، بە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئافرەتانەوە، ئەگەرنا مافی بەشداری کردنیان نابێت، نەك هەر ئەم رەوتانە نابێت هیچ هێزێك مافی بەشداری کردنی پێبدرێت ئەگەر پابەند نەبن بە رێزگرتن لەم بنەمایانەوە.

*** بۆچی لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی، جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە تەواوەتی کەوتنە پەراوێزەوە؟**

- لە راستیدا پێشتر جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەشداربون لەبەرەوپێشبردنی زانست و فەلسەفەدا، بەڵام کاتێك بایەخدانیان بە زانست و فەلسەفە کەم بۆوە و دژی وەستانەوە، ئەوا داکشان و هەرەسهێنانی ئەم جیهانە دەستی پێکرد. من پێم وایە ئەم رەوتانە لە رابردودا دەژین و ناڕووانننە ئاینده.

*** ئایا ئایندەی کۆمەڵگەیەك چی دەبێت ئەگەر رێز لە مافەکانی مرۆڤ نەگیرێت؟**

- مافەکانی مرۆڤ جیهانین، بۆ تێکڕای ئینسانیەتن، ئەوانەی ئەم مافانە رەتدەکەنەوە، کەسانێکی دوڕون، مونافیقن، لەبەر ئەوەی ئەوان خوازیاری بەدەستهێنانی ئەم مافانەن، بەڵام بە خەڵکی دیکەی رەوا نابینن، ئەوانەی ئەم مافانە رەتدەکەنەوە هەل و مەرجی تێکدان و شەڕی ناوخۆی دروست دەکەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من پێم وایە هەمومان کار بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکەین، ئەگەر هەریەکەمان قوربانی نەدەین ئەم مافانە ناپارێزرێن، دواتر دەبێت هەر یەکەمان بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات، نابێت چاوەڕی نەتەوە یەکگرتوەکان، یان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بین ئەم کارەمان بۆ بکات، دەبێت خۆمان بەم ئەرکە هەڵبستین.

## د.محەمەد شەریف بۆ گوڵان:



د.محەمەد شەریف کە ئێستا پەرلەمانتاری عێراقە،یەکێکە لە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، سەرۆکی کۆربەندی فیکری ئیسلامیە لە کوردستان، شارەزایەکی زۆری لە بواری ئیسلام بە هەموو بوارەکانی و حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان هەیە، سەبارەت بە باردۆخی حزبە ئیسلامیەکانی ئەمرۆی کوردستان ورەفتاری سیاسیان لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان و پەنابردنیان بۆ قورئان وەك بانگێشەی سیاسیی، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.محەمەد شەریف ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.

# ئیسلام هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە و ئەوانەی هەوڵی ئیستیغلالکردنی ئیسلام دەدەن بۆ مەبەستی سیاسی ئەم تێکەڵکردنە دەکەن

*** بەڕێزتان وەك زانایەکی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی چۆن دیاردەی ئیسلامی سیاسی دەبینیت، بۆچی پێشتر لە کوردستاندا حزبە ئیسلامیەکان بوونیان نەبوو، هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان چین؟**

- ئێمە دەزانین کوردستان بەشێکە لەو جیهانەی پێی دەڵێن جیهانی ئیسلامی و کوردستان و بە تایبەتی گەلی کورد هەمیشە حزوری هەبووە لە گۆرەپانی ئیسلامیدا، ئیسلامیش وەك مەعریفە و زانستەکان، یاخود وەك جیهانێکی سەربەخۆ بوونی هەبووە، تاوەکو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا وەك کوتلەیەك لە جیهاندا بوونی هەبووە. واتە ئەو ڕۆڵەی حاڵی حازر وڵاتانی وەك ئەمەریکا، چین و ڕوسیا دەیبینن، دەوڵەتی ئیسلامی ڕۆژگارێك بوو ئەم ڕۆڵەی بینیوە، بەڵکو لە هەندێ کاتدا گەورەترین کوتلە بووە لە جیهاندا. کوردیش هەر لە سەرەتای سەردەمی عەبباسیەکان و لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا و لە ڕۆژگاری عوسمانیەکاندا زیاتریش، ڕۆڵیان هەبووە و بەشداربوونە هەم لە حوکم و هەم لە ڕۆشنبیریدا. مەلاکانی کوردیش نەك هەر تەنها شان بە شانی مەلاکانی عەرەب، تورك و فارس، بگرە لە هەندێ کاتدا لە پێشتربوونە لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆشنبیری و کەلتوری ئیسلامی، لێرەدا دەتوانین باس لە شارستانیەتی ئیسلامی بکەین، کە شارستانیەتیش نزیکە لە چەمکی مەدەنیەتەوە، بەڵام شارستانیەت بریتیە لە فیکر و بەها و تەقالیدە هاوبەشەکان، بۆ نموونە لە چوارچێوەی ئەم شارستانیەتەدا کۆمەڵێك بەهای هاوبەش لە ئارادابووە، بۆ نموونە ئەگەر کۆچت بکردایە بۆ دوورترین شوێنی ناوچە عەرەبیەکان یان فارسیەکان چەند نەریتێکی هاوبەشت بەدی دەکرد، ئەمە شارستانیەتی ئیسلامی دروستی کردبوو، ئەگەرچی هەندێ جار داب و نەریتی خەڵکی شوێنەکەی تێکەڵ دەبو، ئەمە لە مێژوودا هەیە. بەڵام لەگەڵ ڕوخانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بە هۆی دەستپێکردنی شۆڕش و جوڵانەوەی مستەفا کەمال، ئەوەی پێی دەوترا جیهانی ئیسلامی وەك یەك کوتلە کۆتای پێهات و دواتر دابەشکرا، لەم کاتە زۆربەی

مەسەلەی زیندوکردنەوەی خیلافەت و کۆکردنەوەی تێکڕای خەڵک لە چوارچێوەیدا، بۆتە خەیاڵ

کوردەکان لەبەر دڵسۆزی خۆیان بۆ ئاینەکە بیریان لە ڕێکخستن و دروستکردنەوەی ماڵێك نەکردەوە بۆ خۆیان، بە پێچەوانەی عەرەب و فارسەکانەوە، ئەمە لە کاتێکدا فارسەکان پێشتریش خۆیان تەسلیم نەکردووە لە ڕووی مەزهەبییەوە خۆیان جیاکردبوەوە. لە دەرئەنجامدا کوردەکان دابەشبوون، ڕەنگە هۆکارەکەش ئەوەبێت کە لە یادەوەری جەماعی زۆربەی کوردەکاندا، ناڵێم هەموویان، تەنها ئەوەیان لاگرنگ بووە کە ئاینەکەیان سەلامەت بێت، ئەگەرنا کوردەکان لە پێش عەرەبەکانەوە بیریان لە شۆڕش و دروستکردنی قەوارەیەك کردۆتەوە، لەم ڕووەوە باس لە شێخی نەهری دەکرێت، لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی، کە پێش ڕوخانی عوسمانیەکان بوون، بەڵام توانای ئەوەیان نەبووە بچنە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە. لێرەدا ئەگەر بێینەسەر ئەوەی چ لایەك زەرەمەندبووە، ئەمە ئەگەر لایەنە نەتەوەیەکە بخەینەلاوە، ئەوا هەندێ لە عەرەبەکان هەستیان کرد کە لەو جیهانەی لە ئارادابوو، ئەوان تا ڕادەیەك ڕۆڵیان هەبوو، بۆیە کۆششیان کرد بۆ گەڕاندنەوەی ئیسلام، بەڵام تێگەیشتن و تەفسیری ئیسلامیش بە پێی هەل و مەرج دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر پێشکەوتنی بارودۆخەکە لەبەرچاونەگرین، ئەوا دوا دەکەوین.

## سەرهەڵدانی ئیخوان لە میسر

لەو کاتەدا چەند بزوتنەوەیەك هەبوون لە میسر لە پێش سییەکانەوە، وەك ئیخوان موسلمین و پێشتریش محمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی، هەوڵیان ئەدا، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ پێشکەوتنی زەمەندا ناڕوات. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە چەندین پێشکەوتنی سیاسی، ئابووری و شارستانی ڕوویانداوە، لە سەردەمێکدا چەند ڕۆژێکت پێدەچوو بۆ ئەوەی لە هەولێرەوە بچیتە کەرکوك، ئێستا فڕۆکە پەیدابووە، ئێستا پێشکەوتنی دیکە هەیە، لەبەر ئەوە مەسەلەی زیندوکردنەوەی خیلافەت و کۆکردنەوەی تێکڕای خەڵك لە چوارچێوەیدا، بۆتە خەیاڵ، ئەمە لە ڕووی واقیعیەوە، لە ڕووی شەرعی و یاساییشەوە، بەهۆی پەیدابوونی مافەکانی مرۆڤ و مافی بڕیاردانی چارەنوس بۆ گەلان ئەوا سیستمی خیلافەت ناگونجێت لەگەڵیاندا. ئیسلامیش دەڵێت لە کوێ باشە هەبوو دوای بکەون، تەنانەت قورئان دەڵێت « و اتبعوا احسن ما انزل الیكم» واتە لە قورئانیشدا بەدوای باشتردا بگەڕێن، بۆ نموونە چواردە بنەماکەی ویدرو ویڵسنی سەرۆکی ئەمەریکا بنەماگەلێکی ئینسانی بوون تەنانەت دەکرێت بڵێین لە سەمیمی ئیسلامیش بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی زانایانی ئەوکاتەی ئیسلام ئەو بیرۆکەیەیان بەرجەستەنەکرد کە دەڵێت لە کوێ باشە هەبوو بە دوای بگەڕێن، لەبەر ئەوە نەیانتوانی ئیسلام نوێبکەنەوە و بیکەنە واقیع. دواتر لە ئیسلامدا لایەنی عەقیدە هەیە، لایەنی عیبادەت هەیە، عەقیدەش ئەوەیە موسڵمان خوا بەیەك بناسێت و کاری چاکە بکات، ناکرێت ئەمە لە خەڵك زەوت بکەین، یاخود گلەی لە کورد بکەین لەسەر پابەندوبونی بە عەقیدەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت گلەی لێبکەین لە سەر پابەندنەبوونی، چونکە سەدەها ساڵە لەگەڵیدا ژیاوە و کۆششی بۆ کردووە، ئەمە وەك ئەوە وایە لە ڕەگ و ڕیشەی دەربهێنێت، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەیە کە لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەك باس لەوە نەکراوە کە دەبێت دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبێت، کۆماری بێت یان پاشایەتی بێت و سنوورەکانی دیاری کراوبێت، گرنگترین توخمیش لە دەوڵەتدا بوونی سنورێکی دیاری کراوە، بەڵام لە ئیسلامدا سنورێك نیە، لەبەر ئەوەی تۆ پەیوەندیت لەگەڵ خوادا هەیە و خواش ڕەهایە، مەبەستم ئەوەیە ئەو ئیسلامەی هەیە هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە و ئەوانەی هەوڵی ئیستیغلالکردنی ئیسلام دەدەن بۆ مەبەستی سیاسی ئەم تێکەڵکردنە دەکەن، بۆ نموونە کورد لە کۆتای سەردەمی ئەمەویەکانەوە ڕۆڵی هەبوو، کە قوتابخانەی ئاینی و مەلای کورد دروست بوونە، واتە لەو کاتەوە و پێش ئەوەش مەلاکانی کورد، عەرەب، تورك و فارس لێکدانەوە و تەفسیریانە کردوە بۆ ئیسلام و ئەمەش بۆتە کەلتورێك، بلە کاتێکدا ئەمە خودی ئاینی ئیسلام نیە، بەڵام زۆربەی مەلاکان _کە گۆڕینی ئەم حاڵەتەش کارێکی زەحمەتە_ ئەم جیاکردنەوەیە ناکەن، یاخود ئەو مەلایانەی لەگەڵ حزبە ئیسلامیەکاندا کاردەکەن ئەم ڕاستیە دەزانن بەڵام بۆ مەبەستی سیاسی بەکاری دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت تۆ موسڵمان بیت و بەو شێوەیە سیاسەت بکەیت کە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە، یاخود بە پێی بەرژەوەندی میللەتەکەی سیاسەت بکەیت، چونکە لە «اصول الفقه» هاتووە کە هەرچی ئەحکامی ئاینی هەیە بۆ چاکسازی و بۆ بەرژەوەندی ئینسانەکان هاتوون و میللەتیش دەزانێت بەرژەوەندی لە چیدایە، ئایا لە پێشخستن و بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵدایە، یان پیشەسازی یان هەر بوارێکی دیکە. من پێم وایە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی دەبێت بزانین ئیسلامی ڕاستەقینە چیە، ئیسلام پیش هەر شتێك ئیمانە، عەقیدەیە، خوا دەفەرمەوێت « ان الدین عند الله الاسلام»، ئەمەش واتە بەیەك ناسینی خوا و کاری چاکە و هتد، کە ئەمە لە سەردەمی نوحەوە تاوەکو حەزرەتی ئیبراهیم و تاوەکو پێغەمبەری خۆمان درودی خوایان لەسەر بێت یەك شت بووە، بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە، واتە ووردەکاریەکانی دیکە و سیاسەت ناچنە چوارچێوەی ئیسلامەوە، ئەمانە پەیوەندیان بە فیکری بەشەریەوە هەیە، تەنانەت مەزهەبەکانیش، وەك مەزهەبی شافیعی و مالیکی و هتد، ئەوانیش بەرهەمی لێکدانەوەی تیرڕوانینیان بووە بۆ قورئان و حەدیس کە توانیویانە لەو ڕۆژگارەدا کێشەکانی خەڵکی پێ چارەسەربکەن، واتە ئەمە وەك دانانی یاساکان وایە لەم سەردەمەدا لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، ئەگەرچی نابێت ئێمە یاسایەك دەربکەین کە دژی ئیمان، بێت دژی بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام بێت، چونکە ڕاستە لە ئیسلامدا ووردەکاری حوکم و حکومڕانی دیاری نەکراوە، بەڵام هەندێ بنەما هەیە لە ئیسلامدا کە دەبێت ڕەچاوبکرێت، بۆ نموونە عەدالەت، چونکە لە قورئاندا هاتووە « اڑا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل» کە ئێمە دەڵێین دادپەروەری ڕوحی یاساکانە، چونکە یاساکان بۆ ئەوە هاتوون هاوسەنگیەك لە نێوان بەرژەوەندیە جیاوازەکاندا دروست بکەن، هەروەها باس لە ئەمانەت دەکرێت « ان الله یامرکم ان تؤدوا الامانات الی اهلها» کە لێرەدا ئەمانەت ڕەمزێکە باس لەوە دەکات کە دەبێت خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، بۆ نموونە ئەمە لە یاسای ئیداریشدا هاتووە کە دەبێت بەڕێوەبەرێك بڕوانامەی کۆلێژ یان

لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەک باس لەوە نەکراوە کە دەبێت دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبێت

شـارەزای، هتد هەبێت. هـەروەك ئاماژەم پێکرد لە ئیسـلامدا مەسەلەی چۆنیەتی حکومکردن و سیاسـەت دیـاری نەکراوە، هەر ئەمەش هـۆکاری ئەوەبوو کە زۆری نەمابـوو دوای کۆچی پێغەمبەر کێشـە دروسـت ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر بناغەی ئومەتێکی دانا و کەسـێکی وەك عومەری کوڕی خەتـاب توانی حوکمی بەشێکی زۆری دنیا بکات، ئەگەرچی لەو سـەردەمەدا حزبایەتی نەبوو لە ئیسلامدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە سیاسـەتکردن وحزبایەتـی ڕێگەپێدراو نین، چونکە حزب کۆبونەوەی کۆمەڵە کەسـێکە کە ئامانج و ئەفـکاری هاوبەشـیان هەیـە و کار بۆ هێنانەدیان دەکەن، ئەوەی ڕێگەی پێنەدراوە ئەوەیـە ئایـن بکرێتـە ئامرازێـك بـۆ ئیستیغلالکردن و بەکارهێنانی بۆ مەبەستە سیاسـیەکان، ئاین بکرێتـە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەی سیاسـی. ئەگەر بێینەسەر مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا نەریتی غەزوکردن هەبو، واتە ئەو عەشیرەت و کۆمەڵگەیانـەی خۆیان بە بەهێز دادەنا هێرشـیان دەکردە سـەر لایەنەکانی دیکە، ئەمە نـەك تەنها عەرەبەکان بەم شـێوەیە کاریـان دەکـرد، بەڵکو ڕۆمانیـەکان و یۆنانیەکانیش غەزویان دەکـرد، تەنانەت ئەسکەندەری مەقدۆنی تاوەکو وڵاتی چین ڕویشـت، کە دواتریش ئیسلامیش دەستی دایە غەزوات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمـەش دەوڵەتێك دروسـت بکەین و دواتر دەسـتبدەینە غەزوکـردن، چونکـە ئەمە لەگەڵ سیستمی نێودەڵەتی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت و دواتر ئێستا چەکی کۆمەڵکوژ هەیـە، بۆ نموونە ئەگـەر بتەوێت وڵاتی چین داگیربکەیت و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمـی لێبکەیت کە ئەویش ئەم چەکـەی هەیـە، ئـەوا لـە حاڵەتـی بەکارهێنانیدا بەشـەریەت کۆتای پێدێت، هەر لەم ڕوانگەیـەوە ناکرێت بڵێین نابێت حکومەتـی هەرێم هەبێت، لەبەر ئەوەی لە ڕابردودا حکومڕانی لەم شێوەیە نەبووە، لە قورئانیشـدا هاتووە کە « لنهدیکم سـنن الزیـن من قبلکم» کە باس لەوە دەکات لە هەر سـەردەم و هەل و مەرجێکدا چی لە ئارادابـووە، بـۆ نموونـە ئێسـتا ئێمـە لەسـەردەمی جیهانگیری و ئازادیەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتاندایە، لەسەردەمی فرە حزبایەتی و فرە بیروبۆچونداین، دوا قسەی پێغەمبەریش ئەوە بووە کە ئاگاتـان لە ئافرەتان بێت « اوصیکم بالنسـاء» واتـە ئەگەر هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بوو ڕێز لە ئافرەتـان بگیرێت، ئەوا ئەمە نەك تەنهـا دژی ئیسـلام نیـە، بەڵکـو جێبەجێکردنی ڕۆحی ئیسلامیشە. ئەوانەی ئاین بەکاردەهێنن بۆ چەواشەکاری سیاسی گوناحێکی گەورە دەکەن، چونکە ئیسـلام ڕوناکیـە و هـۆکاری پێشـکەوتنە نەك هۆکاری کاولبـوون و دواکەوتن، ئەمەش شێواندنی ئیسلامە. مەسەلەیەکی دیکەش هەیـە کە بە داخەوە ئێمە تێگەیشـتنێکی باشمان نیە لە بارەیەوە ئەویش پەیوەندیمانە لەگەڵ ئەوانەی ئاینیان جیاوازە کە هەوڵ دەدرێـت ڕق و قین لە نێوانماندا دروسـت بێت و یەکتر ڕەتبکەینەوە، کە لە ئیسلامدا دەکرێت دۆسـتایەتیان لەگەڵـدا بکەین و هەماهەنگیـان لەگەڵـدا بکەین، چونکە پێغەمبـەر خۆی کردویەتـی، لە قورئاندا هاتـووە « ان الینـا ایابهـم ثـم علینا حسابهم» یاخود «فذکر انما انت بمذکر» واتە تەنهـا کاری پێغەمبـەر گەیاندنی پەیامەکەیە و دواتر لـە ڕۆژی قیامەتدا خوا خۆی بڕیار لەسـەر ئەم مەسـەلەیە دەدات، مەبەستم ئەوەیە هیچ پاساوێك نیە بۆ دروسـتبوونی ئـەم گرژیە لـە نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا، ئەو شەڕانەی ئیسـلامیش کردوونی شەڕی وجود بوونە، واتە هەڕەشە و مەترسـی لە سەر خودی ئیسـلام هەبـووە، بۆ نموونـە جولەکەکان موئامەرەیان کردووە، یان ڕۆمەکان هێرشیان کـردووە، چونکـە ئەگەر ئێمـە ئیرادەی بەرگری لە خۆکردنمان نەبێت چارەنوسمان فەوتانـە، مەبەسـتم ئەوەیـە ئەگـەر پێشـمەرگەمان نەبێت و ئامادەی بەرگری کردن نەبین لـە خۆمان ئەوا داگیردەکرێن، دواتر پێغەمبەر باسـی جیهـادی کردووە، جیهادیش تەنها لە ووتنەوەی «الله اکبر» و بەرزکردنەوەی شمشێردا کورتنابێتەوە، بۆ نموونە لەسـەردەمی حوکمـی تاڵیبان لە ئەفغانسـتاندا دو هێز هەبـوون، تاڵیبان و گروپەکـەی ڕەبانـی، هەردولایـان دروشـمی«الله اکبـر» و جیهادیـان بەرزدەکردەوە و شـەڕیان لە دژی یەکتری دەکرد، تەنانەت باسیان ئەوەیان بۆ کردم لەو سەردەمەدا دو کەس لە کوردستانەوە دەچن بـۆ ئەفغانسـتان بۆ جیهادکـردن و هەر یەکەیـان لەلای یەکێك لەو هێزە دەبن و بێ ئـەوەی بەخۆیان بزانن شـەڕ و جیهاد لە دژی یەکتـر دەکـەن، جیهاد بـە مانای ئامادەباشـی دێـت، تەنهـا بـە مانای شـەڕنایەت، ئامادەباشـی لـە ڕووی کشتوکاڵ، پیشەسازی و زانست و بەرگری لەخۆکردن، بۆ نموونە ئەگەر پێشـمەرگە لەسـەر حەق شـەڕبکات ئەوا کەسـێکی موجاهیدە، هەروەها کاتێك هەڕەشە لە سەر ئاین و ئیمانیشـمان هەبێـت دەبێت جیهاد بکەین. حاڵی حازر ئـەوەی جێی گومان نیە ئەوەیە ئێمە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و حکومەتێکی موسـڵمانمان هەیە، عەیبی ئەم حکومەتـە و چاکەکانیشـی دیار و شەفافن، باشە لە دوای خولەفای ڕاشدین سەیربکەین لەو حوکمانەی کراون هەڵەکراوە، گوناحـە کـراوە و حکومەتەکـەش هەر موسـڵمان بووە، بۆ نموونە هەبووە نوێژی تەرککرووە، دەستی داوەتە کارێکی ناشرین، بەڵام مەحاڵە ئینسـان مەعسوم بێت، قەد گوناحـە و هەڵەنەکات، گرنگترین شـت ئەوەیـە ئیسـلام تێکـەڵ ململانـێ ناموقەدەسـەکە نەکرێت، چونکە ئیسـلام ڕاوبوچون نیە، عەقیدەیە و ئیمانە و نابێت قورئـان لـەم ململانێیـەدا بەکاربهێنرێت چونکە قورئان بە تەنها هی لایەنێك نیە و قورئان هـی هەموانە و ئـەوەی ئەوان بانگەشـەی دەکـەن کە ئەمە ئیسـلام و قورئانـە، تەنها ڕا و بۆچون و لێکدانەوەی خۆیانە نەك خودی ئیسـلام. ئەگەر نا تۆ وەك موسـڵمانێك مافـی خۆتـە پارتی سیاسـی پێکبهێنێت و ڕاوبۆچونی خۆت هەبێت ببێتە بەرهەڵستکارێکی سیاسی بۆ حوکم، بەڵام نابێت پەنـا بەریتەبەر ئاین و قورئان بکەیتە بەشێك لە ململانێکە.

*** ئێوە باسـی ئەوتان کرد ئەگەر ئاین و سیاسـەت تێکەڵ بکرێت هەڵە ڕوودەدات، گوناحـە و مەترسـی ڕوودەدات، ئەگەر وردەکاری زیاتر و ڕونکردنەوەی زیاتر بدەین لەم ڕووەوە؟**

- مەترسی و خراپەکاریەکە ئەوەبوو کە پێشتر بینیمان، بەڵام حاڵی حازر سوپاس بۆ خوا خەڵـك ئازادە و مزگەوتـەکان زۆر بوونە و چیتر مزگەوتەکان بۆ ئەوە بەکارناهێنرێن کە گەنج فێری ئەوەبکـەن چۆن لە ناو خەڵك خۆی بتەقێنێتەوە، کێشـەکە ئەوەیە ئەگەر ئاین تێکەڵ بە سیاسـەت و کاری سیاسی

**جیهادیش تەنها لە ووتنەوەی «الله اکبر» و بەرزکردنەوەی شمشێردا کورتنابێتەوە، بۆ نموونە لەسەردەمی حوکمی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا دوو هێز هەبوون، تاڵیبان و گروپەکەی ڕەبانی، هەردولایان دروشمی»الله اکبر» و جیهادیان بەرزدەکردەوە و شەڕیان لە دژی یەکتری دەکرد**

**قورئان بە تەنها هی لایەنێک نیە و قورئان هی هەموانە و ئەوەی ئەوان بانگەشەی دەکەن کە ئەمە ئیسلام و قورئانە، تەنها ڕا و بۆچون و لێکدانەوەی خۆیانە نەک خودی ئیسلام**

کـرا، ئەوا دەبێتە عەقیـدە و دەچێتە هزر و عەقڵی بەشەرەکان و دواتر کارێکی بە ناوی عەقیـدەوە پێدەکەن کـە دوورە لە عەقیدە و لـە عەقڵەوە، لە ئیسـلامدا سـەربەخۆی تاکەکەس زۆر گرنگە و لە ئیسلامدا هاتووە « لا تکونوا امعە» واتە کەسایەتی خۆتان مەدۆڕێنن و ڕێگەمەدەن کاریگەری خراپتان لەسەر هەبێت، بە داخەوە حزبە ئیسلامیەکان لە سـەردەمێکدا کە دەسەڵاتێك نەبوو خەڵك بپارێزێت، ئـەوان مزگەوتەکانیان بەکارهێنا بۆ دورسـتکردنی دژایەتی لە نێوان نەوەی نوێ و دایـك و باوکەکانیان، بەوەی ئەگەر دایك و باوکەکانیان وەك ئەوان نوێژ نەکەن و باوەڕیان بە جیهادکردن نەبێت لە ئەفغانستان ئەوا کافرن، هەر ئەمـەش هۆکاری ئەوەیە کە منالێك لە سـوریا یان لە تونس دێت و لە بازارێکی عێراقدا خۆی دەتەقێنێتەوە، کە من پێم وایە حزبە ئیسـلامیەکان بە میانڕەو و غەیـرە میانڕەویانەوە بـێ بەری نین لەم تاوانە، ڕاسـتە میانـڕەوەکان لەگەڵیدانین، بەڵام ئەوان بەشـێکی بەرپرسیارێتیەکەیان دەکەوێتە ئەسـتۆ بۆ ئەوەی شـەڕی ئەم گروپانە بکەن، دەبێت بە بەردەوامی مەلاکان باس لە مەترسـی ئیسـتیغلالکردنی ئاین بکەن لە سیاسەتدا، نەك تەنها دوای ئەوەی کردەوەیەکی تیرۆرسـتی یان کارەسـاتێك ڕوودەدات، دەبێـت خەڵك هۆشـیاربکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو کارەسـاتەی بەسەر عێراق و ئەفغانستان و پاکستاندا هاتووە لە کوردستاندا ڕوونـەدات، بەو پێیە هەروەك ئاماژەم پێکرد دەبێت میانڕەوەکانیش زیاتر تەرکیز لەسـەر بەرەنگاربونەوەی ئەم تاقمانە بکەن.

*** بۆچی ئـەم حزبە ئیسـلامیانە هاتنە کوردسـتانەوە، بۆچی شـێخ عوبەیدوڵلای نەهری و مەلا مستەفای بارزانی حزبێکی ئیسلامیان دروست نەکرد؟**

- هۆکارەکەی ئەوەیە کوردستان سەنتەرێکی جیوسـتراتیجی گرنگە، واتـە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، ئەمە مەسەلەیەکە من کاتی خۆشی کە لەگەڵ یەکێك لە دامەزراوەکانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کارم دەکرد و گفتوگۆم لەگەڵ زۆرێك لە بەرپرسەکاندا کرد، ئەوەم خسـتەڕوو کە باشـە بتوانرێت ڕێکخراوێك هەبێت سـەنگێکی ئابووری و سیاسی و شارستانی هەبێت، بەڵام دواجار ڕەوتەکە بە پێچەوانەی ئـەوەوە گۆڕا کە دژی شارستانی بێت و ئەو حزبە ئیسلامیانە دروسـت بوو کە بوون بە سەرچاوەی فیتنە لە ناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، چۆن بوونە بـە فیتنە؟ ئێمە دەزانین کە لەم سـەردەم و ڕۆژگارەدا چیتـر ئاین بەشـێك نیە لە دیـاری کردنی هاوڵاتی بوون، واتە ئەوەی پەیوەندی تاکەکەسەکان بە دەوڵەتەوە دیاری دەکات چەمکی هاوڵاتی بوونە، واتە من لە کوردستان لە دایك بوومە و لە کوردستاندا دەژیم و هتد، ئەمە پێشـتر لـە دەوڵەتی ئیسـلامیدا هەبووە کە تەنها موسڵمانەکان ئەندامـی ئـەو دەوڵەتە بوونـە، تەنانەت لە سەردەمێکیشـدا لە نـاو ڕومانیەکاندا مەسـیحیەت ئەم پەیوەندیەی ڕێکخستووە، بەڵام حاڵی حازر ئـەوەی کاری پێدەکرێت هاوڵاتیبوونـە، چونکـە ئەگەر لە سـەر بنەمای ئاین حزب دروست بێت ئەوا ئەمە دەبێتەهـۆی گۆڕینی ئینتیمـا و نەتەوە، چونکە لـەم حاڵەتەدا چی لەو کەسـانە دەکەیت کە ئیسلام نین، واتە دروست بوونی پارتە سیاسیەکان لەسـەر بنەمای ئاینی دەبێتەهۆی پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگەکە، بۆ نموونە لەمیسـردا کە ئەزهەری لێیە و مەرجەعێکی سـەرەکی جیهانی سوننەیە ڕێگەنەدراوە حزب لەسـەر بنەمای ئاینی دروست بێت، چونکە ئەگەر حزبی ئیسلامی دروست بێت ئایا قیبتیەکانی ئەو وڵاتە چ پێگەیەکیان دەبێت کە موسڵمان نین.

*** کاتێك بە دیاری شاشـەی تەلەفزیۆنی یەکێك لە حزبە ئیسلامیەکانەوە دادەنیشین هەمیشـە پێمان دەڵێت مەترسیەکە لەسەر ئاینـە، ئەمە لـە کاتێکدا ئێمـە تورکیا دوژمنمانە، ئێران دوژمنمانە و هەڕەشە لە سەر قەوارەکە و لەسە نەتەوەکەمانە؟**

- ئەمە ڕاسـتە و هەر ئەمەشە کە زۆرجار سـەرۆکی هەرێـم باس لـەوە دەکات کە ئێمە کێشـەی ئاینمان نیە، بەڵکو کێشەی نەتەوەییمان هەیە، ئێمە گەورەترین میللەتین تا ئێسـتا دەوڵەتمان نیە و قەوارەمان نیە، ئەمـە دژی بنەمـای عەدالەتـە کە لە ئیسـلامدا باسـکراوە، ئەمە ناعەدالەتیە لەگەڵ کـورددا دەکرێـت، چونکە هەمو ئینسـان و کۆمەڵگـە و میللەتێك دەبێت مافی خۆی پێ بدرێت، دواتر لە قورئاندا هاتووە کە خوا خەڵکی لەسەر شێوەی نەتەوە و هۆز دروسـت کردووە بۆچـی؟ قورئان دەڵێ « لتعارفوا» تەعاروفیش بە مانای ئیعتیراف دێـت، بە مانـای دان پێدانان دێت، ئێمە هێشتا میللەتە موسڵمانەکانیش ئـەم ئیعتیرافەیان پێنەکردووین، هێشـتا مەرجەعـی پارتە ئیسـلامیەکانیش ئەم ئیعتیرافەیان نەکردووە.

*** پرسـیارەکە ئەوەیە کاتێك کەسـێك یان لایەنێـك دێت و بـە ناوی ئاینـەوە باس لەوەدەکات کە مەترسیەکە لەسەر نەتەوەکە نیە، بەڵکو لە سـەر ئاینەکەیە، ئایا ئەمە ئایندەی میللەتەکە بەرەو کوێ دەبات؟**

- لە ڕاستیدا تەنها حزبە ئیسلامیەکان ئەمە ناڵێن، بەڵکو لە زۆربەی مزگەوتەکانیشدا ئەمە دووبارە دەکرێتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ئەمە چەواشەکاریەکی گەورەیە، بـەڵام واقیعەکەی ئێمەش تـا ڕاددەیەك دواکەوتوە لە تێگەیشتن لەم مەسەلەیە، پێم خۆش نیە ئەمە بڵێم، بەڵام ئەو ڕاسـتیەش هەیە کە بایەخی پێویسـت بـە کۆلێژی شـەریعە و قوتابخانە ئاینیـەکان نەدراوە، ئێمە دەبێت بزانین کە ئاین سـەرەکیترین و بنەڕەتیترین هـۆکارە کە کاریگەریان هەیە لە لە کۆمەڵگەکەی ئێمـەدا، ئەگەر ئەم لایەنانەش فەرامـۆش بکرێت ئەوا خۆمان دەبینین چـی ڕوودەدا، مـەلاکان دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت و تەقدیر بکرێن، کۆلێژی شـەریعە دەبێت هەبێت، بەڵام دەبێت بزانین تەحەدداکان چیـن، تەنها ئەوەندە بەس نیە کۆلێژی شـەریعە هەیە و قوتابی دێت و دەردەچێت، ئایـن کیمیا و فیزیا نیە، ئاین کاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسەر ڕەفتار و ئەخلاقی کۆمەڵگەکە هەیە.

*** مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە کەلتور و مێژوی ئێمەوە، بـۆ نموونە کاتێك ئێمە شـەقامێك ناو دەنێین شـێخ مەحمود یان قـازی محەمەد یان هەر سـەرکردەیەکی دیکە،مەبەسـتمان ئەوەی رابردوو بە ئێستا گرێبدەینـەوە،، بەڵام کاتێـك ئەوان دێن و مزگەوتێك دروست دەکەن و ناوی کەسێکی غەیرە کوردی لێدەنێن، لەبەر ئەوەی سـەر بە ئیخوان بووە، ئایا ئەمە چ مەترسـیەك دروست دەکات کە ئێمە بە مێژویەکی دیکە بیربکەینەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمەیە کە دەڵێین نابێت ئاین بۆ مەبەسـتی سیاسی ئیستیغلال بکرێت، ئێمە کە ناوی کەسـێکی شۆڕشی کوردی لە شەقامەکان دەنێین، مەبەستمانە خەڵکی خۆمان بە مێژوی خۆمان ئاشنابکەین، بەڵام بۆ ئەوان کەسێکی وەك سەوواف لە فیکری ئەوانەوە نزیکترە، دواتر ئەوان تەقدیری ئەوە ناکەن کەلەم قۆناغەدا ئێمە زیاتر پێوستمان بە ئاشناکردنی خەڵکی خۆمانە بە مێژوی



**حزبە ئیسلامیەکان لە سەردەمێکدا کە دەسەڵاتێک نەبوو خەڵک بپارێزێت، ئەوان مزگەوتەکانیان بەکارهێنا بۆ دورستکردنی دژایەتی لە نێوان نەوەی نوێ و دایک و باوکەکانیان، بەوەی ئەگەر دایک و باوکەکانیان وەک ئەوان باوەڕیان بە جیهادکردن نەبێت لە ئەفغانستان ئەوا کافرن**

خۆمان و بۆ دەبێت کەسێکی دیکە بهێنین بیکەینە ڕەمزێك، ئێمە دەڵێین با لە مێژوی خۆمان تێبگەین و ئەو کەسەش ڕێزی خۆی لێدەگیرێت سەوواف بێت یان هەر کەسێکی دیکە.

*** ئێوە وەك ئەندامی پەرلەمانی عێراق و یاسادانەرێك کە لە ململانێدان لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی دیکەدا، تێگەیشتنی ئێوە چیە لە سەر هەڵوێستی پارتە ئیسلامیەکان لەسەر دیموکراسی، ئایا باوەڕیان بە جێبەجێکردنی بنەما دیموکراسیەکان هەیە، یاخود دیموکراسی وەك ئامرازێك بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەلات؟**

- لە ڕاستیدا ئەو ئەندامە ئیسلامیانەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین لە پەرلەمانی عێراقدا کەسانێکی سیاسین و ئامادەن هەر ئاڵ و گۆڕێك لە هەڵوێستەکانیاندا بکەن بۆ هێنانەی ئامانجەکانیان، واتە ئەوەنیە پابەندبن بە بەهایەکەوە و لێی لانەدەن، بۆ نموونە حزبی ئیسلامی تا ڕادەیەك هاوپەیمانین لەگەڵیاندا لە مەسەلەی کەرکوك لەگەڵ ئێمەدا نەبوون، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر حەق نین، ئەوان دەیانزانی لەسەر حەقین بەڵام لەبەر ئەوەی جەماوەری عەرەب بەرەو شۆڤێنیەت دەڕوێشت ترسی لەدەستدانی جەماوەریان هەبوو، کە دواتر ئەو جەماوەرەشیان لەدەستدا، واتە سەرەڕای نیفاقە سیاسیەکە جەماوەرەکەشیان دۆڕاند، بۆ نموونە لە موسڵ تەنها سێ کورسیان هێنا، بەڵام ئەوەی ئیسلامیەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەوان باوەڕیان بەوە نیە ئەگەر گەیشتنە دەسەلات ئامادەبن دەستی لێ هەڵگبرن ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕان، بۆ نموونە من لە کەسێکی ئەوانەی جەزائیرم پرسی کە ئایا ئامادەن دەست لە دەسەلات هەڵگبرن ووتی نەخێر، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی دیموکراسی لە سیستمەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئاڵ و گۆڕی دەسەلاتی تێدا ڕوودەدات، لەبەر ئەوە ئەوان ئیسلامین و هەر ئامانجیان هێنانەدی سیستمێکی ئیسلامیە و دیموکراسی وەك ئامرازێك بەکار دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات.

*** ئیخوان موسلمین سەرەتا وەك کۆمەڵەیەك دەستی پێکرد و دواتر گۆڕا بۆ پارتێکی سیاسی و پەنای بۆ توندوتیژی برد و هەڵسا بە کوشتنی سەرۆك وەزیرانی میسر و سەرۆك سادات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە کۆمەڵەیەکەوە گۆڕان بۆ پارتێك کە پەنا بۆ توندوتیژی ببات؟**

- لە ڕاستیدا ئیخوان لە سەرەتادا کۆمەڵەیەك بوو، دەرێژەپێدانی فیکری ئیسلاحی محەمەد عەبدە و ئەفغانی بوو، چونکە لەو سەردەمەدا جیهانی ئیسلامی یان ئیمبراتۆریەتی عوسمانی زۆر دواکەوتبوو، زۆر نەخۆش بوو، بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەو فیکرەی پەیوەستە بە ئیسلامەوە ئەگەر لە وەستدا ڕابنەگرێت بەرەو خراپی و زێدەڕوی دەڕوات و ئەمەش سروشتی ئینسانە کە حەز بە زێدەڕوی دەکات، من پێم وایە ئەو ئیخوانەی هەبوو دەتوانین قبوڵی بکەین تا دەگاتە سەیید قوتب، کە سەیید قوتبیش کەسێکی ئەدیب بوو پێش ئەوەی ببێتە سیاسی و دواتر ئیسلامی و دواتر ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەبدرێت کە وای لێهات بڵێت زیندوکردنەوە ئاین پێویستی بە جیهادە و جیهادیش دەبێت دژی ئەوانە بکرێت کە دژمانن، کەواتە هەمو کۆمەڵگەکەی بە جاهیل دانا کە پێویستی شەڕیان لە دژ بکرێت، من لێرەدا پێم وایە سەیید قوتب هەرچیەکی ووتبێت پاساوی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی زۆر ئازاردرا و زۆر ئەشکەنجەدرا و حوکمی ئیعدامی بەسەردا درابوو کە دواتر جێبەجێ کرا، واتە دەیوت کۆمەڵگە جاهیلە و دەبێت شەڕ بکرێت، بەڵام کێشەی من لەگەڵ ئەوەدایە بۆ دەبێت ئەم قسانەی سەیید قوتب بکرێنە مەنهەجی پارتێکی سیاسی، بۆ دەبێت کاری پێبکرێت، هەرچەندە ئەوەی جێی خۆشحاڵیە کە هەندێ لە سەرکردەکانی ئەم گروپە توندڕەوانە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوە هەڵەیە و دەستیان کردووە بە نووسینی زنجیرەیەك ووتار کە پێی دەڵێن «موراجعات» واتە پێداچونەوە کە ئێستا شەڕێکی فیکری هەیە لە نێوان ئەمانە و کەسێکی وەك زەواهیریدا، کە زەواهیریش لە سەرەتادا ئیخوان بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ کەسێکی وەك ئەوەی ئێستا کە لەگەڵ ئەل قاعیدەدا کاردەکات.

*** ئێمە دەزانین کە دەبێت تەنها زاناکان واعیزی ئاینی خەڵك بن، لەبەر ئەوەی ئەوان شارەزان و لە ئاینەکە تێگەیشتون، بەڵام ئایا مەترسی ئەوە چیە کە کادرێکی سیاسی دێت و لە ڕووی ئاینیەوە قسە بۆ خەڵك دەدات، ئایا کاریگەری ئەمە چیە؟**

- ئەوە شتێکی ڕەوا نیە و نابێت ڕێی پێبدرێت، ئەمە بەرپرسیارێتی سیستمە حکومڕانەکە و زانایانی ئاینی و کەسە ئاقڵەکانی ناو ئەو پارتانەیە کە ڕێگەی پێنەدەن، چونکە ئێمە مەلامان هەیە بیست ساڵ دەخوێنێت و دیراسەت دەکات، ئینجا ئەگەر بتوانێت قسەیەك بکات لە مەسەلەیەکی ئاینیدا، بەڵام کەسێکی دێت کۆلێژی تەواو کردووە، نەك هەر شەریعە بگرە زۆربەیان ئەندازیاریان تەواوکردووە و قسە لە ئاین دەکەن، قسەکردن پێویستی بە تایبەتمەندبوونە، بۆ نموونە لە ئیسلامدا بە دەیان زانست هەیە، زانستی مەنتیق، زانستی کەلام و فەلسەفە و هتد، دەبێت تایبەتمەندی وەربگیرێت، بۆ نموونە بۆ تەفسیری ئایەتێك دەبێت ئەو کەسە هەمو ئایەتەکانی دیکەی پەیوەست بەو مەسەلەیەوە بزانێت. یاخود مەسەلەیەکی دیکەی جێی مەترسی هەیە ئەویش ئەوەیە کە فێربوونە و دەڵێن، پێغەمبەر(د.خ) وای ووت، ئێمە سەرەتا دەبێت بزانین کە موحەمەد تەنها پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو سیفەتی دیکەی هەبووە، بۆ نموونە سەرکردە بووە، موسڵیحێکی سیاسی بووە و کێشەی چارەسەرکردووە، ئێمە کاتێك قسەیەکی ئەو دەهێنینەوە دەبێت بزانین بە چ سیفەتێك ئەو قسەیەی کردووە، بۆ نموونە کاتێك لە شەڕێکدا پێغەمبەر ئەوەی وتووە کە هەر کەسێك کەسێکی کوشت ئەوا هەرچی هەیەتی بۆ خۆی بیبات، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەیان بە گەرمی بەشداریان لە شەڕدا نەکردووە یاخود تەنها بۆ غەنیمەت شەڕیان کردووە، واتە ئەمەی وەك پاڵنەرێك ووتوە، هەندێك دەڵێن ئەم وتەیە تەنها پەیوەستە بەو شەڕەوە چونکە پێغەمبەر وەك سەرکردە ئەو قسەیەی کردووە، هەندێك دەڵێن ئەمە شەریعەتە، واتە ئەوان نازانن جیاوازی بکەن لە نێوان ئەوەی کام حەدیسە حەدیسی حوکمە، یان شەریعەتە، یان حەدیسی نەسیحەتە، کە زۆرجار بە داخەوە مەلاکانیش ئەم جیاوازیە ناکەن، دواتر ئێمە دەبێت بزانین هەندێ حەدیس دەخوێنرێتەوە کە دانراون، ڕاست نین، یاخود هەندێکیان لە دوای دروستبوونی ناکۆکی و ململانێوە نووسراونەتەوە کە ڕەنگە بۆ بەرژەوەندی لایەنێك نووسرابێتەوە، بۆ نموونە هەندێ حەدیس پێی دەڵێن «چنی» واتە گومانی لەسەرە، ئێ باشە چۆن دەبێت لەسەر حەدیسێك کە گومانی لەسەرە میللەتێك بفەوتێنیت، مەترسیەکە لێرەدایە.

**ئاین کیمیا و فیزیا نیە، ئاین کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتار و ئەخلاقی کۆمەڵگەکە هەیە**

**ئەوەی ئیسلامیەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەوان باوەڕیان بەوە نیە ئەگەر گەیشتنە دەسەلات ئامادەبن دەستی لێ هەڵگبرن**



# دادپەروەری راگوزاری

## ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لەعێراق: لە تۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی

**ئامانجەکانی دادپەروەری راگوزاری (Transitional Justice):**

**١- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی لێکترازان و پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگا کە بەهۆی توندوتیژی پێشێلکاری دەرهەق بە تاکەکان کراوە.**

**٢- کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی برین و نەهامەتییەکانی تاک و کۆمەڵگا.**

**٣- دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان و لێپرسینەوە لەگەڵ تاوانکاران.**

**٤- دۆزینەوەی تۆماری مێژووی وردی کۆمەڵگا.**

**٥- گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی یاسا و سەروەری یاسا.**

**٦- دووبارە پەرەپێدانی دامودەزگاکانی کۆمەڵگا بەمەبەستی هاندانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ.**

**٧- زامنکردنی دووبارەنەبوونەوەی پێشێلکارییەکان.**

چەمکی دادپەروەری راگوزاری گوزارشتە لەو میکانیزم و کردارە یاسایی و نایاساییە کورتخایەنانەی کە موخاتەبەی میراتێکی قێزەون لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و توندوتیژی دەکات. بەتایبەت لە قۆناخی راگوزاری کۆمەڵگادا.

دوای هەر قۆناخێك لە توندوتیژی و سەرکوتکردن کاتێك گۆڕانی سیاسی روودەدات کۆمەڵگا خۆی لەبەردەم پاشماوەیەکی گەورە لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و نادادپەروەری دەبینێتەوە. زۆر وڵات هەن کە بەقۆناخی هاوشێوەدا رەت بوونە لەوانە وڵاتانی وەك بۆسنە و هەرزۆگۆڤینیا و مەغریبت و پیرۆ و سیرالیۆن و تەیموری رۆژهەڵات بەڵام لەپێناو هێنانەکایەی دادپەروەری و ئاشتی و ئاشتبوونەوەدا هەوڵی هێنانەکایەی عەدالەتیان داوە و بەشێکی سەرەکی کاری خۆشیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانەکانی رابردوو تەرخانکردووە، لەوانەیە زۆر لە بەرپرس و چالاکڤانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی و ناحکومییەکان دیدگای وایان هەبێت کە بەشێوازێکی قەزایی و غەیرە قەزایی رووبەڕووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ببنەوە. بەڵام میتۆدێکی تایبەتی هەیە کە لەو جۆرە رەوشانەدا پێڕەو دەکرێت کە هەموو لایەك هەست بە دادپەروەرییەکی گشتگیر و کامڵبوو بکەن. لەوانە:

- داوا تۆمارکردنی دادگایی لەسەر پێشێلکارانی مافی تاك.
- دەستپێشخەریکردن بۆ بەدواداچوونی راستییەکان لەپێناو چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانی رابردوو.
- قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ
- چاکسازیکردن لەدامودەزگاکانی پۆلیس و دادگا.
- رێگە خۆشکردن لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتەواتی بەتایبەت لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەسەر خۆیاندا بۆ زیاتر لە بەشێك دابەشبوونە.

بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەگەر ئەنجامدانی دادپەروەری ئەرکێك بێت ئەوا ئەنجامدانی هەموو شتێك بەهەمان شێوە وەك خۆی یان لەهەمان بارودۆخدا ئەرك نییە. ئەوانەی لەگەڵ واقیعە سیاسییەکان لە بارودۆخە جیاجیاکاندا دەگونجێن دەبێ باشترین بڕیاری خۆیان بدەن لەمەڕ ئەوەی چۆن و کەی دادپەروەری ئەنجام بدەن. لەبەرئەوە کاتێك وەرچەرخان لە قۆناخی تۆتایتاریزمەوە بەرەوە دیموکراسی و پلۆرالیزم روودەدات ئەوا گرنگە وێنەیەکی تەواو و دروستی تاوانەکانی رابردوو بخرێنەڕوو. ئەم پرۆسەیش هەر تەنها ریکۆردە مێژووییەکان راست ناکاتەوە. بگرە بناخەیەکی ئەوتۆ دابین دەکات بۆ دەستپێشخەری زیاتری ئاشتەوایی و لێپرسینەوە. بۆیە جۆرە دامەزراوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و درکاندنی راستییەکان دەبێتە بەردی بناخەی پرۆسەی دادپەروەری راگوزاری.

زۆرن ئەو وڵاتانەی لەقۆناخی راگوزاریدا لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراسیەت تێپەڕیون و تێپەڕدەبن، لەوانە: «وڵاتانی بەڵکان لە ئەورووپا- وڵاتانی کۆلۆمبیا، مەکسیك، گواتیمالا، پاراگوای، پیرۆ لە ئەمریکای لاتینی و کۆنکاکاف- وڵاتانی بوروندی، کۆنگۆی دیموکراتی، گانا، کینیا، لیبیریا و سیرالیۆن لە ئەفریقیا- ئەفغانستان، ئەندۆنیسیا، سریلانکا و تەیموری رۆژهەڵات لە ئاسیا هەروەها عێراق و مەغریب و جەزائیر لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقیا» گوڵان لێرەدا دەیەوێ چەند تاڵە رووناکییەك بخاتە سەر ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان لە قۆناخەکانی گواستنەوەی کۆمەڵگاکانی دیکە بۆ دیاریکردنی ئەو ستراتیژ و میکانیزمانەی کە بۆ بارودۆخی عێراق گونجاون. لەبەرئەوە ئەو راپۆرتە تەنها گفتوگۆیەکی تیۆری نییە لەسەر بنەماکانی لێپرسینەوە، بگرە وتوێژێکی کۆنکریتییە لەسەر ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم قۆناخی راگوزاری لە تۆتالیتاریزم (شموليیەت)ەوە بەرەو دیموکراسی.

بۆ دەربڕینی ئەم وتوێژە، ئەم راپۆرتە کۆمەڵێك دیمانە و زانیاری لەخۆدەگرێ لەسەر هەوڵە جۆراوجۆرەکانی دادپەروەری راگوزاری (العدالە الانتقالیە) کە لەوڵاتانی دیکە تاقیکراوەتەوە و لە ناکۆکی و ستەمکاری و تۆتالیتاریزمەوە بۆ قۆناخێکی دیکە لە دیموکراسی و پلۆرالیزم وەرچەرخاوە. هەرچەندە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری عێراق لە گەلێ رووەوە بێوێنەیە، سەرکەوتن و فەشەلی ئەوانەی کە دووچاری هەمان ئاستەنگ بوونەتەوە دەتوانن چەندین بژارە (أختیارات) بخەنە بەردەم سیاسەتڤانانی عێراق بۆ کارکردن لەسەرخستنی پرۆسەکە.

**هاوزەمان لەگەڵ ئەم راپۆرتە خوێنەران دەتوانن پێنج دیمانەی دیکە لە ماڵپەڕی گوڵان لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی بخوێننەوە.**



یۆشیاکی ساساکیا راوێژکار لە دەزگای ساساکاوا بۆ ئاشتی لە ژاپۆن:

# دیالۆگ تەنیا دەرگایەکە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و ئاڵۆزییەکان

**یوشیاکی ساساکیا، راوێژکارە لە دەزگای ساساکاوە بۆ ئاشتی لە وڵاتی ژاپۆن، کەسێکی شارەزایە لە پرۆسەی دادپەروەری ئینتیقالی لەوڵاتانی دوای جەنگ. پرۆفیسۆر ساساکسا شاهێدحاڵی زۆربەی ئەو قۆناخە راگوزارییە نێودەوڵەتیانەیە کە لە تۆتالیتاریزمەوە بەرەو دیموکراسیزم و پلۆرالیزم وەرچەرخاون. ناوبراو لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گولان بەمشێوەیە تێڕوانینی خۆی خستەڕوو.**

*** وا باوە هەمیشـــە لەقۆناخی راگوزاریدا لەوڵاتی دوای شەڕ دوو کلتووری دژ بەیەك ئامادەگی هەیە و تووشـــی بەریەککەوتن دێـــن، یەکێکیان کولتووری شەڕە، کە لەسەر پاشـــماوە کەڵەکەبووەکانی قۆناخی دیکتاتـــۆری کاردەکات، ئەویتریان کولتووری دوای شـــەڕە کە داوای دیالۆگ و دیموکراســـی و فرەیی دەکات، ئایـــا لەنێو ئـــەو بەریەککەوتنە کولتوورییەدا چۆن دەتوانین گرنگی بـــە کولتووری لێبووردەیی و دیموکراسی و ئاشتەوایی بدەین؟**

- ئەم باســـە مەغزا و گرنگی فیکری و ستراتیژی هەیە، چونکە بارودۆخی هزری و رۆشنبیری میللەتان بەپێی بارودۆخی شـــەڕ و ئەو وێستگانەوە دەگۆڕێت کە پێیدا تێپەڕدەبن، واتە رووداو و شـــەڕەکان واقیعی هزری و رۆشـــنبیری و کولتووری تێیدا دەگۆڕێت. ئەوەی ئەمرۆ لەعێراقدا روودەدات بارودۆخێکی ئاڵۆزو ناوازەیە، بەڕادەیەك وای لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و گروپ و لایەنەکان کردووە پاشەکشە بکەن لەکولتووری لێبووردەیی و دیموکراسی، گەرچی لە زۆر بواردا من پێموایە هەنگاو نراوە بـــەڵام کاری زیاتری دەوێت و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕو ماڵوێرانی وا ئاسان نییە و ســـەبر و کاتێکی باشـــی دەوێت. بۆ نموونە، شـــەڕی ناوخۆی نێوان حکومەتی پێشووی عێراق و کورد تائێستاش جۆرە نامتمانەییەکی لێکەوتۆتەوە، کە وایکردووە هەمیشـــە کورد و ناوەند گومان لەیەکتری بکەن. ئەمەش پێویســـتە لە رێگای وتوێژ و کرانەوەو زاڵبوونی کولتـــووری لێبووردەیـــی رێزگرتن لە راو بۆچوونی جیاواز چارەسەر بکرێت.

عێراقی ئەمرۆ لە قۆناخ و وەرچەرخانێکی نوێدایە، کە وا پێویســـت دەکات بایـــەخ و گرنگی بەوتوێژی رۆشنبیری و لێکحاڵیبوون و رێزگرتن لەڕای بەرامبەر بدات، بە رادەیەك لـــە نێوان هەموو لایەنەکان متمانە بگەڕێتـــەوە، ئەمەش ئەو دۆزەیە کـــە بەبێ دوودڵی دەبێت چارەســـەر و پیادەی بکەیـــن، دیالۆگ تەنیا دەرگایەکـــە بۆ چارەســـەرکردنی هەمـــوو گرفت و کێشەکان، ئەمەش پێویستی بەماوەی زۆر دەوێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر زمانـــی دیالۆگ پەراوێز بخرێت ئاکانەکانی مەترسیدار دەبێت.

*** پەرەپێدان بە کولتووری لێبووردەیی و دیموکراســـی پێویست بە گۆڕان دەکات، ئایا پێتوانییە ئەم گۆڕانە لەگەڵ بوونی ئەقڵییەتی شـــمولی و ملیتاری دەیان ئاستەنگ و بەربەستی هاتۆتە بەردەم؟**

- شتێکی ئاساییە لە کۆمەڵگایەکدا کە بەو بارودۆخە تێپەڕبێـــت و دەیان پارت و گـــروپ و لایەن هەبێت لە گۆڕەپانی سیاســـی ئیدعای دیموکراســـی بکەن راوبۆچوونـــی جیاواز و بگـــرە دژ بەیەکیش هەبێت، گەیشـــتن بە قۆناخی گۆڕان و چاکسازی پێویست بـــەوە دەکات بەو قۆناخەشـــدا تێپەڕ بیـــن، هەرێمی کوردســـتان و عێراقیش پێویستییان بە گۆڕان هەیە، گۆڕان پێویســـتە لەپێناو دروستکردنی بارودۆخێکی دوور لە شـــەڕو پێکدادان کە شوێنەوارەکەی سلبی و ماڵوێرانکەرە، ئ الیرەوە گۆڕان لەسەرجەم بوارەکان و بەسەر هەموو توێژ و چینەکان پێویستە .

*** گـــەر نەتوانرێـــت لە ئاســـتی پـــارت و گروپە جۆراوجۆرەکانـــی نـــاو گۆڕەپانی سیاســـی عێراق کولتووری لێبووردەیی و دیموکراســـی پەرە پێبدەین، دەکرێت پاڵنـــەری دەرەکی و یارمەتـــی و هاوکاری نێودەوڵەتی لەمبوارەدا رۆڵی هەبێت؟**

- مـــن پێموانییە گۆڕان بە فشـــار و پاڵەپەســـتۆی دەرەکـــی بکرێت، گـــۆڕان پرۆســـەیەکە لە ناوخۆی عێراقدا زەرووڕەتی مێژوویی دروستی دەکات، چونکە بیرۆکەی گـــۆڕان خۆی لەخۆیدا لەســـەر بنەمای رەتکردنـــەوەی واقیعی ئێســـتا و گـــەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤ دا دروســـت دەبێـــت، لەمەش گرنگتر پێویســـتە گۆمەڵگا خۆی لەخۆیـــدا ئامادەیی ئەو گۆڕانەی هەبێت.

*** لەگەڵ گواستنەوەی کۆمەڵگا لەکلتووری شەڕو توندوتیژییـــەوە بەرەو دیموکراســـی و فەرەیی چەند ئاستەنگ و بەربەستێك دێتە بەردەم قۆناخەکە، چۆن دەکرێت بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا زاڵ بین؟**

- جێـــی داخـــە گروپ و لایـــەن هەیـــە تەبەنناى بیرۆکـــەی دیموکراســـییەتی کـــردووە بـــەڵام وەکو رواڵـــەت وەریگرتووە، چونکـــە بارودۆخە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکەش وادەخوازێت دیموکراســـی بێت بەڵام هەڵگری عەقڵییەتی دیموکراسی نییە هەروەکو گوتم بە رووکەش دیموکراســـی وەرگرتووە. پێویســـتە لەم قۆناخەدا رانەوەســـتین و تێپەڕ بین بگەینە قۆناخی بەرەو دامەزرانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ئەمەش لە رێـــگای گفتووگۆ و گۆڕینـــەوەی راوبۆچوونە جیاوازەکان کە ئاکامی ئیجابی دەبێت.

*** ئایـــا میکانیزمە قەزائی و نا قەزائییەکان دەتوانن پێکەوە کاربکـــەن بۆ یارمەتی دانی گواســـتنەوەی گۆمەڵگا لە کلتوورێکی شموولییەوە بەرەو کلتوورێکی دیموکراسی؟**

- گواســـتنەوەی کۆمەڵگا لە کلتووری دیکتاتۆریی و شمولییەوە بەرەو دیموکراسی پەیوەندی بە ئیرادەی لایەنـــە پەیوەندارەکانی ناو کۆمەڵـــگاوە هەیە، هەر پـــارت و گروپ و لایەنێك ئیدعای دیموکراســـی و کولتـــووری لێبووردەیی و پرۆســـەی راگواســـتنی کۆمەڵـــگای هەڵگرتبێت پێویســـتە پابەندی بەڵێن و بەرنامەکانی بێت و دروشـــمەکان هەر قســـە نەبێت، دواتر بەشـــداربووانی ســـەرجەم ئەم پرۆسەیە بیرۆکە و کلتوورەکە بەســـەر دانیشـــتووان وکۆمەڵگادا بڵاو دەکەنەوە، هاوڵاتی گرنگترین توخمە لە پرۆسەکەدا، هەر خۆی داهێنـــەر و بەرهەمهێنەری مێژووە، بۆیە رۆڵی ئیجابیشی لەسەر سەرجەم پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە عێراقدا هەیە.



دۆرۆتی مارۆتین بەپرسی باڵای سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ عەدالەتی ئینتیقالی لە برۆکسڵ بۆ گوڵان:

# عێراق و کوردستان ڕێگەکەی خۆیان بەرەو پرۆسەی عەدالەتی ئینتیقالی دەست پێکردووە

**دۆرۆتی مارۆتین، کە بەڕەچەڵەک فەڕەنسییە، بەرپرسێکی باڵایە لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ عەدالەتی ئینتیقالی کە بارەگاکەی لە برۆکسڵی پایتەختی بەلجیکایە. ناوبراو لە چەندین وڵاتی ئەفریقی و ئاسیایی کاری کردووە و لە پرۆسەی عەدالەتی میکانیزمی ئەو وڵاتانە بەشداری کردووە و ئەزموونێکی زۆری لەم بوارەدا هەیە.**

*** ئەو بەربەستانە چین دێنە بەردەم پرۆسەی لە تۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی؟**

- سەرەتا گۆڕان لە ڕژێمێکی دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی چەند ئەرك و تەحەدایەك لە بڕوابوونی نێوان هاووڵاتیانی وڵاتەکە و قوربانیەکان و دام و دەزگاکانی دەوڵەت دروست دەکات، کاتێك ڕژێمێکی دیکتاتۆری و خراپەکار هەبوو، دام و دەزگاکانی دەوڵەتیش لە بەرامبەر هاووڵاتیان خراپەکار بوونە. بۆیە قوربانیانی خراپەکاریەکان بڕوایان بە دام و دەزگاکان نابێت، کەواتە پێویستە دام و دەزگاکان لەو ڕێچکەی گرتبوویان لابدەن و دووبارە پەیوەنیەکی ڕاستگۆیانە لەنێوان حکومەت و هاوڵاتیە قوربانیەکان دروست بکەن. ئەمەش لە ڕێگەی دووبارە دروست کردنەوەی دام و دەزاگاکان، گرەنتی دان بە پێکهێنانی پرۆگرامێك بۆ قوربانیەکان، دروستکردنی فۆرمێك بۆ قوربانیەکان تا چیرۆکەکانی خۆیان تێدا بڵاوبکەنەوە بۆ نموونە لە ڕێگای کۆمیتەی ترەست (Trust Commission)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها هاووڵاتیان دڵنیا بکرێنەوە کە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە سزا دەدرێن و دەبرێنە پێش داداگا، هەموو ئەو میکانیزمانە کە لەبنچینەدا پێکهاتەی عەدالەتی ئینتیقالی پێکدەهێنن، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لەدووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی سیقە و بڕوابوون لەنێوان هاووڵاتیان و دام و دەزگاکانی حکومەت.

*** ئایا مەبەستتان لە عەدالەتی ئینتیقالی چییە؟**

- عەدالەتی ئینتیقالی بریتیە لە چەند میکانیزمێك کە وڵاتان دوای ئەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری نامێنێت و یەکێکی تر جێگای دەگرێتەوە یان کۆتایی بە ناکۆکی و جەنگێك دێت، پەیڕەوی دەکەن. ئەو میکانیزمانە ڕووبەڕووی پاشماوە و میراتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دەبێتەوە کە لە ڕابردوو ئەنجام دراون، بۆیە لە سەردەمی ڕژێمێکی دیکتاتۆری کە خەڵکێکی زۆر کوژراوە و لە گۆڕ نراون، پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەو ڕژێمە دیکتاتۆریە یان دوای ئەو ناکۆکی و شەڕە چۆن لەگەڵ ئەو میرات و پاشماوەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ مامەڵە دەکەیت. بۆچوونی عەدالەتی ئینتیقالیش بریتیە لەوەی مامەڵە لەگەڵ کولتوور و میراتی ڕابردوو بکەیت و بەربەرەکانی بەڕەڵایی بکەیت و حوکمی یاسا و کەرامەت و ڕێزی قوربانیەکان بگەڕێنیەتەوە و بەشداری کردن لە هەڵسەنگاندنی دیموکراسی و حکومڕانی باش.

*** ئایا ڕۆڵی دادگا و سیستەمی دادوەری و ئالیەتە قەزاییەکان لە پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگا تۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی چییە؟**

- بەڕاستی من زۆر شارەزا نیم دەربارەی سیستەمی دادوەری عێراقی، من تەنها شارەزام لە بارەی عەدالەتی ئینتیقالی و ئەزموونم لەسەر وڵاتانی تر هەیە. زانیاریم دەربارەی دادگای باڵای عێراقی هەیە کە لە بەغدا دامەزرا و توانی سزای سەدام حسێن بدات، بەڕاستی ئەمەش دەستپێشخەریەکی گرنگ بوو لە سیستەمی دادوەری لە عێراق. بۆیە وەك دەبینین عێراق و کوردستان ڕێگەکەی خۆیان بەرەو پرۆسەی عەدالەتی ئینتیقالی دەست پێکردووە، پێویستیشە یارمەتی هەموو ئەو هەوڵە جیاوازانە بدرێت. ڕەنگە تا ئێستا بە تەواوی یارمەتی نەدرابێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە دەنگی قوربانیەکان ببیسترێت. پێویستە پرۆسەیەکی نوێی عەدالەتی ئینتیقالی بەند بێت لەسەر پێویستی و نیکەرانیەکانی قوربانیەکان، چونکە پێویست دەکات قوربانیەکان لەو میکانیزمانەی عەدالەتی ئینتیقالی خۆیان بدۆزنەوە و دەستیان تێدا هەبێت. بۆ ئەوەی پرۆسەکە شێوەیەکی یاسایی بەخۆیەوە ببینێت دەبێت ڕاوێژێکی فراوان لەگەڵ خەڵك و جەماوەر بکرێت، بە تایبەتی لەگەڵ قوربانیەکان.

*** ئایا ڕۆڵی ڕێکخراوەکەی ئێوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەم پرۆسەیەدا چییە؟**

- سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ عەدالەتی ئینتیقالی (ictj) ڕێکخراوێکە کە یارمەتی ئەو دەوڵەتانە دەدات لە بارێکی نائارامەوە بۆ ئاشتی هەنگاو دەنێن و لە سیستەمێکی دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی دەگۆڕێن، ئەمەش لە ڕێگەی پێکهێنانی چەند میکانیزمێك بۆ مامەڵە کردن و ڕەفتارکردن لەگەڵ مێژوو و میراتی ڕابردوو. بۆیە ئێمە یارمەتی تەکنیکی پێشکەش دەکەین بۆ نموونە ئەزموونی وڵاتانی تر دەخەینە ڕوو، نیشانی عێراقی دەدەین کە چۆن و چی لە ئەمریکای لاتینی و چەند وڵاتێکی ئەفریقی و ئاسیایی کراوە. لەم ڕێگەیەوە عێراق هەوڵ دەدات دەرس و ئەزموون لە وڵاتانی تر وەربگرێت و مۆدێلی تایبەتی خۆی دروست بکات و پەیڕەوی بکات. ناتوانیت هیچ مودێلێك لە دەرەوە بۆ عێراق بهێنیت، بەڵکو پێویستە سیستەمی تایبەتی خۆتان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و کولتوور و مێژووی خۆتان دامەزرێنن.



کاترین بۆمبێرگە، بەڕێوەبەری گشتی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کەسە ونبووەکان (بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا):

# دەرگا کردنەوە بۆ عەدالەتی ئینتیقالی واملێدەکات لە بارەی داهاتووەوە گەشبین بم

**کاترین بۆمبێرگە، کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی ئەمریکایە، بەڕێوەبەری گشتیە لە لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسە ونبووەکان (icmp)و کەسێکی تایبەتمەندە لەبواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. ناوبراو لەدیمانەیەکدا لەگەڵ گوڵان ڕووناکی دەخاتە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم قۆناخی گواستنەوە لە شمولیەتەوە بەرەو دیموکراسیەت.**

*** ئەو بەربەستانە چین کە دێنە پێش پرۆسەی قۆناخی ئینتیقالی لە تۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی؟**

- سەرەتا دەمەوێت پیرۆزبایی لە خەڵکی عێراق و کوردستان بکەم کە ماوەیەکی زۆرە دەستیان کردووە بە دایەلۆگی ئاشتەوایی و راستی و عەدالەت. پێموایە گەورەترین بەربەستی ئەمڕۆ بریتیە لەو ناکۆکیە بەردەوامەی هەیە، هەروەها خەڵك لەبارودۆخێکی زۆر نائەمنی دەژیت و حکومەتیش زۆر ناسکە، بەڵام پێموایە پرۆسەکە بەدایەلۆگ و گفتوگۆ دەستی پێکردووە و ئەمەش شتێکی زۆر تەندروستە. بۆیە وای دەبینم دەرگا کردنەوە بۆ وەها پرۆسەیەك وام لێ دەکات لە بارەی داهاتووەوە گەشبین بم، کاتێکیش تۆ مەترسیەکانی خۆت بەرز دەکەیتەوە و قسەیان لەسەر دەکەیت ئەمە خۆی ئاماژە و نیشانەیەکی باشە.

*** پێتوایە چۆن دەتوانین ئاسەوارەکانی کولتوری رابردووی تۆتالیتاریزم بماڵین و پەرە بە کولتوری لیبراڵ دیموکراسی بدەین؟**

- پێموایە بەشێك لەمە بریتیە لەوەی هەوڵ بدرێت پەیمانگە و دەزگای جێگیر و پتەو بنیادبنرێت. ئەمەش پێویستی بە دیالۆگە لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و حکومەتەکانە. هەر بۆیەشە پێموایە ئەو کۆنفرانسەی ئێستا زۆر گرنگە، چونکە خەڵکانێکی تێدایە نوێنەرایەتی دەسەڵاتەکانی عێراقی دەکەن لەئەنستیۆتەکانی عێراقی و کوردی، پەرلەمانتاران ئامادەن، گروپی قوربانیەکان و ژمارەیەك لە کۆمەڵگا نێودەوڵەیتەکانیش ئامادەی کۆنفرانسەکەن. بۆیە پێموایە یەکەم هەنگاو بۆ بڕیاردان ئەوەیە چی بۆ خەڵك گرنگە و ئامانجەکانی سیاسەت چین بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی باشتر و عێراقێکی نوێتر، بۆیە هەبوونی شەفافیەت و کرانەوە دەستپێکێکی زۆر باشە. ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەنە بە تایبەتی لەبەرئەوەی خەڵك لە ساڵانی رابردوو ئازارێکی زۆریان بینیوە، چۆن دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێشوو و مرۆڤایەتی جاران لە رێگەی دیموکراسیەوە، پێویستت بە جورئەت و بنیادنانی دەزگا و دامەزراوەی بەهێز هەیە، هەروەها دەبێت دڵنیا بیت کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا بە مافەکانی دەگات. پێویستیشە بە یەکەوە کار بکەن جا کورد بێت سوننە، شیعە، تورکمان یان ئاشوری بێت.

*** ئایا مۆدێلی وڵاتانی بەڵکان بەتایبەتی بۆسنا و هەرزەگۆڤینیا، کە ئەوانیش وەك عێراق بەم قۆناخەدا تێپەڕبوون، تاچەند بۆ عێراقی ئەمڕۆ دەگونجێت؟**

- پێموایە هەندێ لە مۆدێلەکان دەگونجێن، ئەوەی ئێمەش لە مەسەلەی ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لە قۆناخی تۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی هەوڵی بۆ دەدەین بریتیە لەوەی نیشانی بەشداربووان بدەین کە هەندێ لەو شتانەی ئێمە لە بۆسنە و هێرزۆگۆڤینیا بینیومانە و سوودی هەبووە وەك مۆدێلێك بۆ عێراق و کوردەکان بەکاربهێنرێت، جیاوازیەکە ئەوەیە لەوێ دوژمنکاریەکە لە ساڵی ١٩٩٥ نەما و جەنگەکە کۆتایی هات، بۆیە ئەوان لە حاڵەتێکی باشتر بوو تا بتوانن بەرەو پێش هەنگاو بنێن، بەڵام لێرەدا ئەو شتەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە کە تا ئێستا ناکۆکی بەردەوامە، بۆیە تا وەستانی دوژمنکاریەکان ئەنجامدانی ئەو کارە زۆر زەحمەت دەبێت . ئەمە جیاوازیەکەیە. ئێمە ئۆفیسێکمان لە بەغداد کردۆتەوە و هەوڵ دەدەین ئۆفیسێکیش لە هەولێر بکەینەوە. بەڵام ئێستا لە ناوچەی سەوز دەژین و لە ژێر ئەمنیەتێکی زۆردا، کەواتە تۆ کە رێکخراوێکی مافی مرۆڤ بیت چۆن دەتوانیت هاوکاری پێشکەش بکەیت. بۆیە کۆتاییهێنان بە ناکۆکیەکە رێگە خۆش دەکات تا کاری باش و شیاو بکەیت.

*** رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت لەپرسی ئاشتەوایی و لێپرسینەوەدا؟**

- رۆڵی ئێمە وەك لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسە ونبووەکان (icmp) کە لەگەڵ حکومەتەکان کار دەکەین ئەوەیە کە حکومەتە نیگەرانەکان دەتوانن icmp بەکاربهێنن هەر وەك حکومەتی عێراق کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەسی ونبووی هەیە. ئێمە هەوڵدەدەین خەڵك دڵنیا بکەینەوە کە حکومەت خوازیارە مەسەلەکە باس بکات و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات و حکومەت توانستی خۆی بەکاردەهێنێت، وەك لە بۆسنە و هێرزەگۆڤینیا توانیمان چەندین ئەنستیتیۆتی تایبەت بە کەسە ونبووەکان درووست بکەین، هەروەها توانیمان سیستەمێکی یاسایی پێکبهێنین بۆ ئەوەی قوربانیەکان مافی خۆیان بەدەست بهێنن و لە مافەکانیان تێبگەن، بەمافی قەرەبووکردنەوەش. جگە لەوە ئێمە یارمەتی تەکنیکی پێشکەش دەکەین بۆ هەڵکەندنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، تەکنەلۆجیای DNA بەکاردەهێنین بۆ ناسینەوەی قوربانیەکان. پرۆگرامێکمان بۆ عێراق رێکخستووە، ئێوە ملیۆنان کەسی ونبووتان هەیە لە ئەنجامی ناکۆکیەکان لەگەڵ سەدام حسێن و شەڕی نێوان ئێران و عێراق و تەنانەت ناکۆکیەکانی ئەو دواییەش. ئەمەش سەرچاوەی ئازارە بۆ ئەندامانی خێزانەکان و جۆرێکە لە ئازاردانی مێشکی کە نازانن چارەنووسی کەسە ونبووەکانیان چییە.

# تورکیا و عوسمانیزم:

## قۆناغی داوودئۆغلو



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە یەکەم دەستپێکی ئەم مانگەدا، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، رەجەب تەیب ئۆردوگان، لە میانەی گۆڕینی چەند پۆستێکی وەزاری لە کابینەکەی خۆیدا، رایگەیاند کە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی داوەتە راوێژکارەکەی خۆی پرۆفیسۆر ئەحمەد داوودئۆغلۆ. زۆر لە چاودێرانی سیاسی لە تورکیا و دەوڵەتانی رۆژئاوا، ئەم راگەیاندنەیان بە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە قەڵەمدا، لە بونیادی پرۆسەی چاکسازی و سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی دەوڵەتی تورکیادا.

هۆیە سەرەکییەی ئەو گۆڕانە، بە لای چاودێران و رۆژنامەنووسان ئەوەیە، کە پرۆفیسۆر داوودئۆغلو، زۆر دەمێکە بانگ بۆ پەرەپێدانی رۆڵی وڵاتەکەی هەڵدەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. بگرە، زۆر لەو چاودێرانە پێیان وایە داوودئۆغلو یەك لە بنیاتنەرانی تیۆری چاکسازی و کرانەوەیە لە ناو حکومەتی ئێستادا. لەوەش زۆرتر، داوودئۆغلو لەو کاتەیشدا کە راوێژکارێکی سەرەکیی ئۆردوگان بووە، هەمیشە پێی وابووە فاکتەری سەرەکی بۆ کاریگەرترکردنی رۆڵی وڵاتەکەی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، تەنیا لەوەدایە کە کار بۆ زیندووکردنەوەی عوسمانیزمێکی تازە بدرێت. واتە تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو میللەت و دەوڵەتانە خۆش بکات کە پێشتر لە ناو چوارچێوەی جیهانی رۆشنبیری و سیاسیی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوون.

راستە، ئەم تیۆرەی عوسمانیزم، تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئاسۆی گۆڕانکارییەکانی جیهان و مەوداکانی فیکری ئیسلامی لە ناو تورکیاو ناوچەکەدا یەك ناگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، تیۆرەکە بۆ دەوڵەتێکی تاکڕەوی وەکو تورکیا چارەسەرێکی گونجاوە، بە تایبەتی ئەوەی لە تیورەکەی داوودئۆغلودا هاتووە ئەوەیە کە عوسمانیزمی تازە دەبێت لەگەڵ فیکری بە رۆژئاوایی کردنی تورکیا یەك بگرێتەوەو تێکەڵاو بکرێت. دیارە، وەك بەرجەستە کردنێکی تازەی ئەو بۆچوونە، داوودئۆغلۆ هەر لە دوای رۆژێك لە دەست بەکاربوونی لە وەزارەتی دەرەوە، رایگەیاند هەوڵێکی گەرم دەدات بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ریفۆرمی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا جێبەجێ بکات، بە ئاراستەی کرانەوەیەکی زۆرتر بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی بەلقان، بەڵام بەو مەرجەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ رۆژئاوا، لە ناو ئەو چاکسازی و ریفۆرمەدا، گەشە پێبدات.

شایەنی باسە، داوودئۆغلۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ – ١٩٩٩ دا لە زانکۆی مەرمەرەی ئەستەمبوڵ کاریکردووە لە کۆتایی ئەو ماوەیەشدا پلەی زانستیی پرۆفیسۆری وەرگرتووە. هەر لەو ماوەیەدا سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە زانکۆی بایکێنت لە ئەستەمبوڵ. دواتر، تا ساڵی ٢٠٠٣، لە زانکۆکانی ئەستەمبول مامۆستای زانستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، وەزیری دەرەوەی تازە، یەکەم وەزیری تورکە لە دەرەوەی بازنەی ئەندامێتیی پەرلەمانەوە هاتبێتە ناو کابینەی وەزارەتەوە. دواتر هەر لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ سەرقاڵی کاری زانستی بووەو چەندین کتێبی لە بارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تورکیاو رۆڵی پێناسە ئیسلامی و رۆژئاواییەکەی نووسیوە.

داوودئۆغلو کە لە شارۆچکەیەکی سەر بە شاری قۆنیە ساڵی ١٩٥٩ لە دایك بووە، بە درێژانی ساڵانی رابردوو ئەندامی هیچ حزبێکی ئیسلامی نەبووە، گەرچی قۆنیە بە سەنتەری سۆفیزم و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی دەناسرێت. لەگەڵ ئەوەش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی خۆی لە یەك لە قوتابخانە عیلمانییە ئەڵمانییەکان تەواو کردووە و زۆرتر دیدێکی رۆژئاواییانەی هەبووە. ئەوەی داوودئۆغلو جیا دەکاتەوە لە سیاسەتمەدارو پرۆفیسۆرەکانی دیکەی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوەیە، کە هەمیشە پێی وابووە دەرفەت و رێگە چارە لەبەردەم تورکیا لەوەدا نییە خۆی لە پێناسە ئیسلامی و ناوچەییەکەی خۆی دابڕێت و روو لە پێناسەی ئەورووپی بکات وەك دامەزرێنەری دەوڵەتی تازەی تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورك دەیگوت. بەڵکو لەوەدایە بەلانسێکی ئیجابی لە نێوان پێناسە عوسمانییەکەو پێناسە رۆژئاواییە عیلمانییەکە بدۆزێتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، داوودئۆغلۆ پێی وایە هەڵکەوتەی جوگرافیی وڵاتەکەی لە نێوان ئاسیاو ئەوروپا لە لایەك و، لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەت لە لایەکی دیکە، پانتاییەکی ئەوتۆی بۆ دروست کردووە کە نەك هەر پێویستیی بە پێناسەیەکی تێکەڵاوی گونجاوی کەلتووری و رۆشنبیری

و شارستانی هەبێت، بەڵکو پێویستی بەوەش هەبێت رۆڵی بەیەک گەیاندنەوەی رۆژئاواو رۆژهەڵات لە ناوچەکەدا، لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتی و ئابووری و بازرگانی، بگێڕێت.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣، ئەو کاتەی کێشەو ناکۆکیەکانی ئەمریکا لەگەڵ رژێمی پێشووی عێراق لە پەرەدا بوو، لە هەموو لایەکەوە دەهۆڵی شەڕ لێدەدرا، لەو کاتەدا بە بڕیارێکی هاوبەشی سەرۆکی پێشووی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سێزەرو سەرۆک وەزیرانی ئەوساو سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا عەبدوڵلا گول، داوودئۆغلو ناونیشانی باڵیۆزی لە وەزارەتی دەرەوە پێدرا. پێشتر هەمیشە لە گول و ئۆردوغان نزیک بووەو ئەم دووە لە کاتی دامەزراندنی حزبی دادو گەشەپێداندا کەڵکێکی زۆریان لە بیروبۆچوونەکانی وەردەگرت. داوودئۆغلو نەک هەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان شارەزاییەکی ئەکادیمیی گەورەی هەبووە، بەڵکو شارەزاییەکی زۆریشی لە بواری سوپاو ئەکادیمیاو کاروباری بواری سیاسەتی دەرەوەی حکومەتیشدا هەبوو.

داوودئۆغلو پێی وایە تورکیا دەبێت هەموو ناکۆکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشت و پێکهاتەکانی ناوخۆدا بکوژێنێتەوەو بە ئاشتەوایی چارەسەریان بکات. بگرە، لە جیاتی ململانێ و ناکۆکی، هەوڵی ناوبژیوانی کردن بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەش، تا لەو رێگەیەوە ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابین بکرێت. پاساویشی بۆ ئەو جۆرە دیپلۆماسیە ئەوەیە، کە دەرفەتی گەشەکردنی تورکیا تەنیا لە ئاشتەوایی و سەقامگیر بوونی بارودۆخی ناوخۆی و هەلومەرجی ناوچەیی و کەشوهەوای نێودەوڵەتی دایە، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە لە پشت ئەو پرۆسە گەورەیەی دانوستانی ناڕاستەوخۆی سوریا و ئیسرائیل بووە. مەعلوومە، دانوستانەکە بۆ ماوەی چوار قۆناغ بەسەرپەرشتی راستەوخۆی ئەنقەرە بەڕێوە چوو. بەڵام دواتر بە هۆی هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، ئیتر تووشی چەقین هات. ئێستا، دوای ئەوەی داوودئۆغلو هاتۆتە ئۆفیسی دەرەوە، پێ دەچێت پرۆسەکە سەر لە نوێ دەست پێ کاتەوە. ساڵی ٢٠٠٨ یش، ئەو دیپلۆماتکارەی تورک رۆڵێکی سەرەکی هەبو لە راگرتنی شەڕی ئیسرائیل دژ هەرێمی غەززە.

داوودئۆغلو، کەمتر حەزی لە دەرکەوتنی ناو میدیاکانە. زۆرتر بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ دەئاخڤێت و راوبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام پێ دەچێت، لە ناو دڵ و دەروون و بیردا، لە هەوڵی ئەوەدا بێت وڵاتەکەی نەک تەنیا بەرەو یەکێتی ئەورووپی بەرێت، بەڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش گەشە بە رۆڵە نێودەوڵەتییەکەی بدات. پێ دەچێت، ئەمریکییەکان زۆریان دڵ بەو رۆڵەی داوودئۆغلو خۆش بێت، چونکە بە هەنگاوێکی گەورەی لە قەڵەم دەدەن لە بواری گەشەپێدانی پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان دیموکراسی و ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش وەک مەعلومە بەشداریکردنێکی کاریگەرو ئەکتیڤی دەبێت، نەک هەر لە بواری هاندانی دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمەریکا بۆ دژایەتی کردنی تیرۆرو توندوتیژی، بەڵکو رۆڵێکی گەورەتریش دەبێت لە هاندانی ئاشتەوایی لە نێوان کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و شارستانێتی رۆژئاواییدا.

هەر لە چوارچێوەی رۆڵی ئەو سیاسەتمەدارە تورکەدا، پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین کە لە دوای هێرشەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، ساڵی پار، داوودئۆغلو سەردانی کوردستان و عێراقی کرد بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ کێشەی (پ ک ک) لەو ناوچانەدا. راستە، پرۆسەکە لەو کاتەوەی دەستی پێ کردووە تا ئێستاش، چ بەرئەنجامێکی ئاشکراو کۆنکرێتی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵام بەرپرسانی سیاسی لە هەولێرو ئەنقەرەو بەغدا هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە پرۆسەکە بە رێکوپێکی بەڕێوە دەچێت و، بەم زووانە ئەنجامە باشەکانی دەردەکەون. هەندێک لە چاودێران پێیان وایە سەردانەکەی گول بۆ بەغدا پێش چەند مانگێک و دیدنییەکەی لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی زادەی هەوڵ و کۆششەکانی داوودئۆغلو بوو.

هەر لەو بازنەیەدا، هەندێک لە رۆژنامەنووسانی تورک، پێیان وایە، یەک لە ناوەڕۆکە گرنگەکانی بیروبۆچوونی داوودئۆغلو لەوەدایە کە پێی وایە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی هەرگیز قابیلی تازەبوونەوەییەکی رێکوپێک و کاریگەر نابێت ئەگەر لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیشدا ریفۆرم و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئەنجام نەدرێت، بە تایبەتی لە بواری کرانەوەی زۆرتر بە سەر کوردو ئەرمەن و پێکهاتە ئاینی و ئیتنی و مەزهەبییەکانی ناو تورکیا. هەر لەو دیدەوە، رۆژنامەنووسەکان بە دووری نازانن لە ئایندەییەکی نزیکدا، پرۆسەی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو حکومەتی کوردستان وعێراق بکەوێتە بارێکی گەرموگوڕی تازەوە. هەروەها بە دووری نازانن، لە ناوخۆی تورکیاشدا چەندین هەنگاوی بەرچاو بۆ کرانەوە بەسەر کوردو داواکارییەکانی دەست پێ بکات.

راستە داوودئۆغلو پۆستی سیاسەتی دەرەوەی لایەو کەمتر لە بواری ناوخۆدا رۆڵی دەبێت، بەڵام بە رای شارەزایان، هەمیشە دداوودئۆغلو لە هەڵکەوتەیەکی سیاسی وا دا بووە، کە بتوانێت کار لە سیاسەتی ناوخۆیش بکات. رەنگە یەک لە خاڵە بەهێزەکانی لەوەدا بێت کە نەک تەنیا راوێژکار بووەو ئێستا وەزیرە لە کابینەی ئەردوگان، بەڵکو دۆستێکی زۆر نزیکی سەرۆک وەزیران و گولیشە. لەوەش بەولاتر رەگوریشەی ئەو دۆستایەتیانە دەگەڕێتەوە ساڵانێکی زوو کاتێک ئەردوگان سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵ و گولیش مامۆستای زانکۆ بوو.

بە هەر حاڵ، بزاڤی گۆڕانکاری و ئاساوایی و ئاشتەوایی لە تورکیادا، هیچ کاتێک ئەوەندەی ئەمڕۆ بەهێز نەبووە، یەک لە نیشانەو دەمارەکانی ئەو بەهێز بوونەش لەوەدایە کە داوودئۆغلو، دوای ئەوەی حزبی دادو گەشەپێدانی گەیاندە دەسەڵات و ئینجا دەزگای سوپای قەناعەت پێکرد کە دەسەڵاتەکانی بەسەر حکومەت بکێشێتەوەو رێگە بدات ئیسلام و دەوڵەت لە تورکیادا بچنە بواری ئاشتەوایی، ئێستا گەیشتە وەزارەتی دەرەوە. بگرە، هەندێک لە چاودێران بە دووری نازانن، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، دوای چوار ساڵ، ببێتە سەرۆک وەزیرانیش بۆ ئەوەی پرۆسەکە بگەیەنێتە ئەنجامە کۆتاییەکەی.

**داوودئۆغلو لە دوای دەست بەکاربوونی لە وەزارەتی دەرەوە، رایگەیاند هەوڵێکی گەرم دەدات بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ریفۆرمی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا جێبەجێ بکات، بە ئاراستەی کرانەوەیەکی زۆرتر بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی بەلقان**

# سیستەمی سیاسیی کوردستان پێویستی بە گۆڕانی بنەڕەتییە، یان چاکسازی و پەرەپێدان




ئاسۆ کەریم

Aso2karim@yahoo.com


تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەق نییە گۆڕان و ریفۆرم بۆ سەرگەرمکردن و ڕێ هەڵتەکردن لە خەڵک بهێندرێتە گۆڕێ

هەر یەك لەو چەمکانە گۆڕانی بنەڕەتی (التغییر الجذری)، چاکسازی (ریفۆرم- الاصلاح) و پەرەپێدان (التطویر) ماناو نێوەڕۆك و مەدلول و رەگ و ریشەی خۆی هەیە. هەر نوخبەیەکی دیارکری بەگوێرەی پێگەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان: لە ناسیۆنالیستییەوە بگرە تا ئیسلامی و مارکسی و لیبراڵی، بەماناو مەبەستی جیا- جیا بەکاریان دێنن و تەنانەت جاری وا هەیە بەشێوەیەکی نا دروست و هاکەزایی، یان بەنیازی تێکەڵ پێکەڵکردن، دەعەمەلیان دێنن. هەندەی دیقەت دەدریٚ لە وڵاتی ئێمەدا لە کاتی تەنگژەو کێشەو ئاریشەدا، یان لەساتەوەختی هەڵبژاردندا زێتر بۆ خۆسازدان و خەڵك لەخۆئالآندن بەکار دەبردرێن، ئەم رەوشە، تەمومژێکیشی لە زەینی خەڵکدا دروستکردووە. ئەو چەمکانە پێوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لە چ پێڤاژۆیەکدا و کێ بەکاریان دێنیٚ ئەوە قسە هەڵدەگرن.

گۆڕان بە چ مانایەك باس دەکریٚ، ئایا بەمانای هەڵتەکاندنی هەرچی بنیادو ستراکتوری ئارای دەوڵەت هەیە، بەکار دیٚ؟ ئەگەر ئەو ماناو مەدلوولەی بدرێتە پاڵ لە چەمکی (شۆرش) نزیك دەبێتەوە. واتە کۆمەڵ لە ستاتۆیەکەوە statute بگۆڕیٚ بۆ ستاتۆیەکی تر (وەك عێراقی پێش ٢٠٠٣/٤/٩ و دوای ئەو مێژووە). یان بەمانای گۆڕینی (جزئی) و پیٚ بەپیٚ و لەسەریەك کەڵەکەبوو (تدرج و تراکم) کە لە چاکسازی نزیك دەبێتەوە. ئەوەش، بەمانای دەست پێداهێنانەوەی بنیادو ستراکتوری ئارا، بەشێوەیەك کە باوەگۆی پەرەسەندن، هەلومەرجی گۆڕاوو پێداویستییە نوێیەکانی خەڵك بداتەوە. دەکریٚ چاکسازی هەمەلایەنە بێت، واتە هەموو بوارەکان: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئیداری و ئایینی بگرێتەوە و گۆڕانی بنەڕەتیی لێبکەوێتەوە. دەق ئەوەیان لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران روویدا. یان بوارێك و دووان بگرێتەوە. زێتر ریفۆرم کاری بە ئەدائی دامودەزگاو کاراکردن و میکانیزمەکانەوە هەیە، بەبیٚ ئەوەی دەست لە ستراکتورو بنەماکان بدات. لێرەدا بەپێی هەلومەرجی هەستپێکراو، دەکریٚ نوخبەی حوکمڕان خۆی لەسەریٚ را (واتە بەبڕیارو ئیرادەی خۆی) ریفۆرم بکات، یان بەشێکی ناو حکوومەت بەهاوکاری هێزی تری ئۆپۆزیسیۆن، یان بەناچاری و لەژێر فشاری میللی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی دەرەکی ئەو کارە بکات، یان هێزێکی تری دەرەوەی حکوومەت جڵەو بگرێتەدەست و چاکسازی بکات. ئەو ئەگەرانە هەموویان رێیان تێدەچیٚ. لێرەدا هەڵبەت لێرەدا قسە لەسەر چاکسازیی دیموکراتییە کە لە چوارچێوەی دەستوورو قانوونگەلی ئارادا بکریٚ، بەڵام سەروسیمای پێشکەوتن (ارتقاء) بگرێتەخۆ. هەرچی پێشخستن و پەرەپێدان و مۆدێرنیزەکردنە، ئەوە زێتر نوخبەی دەسەڵات خۆی بانگەشەی بۆ دەکات کە دەکریٚ بە کۆمەکی هێزی تری ناوەکی و دەرەکی جێبەجێی بکات، بەبیٚ ئەوەی دەست لە بنیادەکان بدات و، زێتر دەکارهێنانی زانست و مەعریفەو تەکنەلۆجیای نویٚ لە بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی عەقڵانیی تری سەرچاوەکان خۆدەنوێنیٚ. هەڵبەت دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت، هەر یەك لەم چەمکانە، بەشێوەیەکی رەها لە دووانەکەی تر دابڕاو نییە، لە سۆنگەی ئەمەوە، گرنگە دیقەت لەو خاڵانە بدریٚ: ١- ئەو پێڤاژۆیە (سیاق)ەی کە ئەو یان ئەم چەمکەی تێدا بەکاردیٚ و ٢- کیٚ (چ هێزو لایەن و کەسێك) بەکاری دێنیٚ و چ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیەو هەڵگری چ ئایدیۆلۆجیایەکە و چ پاشخانێکی هەیە ٣- چ ئامرازو شێوازێك (بەشێوازی توندوتیژ، یان بەشێوازی ئاشتییانەو پەنابردن بۆ فشاری میللی، بەیەکجاری یان بەرە-بەرە...) بۆ هێنانەدیان دەگرێتەبەر و ٤- ئەولەویاتەکان چۆن رێکدەخاتەوەو چ بەرنامەیەکی کۆنکرێتی وەك ئەلتەرناتیڤ پێیە.

لیٚ، لەم رۆژانە (کە بەرەبەری هەڵبژاردنە)، هەر کیٚ هەڵدەستیٚ باس لە گۆڕان و چاکسازی دەکات، سەردەمێکیش هەموو کەسیٚ دەمی لە (دیموکراسی) و (کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ) دەداو ببوونە مۆدیل.

هەر یەك لە چەمکی (ریفۆرم، شۆرش)، رەگوریشەی تیوریی خۆی هەیەو لە جیهاندا پراکتیزە کراون. مارکس و ئەنگلز و هزروانی سەر بە قوتابخانەی وان بەشێوەیەك باسیان لەو چەمکانە کردووەو دورکایم و ماکس فیبر و هی تریش بەدیوێکی تردا، کە لێرەدا من نامەویٚ بچمەوە سەریان. لە وڵاتانی ئێمەشدا، ئەو ململانێیە فکرییە دەنگ و سەدا و مۆرکی خۆی هەبووەو لە سیاسەتیشدا (تجلیات)ی هەبووە لە

شێوەی كۆڕو كۆمەڵی حزبی و فیكری جیا-جیا. ئەو ركابەرییە بەردەوام بووەو رەهەندی تری وەرگرتووەو هێزو تەوژمی جیا (لەوانە تەوژمی ئیسلامی) تێكەڵ بووە. بەڵام دەكرێ بە پوختی بڵێین كە باس لە ریفۆرم یان گۆڕان دەكرێ ئەگەر چەمكە (انقلاب)ییە ماركسییە یان ئوسولییەكەی گۆڕان بخەینە ئەولاوە، دەبێت نیاز، نیازی هێنانەدی: ١- ئازادیی سیاسیی ٢- عەدالەتی كۆمەڵایەتی بێ. كەواتە، بە كۆنكرێتی دەبێت لە چ بوارێكدا گۆڕان و ریفۆرم بكرێ و ئەو پرسیارانە بێنە گۆڕێ؟ داخوا چ رەوشێكی نائاسایی و شاز یان (تەنگژە- crisis) لە كوردستاندا هەیە، كە پێویست بە گۆڕان بكات؟ ئایا ئازادیی سیاسی لە كوردستان تا رادەیەكی ماقوڵ هەیە یان نا؟ تەناهی و سەقامگیریی هەیە یان نا؟ لانی كەمی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی هەیە یان نا؟ هەژاری و نەداری هەیە یان نا، ئەگەر هەیە لە چ ئاستێكدایە؟ دزو كەلێن لە شەرعیەتی دەسەڵاتدا هەیە یان نا؟ پەیوەندیی نێوان هەر سێ دەسەڵاتەكەی تەشریعی وتەنفیزی و قەزایی چۆنە؟ دەبێت ئەو پرسیارانە شیبكرێنەوەو بە فاكت وەڵام بدرێنەوەو سەرلەبەریان بەیەكەوە ببەسترێنەوە. سەرباری قسەكردن لەسەر ژینگە (محیط)ی عێراقی و ئەقلیمیی دەوروبەری كوردستان. كەواتە پرۆسەی ریفۆرم، هەم شەرایتی بابەتی خۆی هەیە و هەم شەرایتی زاتی و لە بۆشایی روو نادات و بەربژێرێكی ئیرادەوی ئەم یان ئەو تاقم و بۆ سەرگەرمكردن و رێ هەتڵەكردن لە خەڵك نییە.

دەكرێ بڵێین بەر لە ١٩٩١، بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان لە عێراقدا، بەسروشتی خۆی بزووتنەوەیەكی گۆڕانكاریخوازی رادیكاڵ بووە، چ وەكو ئایدیۆلۆجیا، چ وەكو بنەمای رێكخستن، چ وەكو شێوازی خەبات. دیارە ستراتیج و تاكتیكی قۆناخەكی بزووتنەوەكە، كەزو نابوتكردنی دەسەڵاتی داگیركەر و دەربەڕاندنی بووە لە كوردستاندا. هەرچی لەدەستهاتووە، لە بەرانبەر نەیارو دژمندا، كاری تیرۆریستی لێ دەرچێ، كردوویە. چونكە رژێمەكان بەتایبەتی رژێمی بەعس هیچ بوارێكی قانوونییان لەبەردەمدا نەهێشتبووەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە، بۆ پەیڕەو پرۆگرامی حزبەكانی بەرەی كوردستانی، راستە بەرنامەیان لە هەموو بوارەكاندا (سیاسی، ئابووری، كولتووری، كۆمەڵایەتی...) بۆ قۆناخی دوای رزگاربوون پێ بووە، بەڵام زێتر وزەو توانا لە نەخشەو پلاندانان خەرج دەكرا بۆ مانەوە، لەسەر پێ راوەستان، بەهێزكردنی شۆڕش، سازدانی خەڵك بۆ رووبەڕووبوونەوەو سەركەوتن.

كەواتە پێش ١٩٩١، چەمك و كولتووری گۆڕان (بەمانای رووخاندنی باری ئارا statute quo) باو بووە نەك ریفۆرم و مۆدێرنیزەكردن و پەرەپێدان.

لە پاش نیسانی ١٩٩١، بەناچاری لایەنەكانی بزووتنەوەی سیاسی (بەرەی كوردستانی) دەبووایە بەرنامە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی دژە فڕین No-fly Zone، لە سەرووی هێڵی پلە (٣٦) كە لایەن هێزەكانی (فەرەنسا، ئەمریكا، بەریتانیا، توركیاوە دابینكرا)، دابنێن (ئەو پانتاییە لە ٤٣ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشە پترە و ئەودەمە دانیشتوانەكەی نزیكەی ٣،٥ ملیۆن كەس دەبوو)، بیر لە سیستەمێكی سیاسیی هاوچەرختر لە هی (سەدام) بكەنەوە، بەتایبەتی پاش خۆكێشانەوەی حكوومەتی مەركەزی لە تشرینی یەكەمی ١٩٩٢دا. ئەو ئەركە بەناچاری كەوتە ئەستۆی بەرەو دەبوایە وەڵامی پێداویستییەكانی خەڵك بداتەوەو بكەوێتە بەر تەقڵ و شەقڵی حوكمكردن. ئەوە لەكاتێكدا، كورد تەجرەبەی خۆبەڕێوەبەری Self-rule نەبووە ئەگەر ئەو ماوە كەمەی (حوكمڕانیی مەلیك مەحموود و كۆماری كورستان)ی لێ دەركەین. كەواتە كورد بەگشتی بە نوخبەی سیاسیشەوە، هەندەی بە كولتووری بەرەنگاربوونەوەو شۆڕش ئاشنا و شارەزا بووە، یەك لەسەر دەی ئەوەوە، كاری بە كولتووری بنیاتنان و وڵات بەڕێوەبردن نەبووە.

دیارە لە هەموو وڵاتاندا، دەوڵەتداری، بەبێ رەچاوكردنی جۆری سیستەمی سیاسیی وڵات، كارێكی دامەزراوەییە. هەر زوو، لە سەرەتای راپەڕین، سەرۆك بارزانی ئەوەی بە گوێی خەڵك هەڵدا، كە بەرەی كوردستانی نەهاتووە، خۆی بەسەر خەڵكی راپەڕیودا فەرز بكات. هەرچەندە لایەنەكانی بەرە، پشت ئەستوور بوون بە شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەو مێژوویی خۆیان، بەڵام بۆ وڵات بەڕێوەبردن پەنایان بۆ خەڵك هێناو قانوونی ژمارە (١)یان بۆ هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان) دەركردو لە ١٩٩٢/٥/١٩دا سندوقی دەنگدان بووە ناوبژیوان.

كوردستان، بەسایەی پرۆسەی Provide Comfort وەكو هەر وڵاتێكی دی كە تازە لە كێشەیەكی چەكداری (نزاع مسلح armed conflict-) لەگەڵ رژێمدا هاتبێتەدەر، بۆ خۆبەڕێوەبردن، بە دامەزراوەیی بوون institution. بۆ دانانی هەر سێ دەسەڵاتەكانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی و ئەوجا لێكجیاكردنەوەیان، وەلانانی توندوتیژی و دانان بەیەكتری و ئەمدەست و ئەودەست پێكردنی دەسەڵات، سەربەخۆیی قەزا، پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، چەسپانی حوكمی قانوون بەهەردوو كۆڵەگە سەرەكییەكەیەوە: پرەنسیپی یەكسانی لەنێوان هاووڵاتیان equity و پرەنسیپی هاووڵاتیێتی citizenship، پێویستی بە ماوەیەكی راگوزاری (ئینتیقالی) هەبوو. بە داخەوە، شەڕی خۆ-بەخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨)یشی هاتەسەرو ئاڵۆزیی تری بۆ دروستكردو بۆ ماوەیەك ئەو پرۆسە دیموكراتییە كە هەم بنیاتنانی نەتەوە Nationش بوو، وەستا. ئیدی ئەو ماوە راگوزارییە زۆری كێشاو لەبەر یەك كشایەوە. هەروا لەبەر پێگەی جیو-سیاسیی خۆی لە ناوچەكە، هەرێمی كوردستان هەمیشە لە نیگەرانیی دوای نیگەرانی ژیاوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەوە بێژین كە لە ١٩٩٢/٧/٤دا قەوارەیەكی سیاسی كەمتر لە دەوڵەت Non-state entity ی پێكهێنا و لە ١٩٩٢/١٠/٤دا، یەكتەرەفە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزم دیاریكرد، ئەو دەمە، ئەو بڕیارە جورئەتێكی سیاسی بوو. ئەوە بێ لە بێ دەرامەتی و وڵاتێكی ئەنفالدیدەی وێرانە و بوونی دوو ئابلوقەی كەمەرشكێنی عێراق و UN لەسەر كوردستان. كەواتە خۆبەڕێوەبردن كارێكی ئاسان نەبوو. ئەو قەوارە دیفاكتۆیە De facto بەفریای كورد كەوت لە دوای ٢٠٠٣ چ لە قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە ماوەی ئینیقالی

**كورد، ئەگەر خەونێكی نەتەوەیی مەزنی مابێ، خەونی بە دەوڵەت بوونە**

و چ لە دەستووری هەمیشەییدا، وەکو یەکەیەکی فیدراڵی کە تا ئەم ساتەوەختە تاکە یەکەیە لە عێراقدا، وەکو قەوارەیەکی دی ژور De jure دانی پێدانرا. ئایا دەکرێ ئەوە نادیدە بگیرێ، کێ هزری دەکرد گەلی کوردستان لە ئیبادەکردنەوە ببێتە خودان قەوارەی سیاسیی خۆی؟ پارتی و یەکێتی بە هاوکاری لایەنەکانی تر، ئەو بەرپرسیارەتییەیان هەڵگرت و رەوشیان گەیاندە خاڵی نەگەڕانەوە (اللارجعە-Irreversible). ئەوەیان گەورەترین گۆڕانە، لە دیرۆکی سیاسیی کورددا. ئەگەر کورد لە عێراقدا، خەونێکی مەزنی نەتەوەیی مابێت، ئەوە خەونی بە دەوڵەتبوونە کە وردە- وردە، دینگەکانی دادەمەزرێن و لە زەین و هۆشی خەڵکدا سەرۆك بارزانی بە زیندوویی هێشتویەتیەوە. لێرەدا گەڕاندنەوەی کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکان-م بە خەون دانەنا، چونکە تەکلیفی ئەو ناوچانە زوو یان درەنگ روون دەبێتەوە.

هەڵبژاردنی ١٩٩٢، کە هەم هەڵبژاردنی تێدا کرا بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەم بۆ (رابەر)ی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان. پەرلەمان دامەزرا و حکومەتی بەدواداهات. بەڵام خولی دووەم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەکرایەوە. لە ماوەی ساڵێکدا (١٩٩١- ١٩٩٢)، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی بۆ حوکمەتێکی شەرعی گواستەوە، ئەوە لە کێندرێی دنیا وا بووە. ئەو سیستەمە سیاسییەی کە بناخەی بۆ دانرا، ئەگەر تەواو بکرایە و کۆسپی نەهاتبا رێ، تێکەڵەیەك دەبوو لە سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی (هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆکی هەرێم لە لایەن خەڵکەوە). ئەوەی دوایی لە قانوونی سەرۆکی هەرێمدا، جەختی لەسەر کراوەتەوە. دیارە بەپەسندکردنی دەستووری هەرێم-یش، بیچم و ئەدگارەکانی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا دەردەکەون، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێموایە بەبەراورد لەگەڵ دەستووری عێراق، تۆکمەتر دەبێت. زۆریش شتێکی ئاساییە، دەستووری هەرێم هەندێ تایبەتمەندیی خۆی هەبێت. من ناڵێم تەواو جیاواز، چونکە دەستووری عێراق رێگە بە جیاوازیی قووڵ نادات، بەڵام لە دنیادا، تەجرەبەی چین و هۆنگ کۆنگ لەبەرچاوە، کە ئێستا یەك دەوڵەت و دوو سیستەمی سیاسیی تێدایە. رەنگە کوردستان و عیراق-یش لە دوارۆژ هەرواشی لێ بێت. بەڵام پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە جەوهەری سیستەمی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بریتییە لە سروشتی دەوڵەت (لێرەدا بۆ ئێمە سروشتی ئەو قەوارەیە کە لە دەوڵەت کەمترە)، پێوەندیی نێوان حوکمڕانان و حوکملێکراوان لەسەر چ بنەمایەك هەڵچنراوە، پلەی بەشداریکردنی هاووڵاتیان و نوێنەرایەتی لە دامەزراوەکاندا.

دیارە حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی (پارتی، یەکێتی، شیوعی، سۆسیالیست، پاسۆك، گەل، زەحمەتکێشان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری) هەموو لە هەموو لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و خەباتگێر بوون. لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا، تەنیا پارتی و یەکێتی رێژەی چوونە پەرلەمەنیان هێنا و ئەوانی دی نەگەیشتنە ئەو رێژەیە (٧٪). پارتی و یەکێتی دەشیان وەکو مافێکی خۆیان، بەتەنیا حوکمڕانی بکەن. بەڵام لە کابینەی یەکەمدا، لەبەر زەرورەتی قۆناخەکە، بۆ پاراستنی یەکریزی، لەبەر خەباتگێری و لەبەرچاوبوونی مێژوو و قوربانیدانی حزبەکانی دن، بەشداریی بە (شیوعی، زەحمەتکێشان، بزووتنەوەی ئیسلامی) لە کابینەدا کرا. دواتر ئەو پرەنسیپە (وەکو عورفێکی سیاسی) لە وڵات بەڕێوەبردندا، جێگەی خۆی کردەوە. حزبەکانی تر، بە ئاستی جیا-جیا و هەر یەکە بە قەوارەی خۆی لە تێکرای کابینەکاندا، بەشدار بوون. کەواتە لە کوردستاندا، دیموکراسی بەستایلی نەریتئاسای رۆژئاوایی (ستایلی وێست مینیستەر)، واتە زۆرینەی حوکمڕان و کەمینەی ئۆپۆزیسیۆن وجودی نەبووە.

دیارە ئێمە قسەمان لەسەر هەندێ گروپی توندڕەوی ئیسلامی و کۆمۆنیستیی کرێکاری نییە کە لە بنەڕەتدا، دژی دیموکراسی و بوونی هەر قەوارەیەکی کوردین. کەواتە، لە کوردستاندا، جۆرێ لە (دیموکراسیی تەوافوقی) کە لە هەندێ وڵاتی دنیادا باوە (وەکو ئیسرایل، هۆڵەندا، بەلجیکا.. هی تر...) هاتەئاراوە ویدەچێ بۆ ماوەیەك بەردەوام بێت. چونکە دوای برانەوەی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) و بۆ نەهێشتنی شونەوارەکانی ئەو شەڕە، ئەو مۆدێلە بووەتە زەرورەت. هاوپەیمانێتیی ستراتیجیی پارتی و یەکێتی-یش، بناخەی بۆ ئەو تەوافوقە دانا کە سیستەمی سیاسی لەسەر دامەزراوە. داخوا پێویست دەکا، ئەو مۆدێلە لە بنەڕەتەوە بێتە گۆڕین و مۆدێلێکی تر جێگەی بگرێتەوە وەکو لە (ستایلی وێست مینیستەر)دا باوە، یان چاکسازی تێدا بکرێ و پەرەی پێ بدرێ؟ بۆ ماوەیەك ئەو مۆدێلە (لێرەدا مەبەستم تەوافوقیی پارتی و یەکێتییە) پێویستە، تا بەلانی کەمەوە، نەوەیەك بێتەکایەوە، کە لە کولتوورو ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ دوور کەوتبێتەوەو لە سایەی بەیەکەوەیی و حوکمڕانیی قانوون و بەدامەزراوەبووندا، چاوی کردبێتەوە و پێگەیشتبێت و هەڵبژاردنی لە هەموو ئاستەکاندا لا بووبێتە نەریت. دیسان گرنگە ئەوەش بڵێین ئەو شێوازی تەوافوقییە لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٨١ی ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە (پەرەپێدانی دیموکراسی و پتەوکردنی) دژ نییە.

لە کوردستاندا سیستەمی حزبایەتی بە قانوون رێکخراوە سیستەمێکی فرەییە. راستە دوو حزبی سەرەکی: واتە پارتی و یەکێتی دوو حزبی بە نفووزی جەماوەریین، بەڵام نزیکەی ٢٠ی حزب و گروپی سیاسیی لە کوردستان، لەو پەڕی راستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ بە گوێرەی قانوونی ئەحزاب کاری خۆیان دەکەن. لە هەندێ وڵاتی دنیادا (بۆ نموونە تورکیا)، قانوونی حزبەکان، یان دەستوور رێگەنادات، حزب لەسەر بنەمای ئایینی، یان ئێتنی یان تایەفی دروست ببێ و دەبێت هەر حزب و گروپێکی سیاسی لە ٤٠ پارێزگادا تەشکیلاتی هەبێت، ئەوجا بواری کارکردن و چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی پێ دەدرێ. بەڵام لە کوردستاندا ئەوە پەیرەو ناکرێ کە بێشك ئەوەی کوردستان کراوەترە، بەڵام بەو مانایە نییە کە قانوونی ئەحزاب پێویستی بە دەستپێداهێنانەوە نەبێ. بێ لەوە لە کوردستاندا، ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ حزبە سیاسییەکانی بەشداربووی پرۆسەی سیاسی پێکهاتووە، کە ئۆرگانێکی ترە لە پاڵ دامەزراوەکانی تر، بۆ راوێژکردن و گەڵاڵەکردنی سیاسەت و بڕیاردان. ئەم ئەنجوومەنە خۆی لە خۆیدا، شێوەیەکی

**دوور نییە لە ئاییندەدا، پێوەندی کوردستان و عێراق وەکو پێوەندیی (هۆنگ کۆنگ و چین)ی لێ بێ**

**گەورەترین گۆڕان لە دیرۆکی کورددا، دروستکردنی ئەو قەوارە سیاسییە کەشتێکی ئەوتۆی لە دەوڵەت کەمتەر نییە**

تری بەشـداری سیاسییە کە پرۆسەی (ریفۆرمـی دیموکراتی) لە هەر وڵاتێکدا، بـە لەبەرچاوگرتنـی تایبەتمەنـدەکان، دەیخوازێ..

هـەروا بەشـێکی بەرچـاوی ئازادییە فـەردی و جەمعییەکان بـە قانوون زامن کراون و پراکتیزە دەکرێن. وەنەبێت ئەو بوارە کەموکوڕی تێدا نەبێـت. **بەڵام ماوەیەکی دەوێ تا هەم خەڵـك دەزانن چ مافێکیان هەیەو چـۆن پراکتیزەی مافەکانی خۆیان بکەن و ئەرکەکانی سەرشـانیان جێبەجێ بکەن و چۆن حکومەتیش ببێتە دەستەبەری هەمـــوان.** بۆیە لەلامان سـەیر نەبێت کە دەبینین پێشـێلکاری لەم یـان ئەو بواری مافەکانی مرۆڤدا دەکرێ، بەڵام ئاراستەو سـەمتە گشـتییەکە، ئەوەیە کـە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێ و بپارێزرێـن. ئەی ئەوە نییە لە دوای هەر ڕاپۆرتێکی ئەمنسـتی ئینتەرناسـیۆناڵ یان یونامی یان هــەر ڕێکخراوێکی تری مافەکانـی مرۆڤ، لە باڵاترین ئاسـتدا بەدواداچوونی بـۆ دەکرێ، ئەوە تەنیا لەو وڵاتانـەدا وایە کە لە خەمی سـومعەی خۆیاندان. ئایا دەکرێ ئەو پێشکەوتنەی لەم بوارەدا بووە، نەبینین. لەلایەکی تریشـەوە، ئاماژەیەکی هەرەبەرچاوی پراکتیزەکردنی مافـەکان، بوونی ئازادیـی ڕادەربڕین و بڵاوکردنـەوەو پەخش و خۆنیشـاندانە کە بـە قانوون ڕێکخـراوەو بەشـایەدی زۆر ڕێکخراو و ڕۆژنامەنووسـی بیانی (لەوانە ڕێکخراوی فریـدەم هاوس-ی ئەمریکی)، پێشـکەوتووترین قانوونە لـە ناوچەکەدا. بوونی ئـەو حەمکە ڕۆژنامە، حەفتەنامە، گۆڤار، کەناڵی ڕادیۆیی لۆکاڵ و فەزایی و دەزگاکانی چـاپ و بڵاوکردنەوە کە لە ژمارە نایەن، چ ماناو نیشانەیەك دەبەخشێ؟ ئەوە ڕوویەکی مافە سیاسی و مەدەنییەکان نەبێ چییە، کێ ئەو ڕەوشەی بۆ هەمووان فەراهەم کردووە، ئایا لەم بوارەدا بە بەراورد بە پێش ٢٠٠٠ بەرەو پێش چوون هەبووە یان نا؟ ئاماژەیەکی بەرچاوی تر دابینکردنی لانـی کەمی داهـات و (خزمـات)ە بۆ تـەواوی هاووڵاتیـان، دیـارە ئەوەیش بە چاوگێڕانەوە بە دابەشـکردن (التوزیع)ی داهات دەسـتەبەر دەکرێ کە تیایدا لانی کەمی پێداویسـتییەکانی خەڵکی هەژار بێتـەدی. لەم ڕووەوە، دەکرێ کار لەسـەر کەمو زۆری عەدالەتی ئیجتیماعی بکرێ، بەڵام هاوکات ناکرێ بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵك، ئەو قانوون و ڕێوشـوێنانەی کە دەرهەق بـە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان وەرگیـراون، بایەخدان بە گەنجان و تۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایەتیـی کەمدەرامەتان لەبەرچاو نەگیرێن. وەکـو لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراقـدا دەردەکەوێ ڕێژەی نـەداری لـە کوردسـتان لەچاو ناوچەکانـی تری عێراق، ٥٪ ە لە بەرانبەر ٢٣٪. هەڵبەت بە گرتنەبەری ڕێوشـوێنی گونجـاو و کارای تـر بـۆ بەربەرەکانێی گەندەڵی (لەوانە دامەزراندنی دەسـتەی نەزاهە و پێڕەوکردنی زێتری شـەفافیەت و لێپێچانەوە) و ڕێکخستنەوەی ئەولەویاتەکان و بایەخـدان بـە کەرتی کشـتوکاڵی و گەشـتوگوزار و وەبەرهێنان لە بوارەکانی تردا، دەشـێ ئەو ڕێژەیە کـەم بکرێتەوە و کوردسـتان ببێتە وڵاتێکی خۆشگوزەران و بەیەکجاری هەژاری تێدا نەمێنێ.

هەر چەنـدە، بەگوێرەی ئاگاداری خۆم، لە گەڵاڵەنامەی دەسـتووری هەرێمدا، کە هێشـتا پەسـند نەکراوە، فەسڵێی (٣)ی ڕەشنووسی دەسـتوور بۆ نەتەوەکانی تری کوردسـتان (تورکمان، کلدان- سـریانی- ئاشووری، ئەرمەن و عەرەب) تەرخانکراوە کـە هەموو گەرەنتییەکی دەسـتووری بۆ پراکتیزەکردنی مافە سیاسی و کولتووری و ئیدارییەکانـی تێدایـەو زۆر زیاتـرە لەوەی کە لە دەسـتووری عێراقدا هاتووە. هەروا لـەوەش زێترە کە مـاددە (٢٧)ی بەڵێننامـەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسـیییەکان (لە ١٩٦٦دا پەسندکراوە) داوای دەکات و عێراق وەکو دەوڵەت پەسندی کردووە، یان پرەنسـیپی جیـاکاری نەکردن کـە لە ڕێککەوتننامـەی نێودەوڵەتیی بۆ نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی، یان جاڕنامەی ساڵی ١٩٩١ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کۆمافی کەمینەکان و لە دۆکیومێنتەکانی تردا چەسـپێندراوە. بەکردەنیـش، لـە دوای ١٩٩٢-ەوە، ئـەو نەتەوانە مومارەسـەی مافەکانیان دەکەن و دەکـرێ بڵێین لە تـەواوی ناوچەکەدا، کوردستان وەکو مۆدێلێکی بەیەکەوەژیانی ئاشـتییانە، مۆدێلێکی هەرە پێشکەوتووە. لەو دەورەیەی دادێی پەرلەمانیش، کۆتا بۆ تورکمان، مەسیحییەکان و ئەرمەنەکان بە ٥ بە ٥ بە ١ کورسی دانراوەو لەنێوەخۆیاندا بۆ پڕکردنەوەیان ڕکابەری لەسەر دەکەن. دەکرێ لە ئایندەدا هەمان سیستەم بۆ عەرەبەکانی کوردستان-یش پەیڕەوبکرێ.

تـا ئێسـتا (١٥) وڵات ئۆفیـس و قونسـڵگەری خۆیان لە هەولێر کردۆتەوەو هیدیـش بەڕێوەیە. ئەوەش ئـەو ئاماژەیە بەدەسـتەوە دەدا، کە ئەو وڵاتانە دەیانەوێ پێوەندیی دیپلۆماتی و سیاسی و بازرگانی و کلتوورییـان لەگـەڵ هەرێمێکدا هەبێت کە خاوەن سـتاتۆیەکی سیاسی- قانوونیی تایبەتـە. ئەرێ ئەو کرانـەوە نێودەوڵەتییە لەڕاسـت هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئێمەی کورد بە جۆرێ لە داننان حسـێب ناکرێ؟ ڕەنگـە شـارەزایەکی بـواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بڵێ کردنەوەی قونسلگەری زێتر بۆ کاری بازرگانی و کلتوورییە نەك شـتی تر. ئەوە ڕاسـتە، بەڵام کردنەوەی قونسڵگەری لە هەلومەرجی تێکچڕاوی عێراق و ناوچەکەدا، ئەو دەلالەتەیشی هەیە کە لەسـەرەوە ئاماژەم بۆ کرد و لە دنیای ئەمـڕۆدا کاری دیپلۆماتـی وەکو جاران نەماوەو لە پاڵ دەوڵەت- نەتەوە nation-state، قـەوارەی کەمتـر لـە دەوڵەت non-state entity خزاونەتە ناو ئەو پێوەندییانـەوەو ئەوەش لەگەڵ جیهانگیری و ئەو گۆڕانەی بەسـەر پرەنسیپی سیادەدا هاتووە، دەگونجێ.

وەنەبێـت هەموو دینگـەو پایەکانی ئەو قەوارە کەمتر لە دەوڵەتەی کوردستان تۆکمەو دامەزراو بن و لە خەم ڕەخسیو بن: هەنووکە داخوازی یەکخستنەوەی پۆلیس، ئاسایش و پێشـمەرگە بۆتە مەتڵەبێکی بنەڕەتی. دەسـتووری عێراق-یش ئـەو مافەی بە هەرێم داوە، بۆ پاراستنی تەناهیی ناوەکی خۆی هێزی تایبەت بە خۆی هەبێت. ئەم ئەرکە، یەکێکە لە ئەرکە سەردەسـتەکانی کابینەی داهاتووی حکوومەت و دەبێت بە جیددی کاری بۆ بکرێت. لەتەك تەواوکردن و مۆدێرنیزەکردنەوەی سیسـتەمی سیاسی کە بەرە-بـەرە دامەزراوەیی بوون جێگەی (شخصنە) بگرێتەوە و لە کابینەی داهاتوودا جێگەو ڕێگەیەکی تەواو بۆ دابەشکردنەوەی داهات و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە کە بپێوایە دیسان هەر (پارتی و یەکێتی) شایانی ئەوەن، ئەو بارە بەبەرپرسیارەتییەوە هەڵبگرن.

**مۆدێرنیزەکردنی سیستەمی سیاسی و دابەشکردنەوەیەکی عادیلانەی داهاتەکان هەر بە پارتی و یەکێتی دەکرێ**